## پێشەکی:

هەڵبەتە فۆلکلۆر دەریایەکی قوڵە و پڕە لە لوئلوئو و یاقوت و زمڕوت و بەردی بە بەها و بەنرخ. هەرچەندە بەناو ئەم دەریایەدا بگەڕێی و لەچینەکانی ژێرەوەی کنە و پشکنین بکەی، بەردی گرانبەها دەدۆزیتەوە. هەموو میللەتانی سەر ڕووی زەمین دەمێکە هەوڵیان داوە فۆلکلۆری خۆیان کۆ بکەنەوە، کوردیش ئەم هەوڵەی داوە و ساڵانێکی زۆرە بەشێك لە فۆلکلۆرەکەی کۆکردووەتەوە، بەڵام ئێستاش زۆری ماوە.

ئەدەبیاتی فۆلکلۆری (سریان) زۆر بەکەمی کۆکراوەتەوە؟ لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو نووسەرانەی کە دەنووسن و دەخوێنن، خوێندەواریان لە قوتابخانە کوردیی و عەرەبییەکاندا بووە و زیاتر سەرقاڵی نووسینن بەزمانی کوردی یاخود عەرەبی... هد، ئەو هەوڵە سەرەتاییەی ئێمەش، دەروازەیەکە بۆ کۆکردنەوەی فۆلکلۆری (سریان) هەرچەندە لەشوێنی تریشدا هەوڵ دراوە و شت کۆکراوەتەوە، بەڵام ئەم هەوڵەی ئێمە، دەتوانیین بەیەکەم هەوڵی دابنێین کە ڕاستەوخۆ لە تێکستە سریانییەکانەوە وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی کوردی.

بیرۆکەی کۆکردنەوەی ئەم حیکایەتانەش ئەوە بووە: کاتێ منداڵ بووم، ئەو کات مۆبایل و ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر نەگەیشتبووە لای ئێمە، تەنها تەلەفزیۆن هەبوو، ئەویش ڕۆژێ جارێك یان بەچەند ڕۆژ جارێك بەرنامەیەکی منداڵانمان دەبینی، دایکم (بەفرین عەزیز) لەماڵەوە ئەم حیکایەتانە و چەندانی تریشی بۆ دەگێڕاینەوە. یاخود هاوینان کاتێ بەکاری کشتوکاڵ و توتنەوانییەوە خەریك بووین، ئەم حیکایەتانەی بۆ دەگێڕاینەوە. ئەوکات تەمەنم (١٠– ١٤) ساڵان بوو، دواتر ژیانمان بەشێوەیەکی تر وەرچەرخا و خەریکی خوێندن بووین

و ئیتر ئاگام لەم حیکایەتانە نەما. ساڵی ڕابردوو بیرۆکەیەکم بۆهات بۆ ئەوەی ئەم حیکایەتانە کۆبکەمەوە، بۆیە بە دایکمم گوت: دەمەوێ ئەم حیکایەتانە بنووسمەوە و دواتر لەزمانی سریانییەوە وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی... سەرەتا ناونیشانی حیکایەتەکانم لێوەرگرت و تۆمارم کردن، ئەویش ناونیشانی ئەم حیکایەتانەی کە لەبەردەستاندایە و هەندێکی تریشی پێدام، بەڵام کاتێ دەمان ویست تۆماریان بکەین، تەنها ناونیشانەکەی دەزانیی و حیکایەتەکەی لەبیر چووبۆوە، چونکە نزیکەی پازدە بۆ بیست ساڵ دەبوو نەیگێڕابوونەوە، لەوانەش حیکایەتی (سەعید و سەعدون) و (دێوی ڕەش و دێوی سپی) و... هد.

بەچەند هەنگاوێك حیکایەتەکانم تۆمار کرد. شەوانە پێکەوە دادەنیشتین و یەك لەحیکایەتەکانی بۆ دەگێڕامەوە. لەزۆر شوێن، ڕادەوەستا و هێندێ شتی بەبیر نەدەهاتەوە، من بەبیرم دەهێنایەوە؟ چونکە کاتی خۆی بیستبووم بۆی گێڕا بوومەوە، جاری واش هەبوو منیش بەبیرم نەدەهاتەوە، پێم دەگوت: ئاساییە خۆت سەغرەت[1] مەکە لەخوشکەکەت بپرسە، بۆ ڕۆژی دوایی، یان پاش چەند ڕۆژێك، دەچووە لای خوشکەکەی کە ناوی (بەهار عەزیز)ە، بۆی دەگێڕایەوە و ئەویش هەندێ شتی بەبیر دەهێنایەوە، دواتر شەوێکی تر دادەنیشتین و حیکایەتەکەم تۆمار دەکرد. واتا ڕاستەوخۆ حیکایەتەکانم تۆمار نەدەکرد، بەڵکو جارێکی تر بۆی دەگێڕامەوە و پێم دەگوت: تاسبەی شەوێ، بیری لێ بکەوە بزانە ئەوەی بۆت گێڕاوەمەتەوە هەر ئەوەندەیە، یاخود چەند جومگەیەکت لەبیر

١- سەغرەت: سەخڵەت، سەغڵەت، ناڕەحەت، بێتاقەت

کردووه، بەم شێوەیە لەبەرواری (٦/١٠/٢٠١٠) تا (١٢/١١/٢٠١٠) واتا لە ماوەی سیی و شەش ڕۆژدا، ئەم حیکاتانەم تۆمار کرد.

هەرچەندە هەست دەکەم کاتی خۆی کەبۆی گێڕاومەتەوە، هەندێ لەحیکایەتەکان دوور و درێژتر بوون و لە ڕووی وەسفیشەوە، هەستم دەکرد زیاتر وەسفی شوێن و بەسەرهات و کەسەکانی دەکرد، بەهەرحاڵ ئەوەندەی پێم کرا، هەوڵم لەگەڵدا و تۆمارم کردن و ئەوەی لەبیریشم مابوون، دەمخستنە سەر و توانیم لەفەوتان ڕزگاریان بکەم.

سەبارەت بەحیکایەتەکان (بەفرین عەزین) هەرهەمووی بەزمانی سریانی بۆ گێڕاومەتەوە، تەنها لە چەند جومگەیەك و لە شیعرەکانی نێو حیکایەتی (مەم و زین)دا نەبێ کە بە زمانی کوردی بۆی گوتووم. بێگومان هەموومان دەزانین، (مەم و زین) داستانێکی دڵداری کوردییە، بەڵام کەهاتووەتە فۆلکلۆری (سریان)ییەوە، ئەوا جۆری بەسەرهات و گێڕانەوەکان گۆڕاون. یاخود حیکایەتی دروستکردنی (پردی دەلال) کە زۆربەمان دەیزانین، بەڵام جۆری گێڕانەوەکانی جیاوازن، بۆیە ئەمەش بووەتە بوارێکی باش بۆ لێکۆڵەران کە بەراورد بکەن لەنێوان هەردوو گێڕانەوەکاندا. وەك چۆن (لەیلا و مەجنوون) بەسەرهاتەکان لەناوچەیەکی عارەب نشین ڕوویان داوە و دەکەوێتە خانەی ئەدەبیاتی عەرەبییەوە، بەڵام کە هاتووەتە فۆلکلۆری کوردیی و فارسییەوە، هەریەك بەشێوەیەك بەسەرهاتەکانی دەگێڕنەوە و بووە بە بەشێك لەئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردیی و فارسی. چونکە ڕەنگ و ڕووی خۆیان گۆڕیووە و بەشێوەیەکی تر پیشان دراون.

هێندێ سیما و خاسیەتی هاوبەش لەنێوان هەندێك لەحیکایەتکاندا هەیە، لەوانە: بەکارهێنانی ژمارە لەنێو بەشێکی زۆری حیکایەتەکاندا، وەك: ژمارە حەوت، حەوت دێو و حەوت کچ و حەوت کوڕ، حەوت ساڵ، حەوت ڕۆژ... هد. شوکردنی کچی هەموو

پاشاكان، به مەرجی زۆر قورسە. پیرێژن و پیاوی بەتەمەن، هەمیشە لەم حیكایەتانەدا ڕۆڵیان هەبووە لە بەخشینی زانیاریدا، وەك: دونیادیتە و شارەزا وان و كەڵكیان لێوەرگیراوە.

(خدری زندە) لەزۆر شوێنی ئەم حیكایەتانەدا هاتووە و ڕۆڵی خێر و چاكە و ڕێپیشاندەری بینیوە، (حەمبو شایا) و (دێو و درنج)یش لەهەندێك حیكایەتەكاندا، بوونیان هەیە... لەكاتی وەرگێڕانیش دا بە ئەنقەست هەندێك دەنگ و وشەی ناوچەیم بەكار هێناوە،بۆئەوەی تام و بۆی فۆلكلۆریانەی پێوە بێت و چێژ بەخش بێت.

هیوادارم توانیبێتم بەم كارەم كەڵكێك بە ئەدەبیاتی (سریان) و ئەدەبیاتی (كورد) بگەیێنم و خوازیارم لەداهاتوودا بەزمانی سریانیش ئەم حیكایەتانە بڵاو بكەمەوە.

هاوژین صلیوە

٢٠١١/٦/٢٥

# خـوشـكـه نـهسـيـمۆ

هـهبوو نـهبوو لـهخوا گـهورهتر نـهبوو، لـه مـرۆڤیش درۆزنـتر نـهبوو[١] وهك دهگێڕنـهوه، خوشـكه نهسـيمۆ، خـهڵكی گونـدی ههرمۆتـه بـووه، لهبنهماڵهی (كۆره)[٢] بووه، ڕۆژێك چووهته سهر كارێزان بۆ هێنـانی ئـاو و ئیدی نهگهڕاوهتهوه!! لهنێو گوندی، دهنگۆی ئـهوه بڵاودهبێتـهوه كـه خوشكه نهسيمۆ لهلایهن چهند عارهبێكهوه ڕفێندراوه.

بـرا گهورهكـهی خوشـكه نهسـيمۆ بـۆنی خوشـكهكهی لـهخۆ دا و گـوتی: دایـه، زاد[٣] و زهخـیرهی حـهوت سـاڵ و حـهوت ڕۆژم بـۆ ئامـاده بكه، دهڕۆم بهدوای خوشكه نهسيمۆ و ههر دهیدۆزمهوه.

دایكـی گـوتی: ڕۆڵـه ئـهی ژن و منداڵـهكانت چـی لـێ دهكـهی؟ نـابێ بڕۆی، بهههزار بهیت و باڵۆره[٤] دایمركاندهوه[٥].

لهولاشهوه برای ناوهنجی خوشكه نهسيمۆ، چوست و چالاك، وهك شمشـێری لـهكالان هەڵكێشـراو، چـووه سـهربان و بـۆنی (خوشـكه نهسـيمۆی) لـهخۆی دا و گـوتی: دایـه، زاد و زهخـیرهی حـهوت سـاڵ و

---

١- لـه دهسـتپێكی زۆر حیكایـهتی كوردیـدا دهوترێـت (هـهبوو نـهبوو، كـهس لـهخوا گـهورهتر نـهبوو) ئینجا دهست بهگێڕانهوهی حیكایهتهكه دهكرێت، بـهڵام لهگێڕانـهوهی ئـهم حیكایهتـه سـریانییهدا شـێوهكه جیـاوازتره و دوای ئـهوهی كـه دهوترێـت (هـهبوو نـهبوو، كـهس لـهخوا گـهورهتر نـهبوو) دهوترێت (لـهمرۆڤیش درۆزنـتر نـهبوو) بـهو مانایـهی كـه مـرۆڤ بوونـهوهرێكی قسهكهره و كهم و زۆر ههر ئهو درۆ دهكات.

٢- گونـدی ههرمۆتـه لـه پێـنج بنهماڵـه پێـك هـاتووه، كـه بـریتیین لـه (كـۆره، كهریمـه زهرد، كهریم قهساب، عهوداره، ئسوله)

٣- زاد: زهواد، قووت، خواردن

٤- باڵۆره: جۆره گۆرانییـهكی فۆلكلـۆری كوردییـه لـهنێوان كـوڕان و كچان دهگـوترێ، واتـا گوتن و گێڕانهوهی تێدایه

٥- دایمركاندهوه: قهناعهتی پێ كرد.

حــەوت ڕۆژانم بــۆ ئامــادە بکــە، ئــەمن دەڕۆم و خوشــکە نەســیمۆی دەدۆزمەوە.

دایکی گوتی: دەستگیرانەکەت داوای تۆم لێدەکا، چی بکەم؟ زۆر هــەوڵی دا، بــەڵام دایکــی ساردی کــردەوە، قســەی دایکــی نەشــکاند و دانیشت.

برای چوست و چالاك و بچکۆڵە
سەری وەك زەردەواڵە و زەنگەزوورە
پێدا هەڵزنا بەدیوار و چووە بانێ
بۆنی خوشکە نەسیمۆی دا لە گەردەنێ[1]

گــوتی: دایــە، ئــەمن نــە دەســتگیران هەیــە و نــە ژن و منــداڵیش، هەردەبێ بەدوای خوشکەکەمدا بچم.

دایکیشی زاد و زەخیرەی حەوت ساڵ و حەوت ڕۆژانــی بــۆ ئامادە کــرد و ملــی ڕێگــای گــرت و ڕۆیــی... ڕۆیــی، ڕێگایــەکی زۆری بــڕی لــە پێدەشــت و قــاقڕ[2] و چــۆڵەوانی، تــەواو مانــدوو و کفــت بــوو، گەیشــتە پیاوێك، تەواو سەرنجی دا و دیتی ئەوە (خدری زندە[3]) یە!

سوژدەی بۆ برد و پێی گوت: ئەی خدری زنــدە پــێم بڵــێ کــام ڕێ، ڕێی هاتە، کام ڕێگاش ڕێگای هاتونەهاتە؟[4]

---

١- (بەفرین عەزیز) ئەمەی بەشێوەی لاوانەوە و دەنگهەڵبڕین دەگوت.

٢- قاقڕ: بیابان: چۆڵەوانی

٣- لەنێو تورکەکاندا (خدری زیندە) کەسێکە بەهەر شوێنێکدا بڕوات، ئەم شوێنە دەبێتە سەوزایی! لەنێو (کورد)یشدا (خدری زندە) ئەو کەسەیە کە لەکاتی لێقەوماندا، هاوکاری خەڵك دەکات. دیارە بۆ ئەم حیکایەتە کەڵك لە کولتووری کوردەواری بینراوە؟ چونکە لەکاتی لێقەوماندا ئەو شەخسە بەکەڵکی برای خوشکە نەسیمۆ هاتووە.

٤- ڕێگای هاتونەهات لە نێو حیکایەتی کوردییدا بوونی هەیە.

خدری زندە هەردوو ڕێگاکەی پیشان دا، ئەویش بەرەو ڕێگای نەهات ملی دایە و ماوەیەکی زۆری بڕی!!

چەندان ساڵ و مانگ بەڕێگاوە بوو، هێز و توانا و بڕستی لێبڕابوو، بەلاکەلاك خۆی گەیاندە نزیك کارێزێك و لەبن سێبەری درەختێك پاڵ کەوت. ئەوەندەی زانی ژنێك مەسینەیەکی پێ بوو، بەرەو ڕووی کارێزەکە دەهات، کاتێك ئەو کەسە غەریبەی دیت، بەو شێوە هیلاك و شەپڕێوییە! بەشێوە و جلوبەرگی، ناسییەوە کە خەڵکی وڵاتی خۆیان نییە، پێی گوت: ها چ دەکەی ئەی کەسی بێگانە و غەریب؟ بڕۆ ئەو ناوە چۆڵ بکە، سبەی دووەی دەمریی و مەیتەکەت ئەو ناوەی بۆگەن دەکا.

ئەویش بەژنەکەی گوت:

کە مردم
با پارچە پارچەم بکەن سەگەکانتان
دادڕدادڕم کەن پشیلەکانتان
کفن و دفنم کەن قەشەکانتان
تەراتیلم بۆ بخوێنن شەماسەکانتان[1]

ژنەکەش وەڵامی دایەوە و گوتی:

سەگمان سەگی ڕاوشکارە
پشیلەمان پایەدارە
چاو نابڕنە گۆشتی بۆگەنی بن ئەم دارە.

---

١- (شەماس) ئەو کەسەیە کە لە کڵێسەدا و لەمەراسیمی ئایینی و لە خوێندنەوەی هەندێ پەڕاوی ئینجیلدا، هاوکاری قەشە دەکات. بۆ نموونە (سێوە)ی هونەرمەندی مەقامبێژ، (شەماس)ی کڵێسە بووە.

ژنەکە ڕۆیشت و چووە لای ئاغاژنەکەی کە خوشکە نەسیمۆ بوو، ئەویش لێی پرسی: بۆ ئاوا درەنگ گەڕاییەوە؟ گوتی: چی بڵێم؟! بێگانەیەك لەسەر ڕێی کاریزان لێی کەوتبوو، هێندێك قسەم لەگەڵ کرد و دواکەوتم.
بەکارەکەرەکەی گوت: ئێستا دەچی تێر ئاوی ساردی دەدەیتێ و ئەو ئاوەی لەو زیاد بوو، بۆم دەهێنی.
ژنەکە چوو ئاوی دایە و ئەو ئاوەی لێی زیاد بوو، بۆ ئاغا ژنی هێنایەوە.
ئاوە زیادەکەی ڕۆکردە سەر دەستەکانی ئاغا ژن و ئەنگوستیلەیەك کەوتە ناو دەستی! سەری سوڕما و پێی گوت: ئەوە چت کردووە، مرۆڤت کوشتووە! پێم بڵێ!؟ دزیت کردووە! چیت کردووە؟! پێم بڵێ؟!
ژنە کارەکەرەکەش دەڵێ: هیچم نەکردووە، تەنها لەسەر فەرمایشتی بەڕێزتان، ئاوم داوەتە ئەو کەسە غەریبەی کە دیتومە.
خوشکە نەسیمۆش بەگەڵی دەکەوێت و بۆ لای کەسە غەریبەکە دەچێت، بەڵام نایناسێتەوە و نازانێت کە ئەوە براکەیەتی. پێی دەڵێ: ها کەسی غەریب و بێگانە چ دەکەی لێرە؟! سبەی دووسبەی دەمریی و جەستەت ئەو ناوەی بۆگەن دەکا، ئەویش وەڵام دەداتەوە و دەڵێ:

ئەگەر مردم
با پارچە پارچەم بکەن سەگەکانتان
دادڕدادڕم کەن پشیلەکانتان
کفن و دفنم کەن قەشەکانتان
تەراتینم بۆ بخوێنن شەماسەکانتان
خوشکە نەسیمۆش وەڵام دەداتەوە و دەڵێ:
سەگمان سەگی ڕاوشکار

پشیلەمان پایەدار
ناخۆن گۆشتی بۆگەنی بن دار.

خوشکە نەسیمۆ پێی دەڵێ: پێم بڵێ چت کردووە؟ کێت کوشتووە؟ چت دزیوە؟ چ تاوانێکت کردووە؟!

ئەویش وەڵام دەداتەوە دەڵێ: هیچم نەکردووە.

خوشکە نەسیمۆ دەڵێ: ئەی ئەو ئەنگوستیلەیەت لەکوێ هێناوە؟

ئەویش دەڵێ: ئەو ئەنگوستیلەیە هی خوشکە نەسیمۆیە.

دەستەسڕەکەی خوشکە نەسیمۆی پێبوو، خستیە سەر چاوەکانی.

خوشکە نەسیمۆ دەڵێ: هەتا ئێستا ئەنگوستیلەکەمت لەلابوو، ئەی ئەو دەستەسڕەت لەکوێ هێناوە؟

ئەویش دەڵێ: ئەو دەستەسڕە، دەستچنی خوشکە نەسیمۆیە، ئەو خوشکەی کە عارەب بەرەو وڵاتی غوربەتیان برد!

خوشکە نەسیمۆ دەڵێ: ئەتۆ چی خوشکە نەسیمۆی؟

ئەویش دەڵێ: خوشکە نەسیمۆ خوشکمە و من برا چووکی[1] نەسیمۆم.

هەر کە خوشکە نەسیمۆ زانی براکەیەتی، باوەشیان پێکدا کرد و تێر گریان و یەکتریان بۆن کرد و یەکتریان ماچ کرد.

خوشکە نەسیمۆ گوتی: ئەی برا شیرینەکەم ئەوا دەتبەمەوە ماڵێ، حەوت شەو و حەوت ڕۆژ دەتشۆم، حەوت شەو و حەوت ڕۆژیش دەردی دڵی خۆمت بۆ دەڵێم، دوای ئەو شتانە، یاخوا منیش حەوت ڕۆژان نەژیم.

---

١- چووک: بچووک، گچکە

برای خوشکه نەسیمۆ هێندە بێدار و بێبار ببوو، قاچەکانی وەك قامیش وشك هەڵاتبوون و دەست و بازووی لاواز و دەم و ڕوومەتی قوپا و پشت کۆماوە ببوو.

خوشکە نەسیمۆ براکەی بردەوە ماڵێ و حەوت شەو و حەوت ڕۆژ شوشتی، حەوت شەو و حەوت ڕۆژیش خواردنی دایە و خزمەتی کرد، بەڵام براکەی هێندە خەستە[1] و ڕاشکاو بووبوو، دوای ئەو ماوەیە مرد!! خوشکەکەشی پاش حەوت ڕۆژ لەدوای مردنی براکەی، وەزگی[2] دا و مرد و لە وڵاتی غەریبی لەتەنیشت یەکتر ناشتیانن!

هەرچەندە خوشکە نەسیمۆ نەگەڕایەوە زێدی خۆی و بەهۆی برایەکەیەوە مرد و ئەویش وەزگیدا، بەڵام برا بچووکەکەی بەئاواتی دڵی خۆی گەیشت و پاش ئەو هەموو ماندووبوون ڕێگا کوتانە، توانی خوشکەکەی بدۆزێتەوە و تێر بۆنی بکات و بۆ هەتاهەتایەش گۆڕەکەیان لەتەنیشت یەکتر بێت.

منیش لەولا هاتمەوە و کراشم[3] دڕاو هیچم پێ نەبڕا.[4]

---

١- خەستە: نەخۆش، نەساغ

٢- وەزگ: مردنێك کە لە ئاکامی داخ و خەفەتەوە بێت.

٣- کراش: کڵاش. زۆرجار لەبری (کراش) وشەی (کراس)یش دەگوترێ.

٤- وەك زۆربەی حیکایەتی فۆلکلۆری کوردی، حیکایەتخوان بەم دەربڕینە کۆتایی بە حیکایەتەکەی دەهێنێت.

# مـەلـۆتـکـە

**لەناوچـەیەکدا دووبـرا ئـەبن، یـەکێکیان زۆر دەوڵەمەنـد دەبێـت و دەبێت بە پاشا، براکەی تریشیان زۆر هـەژار و نـەدار دەبێت و دەبێتـە گـاوان. بـرا دەوڵەمەندەکـە هـیچ بەهایـەك بـۆ بـرا هەژارەکـەی دانـانێ و هەر بە براشی نازانێ!؟**

**خـوا کوڕێـك دەداتـە بـرا هەژارەکـە و کوڕەکـەی مەلۆتکـە دەبێـت لەشـێوەی پەرجوویـەك[1] واهەڵدەکـەوێ ڕاسـتەوخۆ قسـە دەکـا و داوای ئەوە دەکا ژنی بۆ بهێنن. کەسووکار و خەڵکی ئەوەیان زۆر پـێ سـەیر دەبێ! مەلۆتکە داوا لەبابی دەکا بچێتە خوازبێنی کچی پاشا[2]؟**

**بابیشی دەڵێ: بەخوا ناوێرم بچم! چۆن بچم؟ ئەوان ژن چۆن دەدەن بەئێمە؟! ئێمە هەژار و نەدار و گاوانین.**

**بـەڵام مەلۆتکـەی کـوڕی، هـەر داوای ئـەو کچـە دەکـا، بابیشـی بەناچاری بـۆ ڕۆژی دوایـی دەچێتە دیوەخـانی پاشـا و لەبـەردەرگای دیوەخـان لەسـەر پێڵاوەکـان دادەنیشـێ، پاشـاش دەڵـێ: دەبـزانن ئـەم گاوانە چی دەوێ؟ ئەگەر برسییە تیلمە نانێکی بدەنێ.**

**کابرای گاوانیش دەڵێ: هیچ برسیم نییە و نانم ناوێ.**

**چەندی هێنا و بردی و بیری لێکردەوە، لـەڕووی نـەهات ئـەو داوایە بـە پاشـا بڵێـت. هەسـتا و ڕۆیـی، کـە گـەڕایـەوە ماڵـەوە، ڕاسـتـەوخۆ مەلۆتکە بەحەپەساوییەوە دەپرسێت ها بابە چیت کرد؟**

---

١- پەرجوو: موعجیزە: موجیزە

٢- هەرچـەندە ئـەم حیکایەتـە ئەفسـانەییە، بـەڵام حیکایـەتخوان بەکاریگـەری کولتـووری دەوروبەری ئەمەی داڕشتووە. لەنێو مەسیحییەکاندا بەتایبەتی مەسیحییەکانی ئێراق، ئامۆزا ناهێنن و کچی مام وەك خوشك سەیر دەکرێت. لـەڕووی زانستیەوەش کچە مام و خزمی زۆر نزیك زۆر گونجاو نییە بۆ مناڵبوون و وەچە خستنەوە بەشێوەیەکی تەندروست.

بابیشی دەڵێ: بابە نەیان داینێ.

مەلۆتکە دەڵێ: بابە ئەتۆ نەچوویت، ئەگەر چووبیشی ئەوا قسەت نەکردووە، دەبێ سبەینێ هەر بچی.

بابیشی بۆ ڕۆژی دوایی، دەچێتەوە دیوەخانی پاشا و لەدڵی خۆیدا دەڵێ: قسەی خۆم دەکەم، ئەگەر دایانمێ باشە، ئەگەر نەیاندامێ، دەسەڵات چییە؟

کاربەدەستانی پاشا دەڵێن: ئەرێ پاشا ئەو گاوانە چی دەوێ ئەوە دوو سێ ڕۆژە دێت و دەچێت و لەسەر ئەو پێڵاوانە دادەنیشێ!

پێی دەڵێن چیت دەوێ؟

هیچ قسەناکات!

پێی دەڵێن: برسیتە؟

دەڵێ: نانی ناخۆم!

نازانین بۆچی دێت؟! پاشا بانگی دەکاتە ژوورێ و لێی دەپرسێ بۆچی دیسان هاتوویەتە ئێرە؟ ئەمیش دمی دەکاتەوە و ڕازی دڵی خۆی بۆ پاشا دەردەبڕێ و دەڵێ: هاتووم بۆ خوازبێنی کچەکەت.

پاشا دەست دەکا بە قاقای پێکەنین و دەڵێ: ئەتۆ گاوانی باشە کوڕت لەکوێ بوو؟!

ئەویش دەڵێ: ئەمن کوڕم هەیە.

وەزیر و گزیر هەمووی واقیان وڕ دەمێنێ و دەڵێن: ئەتۆ کوڕت نییە.

ئەویش دەڵێ: ئەمن کوڕم هەیە، بۆیە هاتوومەتە خوازبێنی.

وەزیر و بەردەستەکان فسکەیەك لەبن گوێی پاشای دەکەن و دەڵێن: چەند مەرجێکی لەسەر دابنێ، بزانە ئەو مەرجانەی پێ جێبەجێ دەکرێ؟

پاشا: باشە ئەمن کچەکەم دەدەم بە مەلۆتکەی کوڕت، بەڵام چەند مەرجێکم هەیە، دەبێ مەرجەکان جێبەجێ بکرێن، ئینجا کچەکەم دەدەم بەکوڕەکەت.

بابی دەچێتە ماڵێ، بە مەلۆتکەکەی دەڵێ: قسەی خۆم کرد، بەڵام پاشا دەڵێ: مەرجم هەیە و دەبێ جێبەجێ بکرێن.

مەلۆتکەش دەڵێ: قەیناکا، سبەینێ بچۆ بزانە مەرجەکانی چین.

بۆ ڕۆژی دوایی بەجلوبەرگی پەڕپوتەوە، دەچێتەوە ماڵی پاشا و دەڵێ: پاشا مەرجەکانت چین؟

پاشاش دەڵێ: مەرجی یەکەمم ئەوەیە دەبێ حەوت دەستە جلك بۆ کچەکەم بکەی، هەر دەستە جلکێك لە ڕەنگێك بێت. بەقەدەر قورسایی کچەکەم زێڕی بۆ بکەی. دەبێ چەند عولبە دەغڵ و دانەوێڵەکانی ماش و برنج و گەنم و جۆ و نیسك و نۆك... هەموویان لەگەڵ یەکتری تێکەڵاو بکەم، لە شەوێکی تاریکە شەودا، تابەیانی، هەر هەموو دانەوێڵەکان جیا بکەیەوە. نابێ یەك دەنکە دانەوێڵەش لە ڕەوسەی دانەوێڵەکانی کە بێت. دەمەوێت بەسەدان ئەسپ و ماینی زین پۆش، پۆشتە بکرێن و بەئاڵتوون و گەوهەر برازێنرێنەوە، لەماڵی تۆوە هەتا ماڵی من، هەمووی فەرشی ڕاخراو بێت.

گاوانی هەژاریش بەداماویی و خەمباری بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە. لەڕێگای گەڕانەوەیدا، مێروستانێکی شەل دەبینێ کە لەدوای هەموو مێرووەکان دەڕوا! مێرووەکەی هەڵ دەگرێتەوە و دەیخاتە ناو قودووە جگەرەکەی گیرفانی. دێتەوە ماڵێ و هەموو مەرجەکانی بە (مەلۆتکە)ی کوڕی دەڵێ.

مەلۆتکەی کوڕی دەڵێ: ئەوانە شتی زۆر ئاسانن.

بۆ ڕۆژی دوایی، بابی مەلۆتکەی، حەوت دانە گوێز لەگەڵ خۆی دەبات و دەڵێ: ها پاشاکەم ئەو گوێزانە بشکێنە، پاشا سەری سوڕ دەمێنێ و شیلە بزە دەیگرێ ودەڵێ: گوێزت بۆ هێناوم!؟

کابرای گاوان دەڵێ: ئەتۆ ئەو گوێزانە بشکێنە، دوایە پێت دەڵێم؟!

پاشاش بەزەردەخەنەوە گوێزێکی دەشکێنێ و لەپڕ دەبێ بەدەستە جلکێك، دوایە گوێزەکانی دیکەش دەشکێنێ و تەماشا دەکات بوون بە حەوت دەستە جلکی زۆر جوان.

مەرجێك لەمەرجەکانی تەواو جێبەجێ بوو.

ئینجا وەزیر و بەردەستەکان گوتیان: پاشا ئەوە مەرجێکی بردەوە؟!

پاشا گوتی: دەی نۆرەی مەرجی دووهەمە.

کابرای گاوان گوتی: ئەی خوایە چی بکەم؟! لەو قسەوباسانەدا بوو مێروستانە شەلەکەی ناو سندوقی جگەرەکەی چریکاندی و گوتی: دەرم بێنە، بەکەڵکت دێم، مادام تۆ بەکەڵکم هاتی، هیچ خەمیشت نەبێ هەتا بەیانی، هەر هەمووی لێك جوودا دەکەمەوە. مێروستانەکە شای مێروان بوو، کە چریکاندی، بەملیۆنەها مێروولە گەیشتنە دەوروپشتی و دەستیان کرد بەلێك جیاکردنەوەی دانەوێڵەکان، تابەیانی هەر هەموویان جیا کردەوە.

بەیانی کە وەزیر و گزیر هاتن، دیتیان ئەوە دوا دەنکە دانەوێڵە ماوەتەوە و مێرووڵە شەلەکە دەیگوازێتەوە!

سەریان سوڕما و گوتیان: بابە ئەو مەرجەش جێبەجێ کرا.

دوای ئەوەی پاشاش ئەوەی بەچاوی خۆی دیت، گوتی: کابرای گاوان ئەو مەرجەشت جێبەجێ کرد!؟

بەیانی زوو گاوانی هەژار نزای لەخوا کرد و زۆر پاڕایەوە، لەشێوەی پەرجویەك، بەسەدان ئەسپ و مایني زین پۆش و ڕازاوە،

بەزێڕ و گەوهەرەوە قەتارەیان بەست. لەبەردەرکی ماڵی گاوانییەوە تاکو ماڵی پاشای، هەمووی بووە مافووری ڕاخراو! دەوروبەری مافوورەکانیش هەمووی بووە دارودەوەن و سێبەر! حیلەحیلی ماین و خڕوهۆڕی زەنگوڵ و خڕیلە و باقوبریقی زێڕ و گەوهەر، ئەو ناوەی کردبووە بەهەشت!!

وەزیر و بەردەستەکانی پاشا گوتیان: ئەو مەرجەش جێبەجێ کرا و ئەوەتا دوو بار ئێستر زێڕیشیان هێناوە!

پاشا گوتی: مادام مەرجەکان جێبەجێ کران، ئەوە ئەمنیش کچی خۆمتان دەدەمێ، پیرۆزتان بێت.

هەرلەوێ دەهۆڵ و زوڕنا لێدراو زەماوەند دەستی پێکرد و مەلۆتکەشیان هێنا لەبەرانبەر زەماوەندەکەی لەنێو کولانکەیەکیان دانا... ئێوارە زەماوەند کۆتایی پێهات و هەرکەسە و بەرەو ماڵێ خۆی ڕۆیشتەوە.

بووکیش چووە ژووری مەلۆتکە و لەپڕ مەلۆتکە هەستا و بوو بەگەنجێکی چواردە ساڵان، گەنجێك دڵت نەدەهات تەماشای بکەی!! پێکەوە شادبوون و تابەیانی عەیش و نۆشیان کرد.

مەلۆتکە بەژنەکەی گوت: ئەمن بەو جۆرەی دەتوانم ببمە کوڕێکی چواردەساڵ و دەتوانم ببمەوە مەلۆتکە[1]، بەڵام ئەوە پێت دەڵێم ئەو نهێنییەی بەکەس نەڵێی، ئەگەر بەیەك کەسیشی بڵێی، ئەوا لەشەقەی باڵ دەدەم و لەدەستت دەردەچم.

ئەویش دەڵێ: باشە بەکەس ناڵێم.

---

١- لەنێوان ئەم ڕووداوە و ڕووداوی شێخ فەرخ لە بەیتی (شێخ فەرخ و خاتوو ئەستێ) شێوەی لێکچوون هەیە، چونکە (فەرخ)یش هەر کە لە دایکی دەبێت، حەز لەخاتوو (ئەستێ) دەکات. بڕوانە (تحفەی مظفریە، ئۆسکارمان، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی: هێمن موکریانی، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦

سێ ڕۆژانە[1] بوو، دایکی و کۆمەڵێ ژن هاتن تەماشایان کرد، کچەکەیان زۆر دڵخۆشە و مەلۆتکەیەکش وا لەتەنیشتی دانراوە؟!

دایکی پێی گوت: ڕۆڵە تەندروستیت چۆنە، زۆر دڵخۆش دیاری.

ئەویش خۆی کزۆڵە[2] دەکا و دەڵێ: حاڵم چۆن بێ، ئەوە نابینی مەلۆتکە لە تەنیشتم دانراوە، تەندروستیم چۆن بێ؟!

بەڵام دایکی کچەکە زۆر زۆرزان دەبێ، واز لەکچەکەی ناهێنێ و هێند دەهێنێ و دەیبا، وا لەکچەکە دەکا کە نهێنییەکەی بۆ ئاشکرا بکات، بەڵام بەدایکی دەڵێ: بۆ کەسی نەگێڕیەوە و نابێ مەلۆتکەش گوێی لێبێت.

کاتێك ئێوارە دایکی و ژنەکان بەرەو ماڵ دەچنەوە، مەلۆتکە تووڕە دەبێ و دەڵێ: ئەی پێم نەگوتی قسان مەکە و بەکەس مەڵێ، بۆ قسەت کرد؟

ژنەش دەستی کرد بەگریان و گوتی: دایکم وازی لێنەهێنام و نەمزانی، جارێکی دیکە بەکەس ناڵێم، ئەو جارەی بمبوورە.

مەلۆتکە دەڵێ: ئەوا ئەمن دەڕۆم و بەجێت دەهێڵم، ئەتۆش دەبێت پێڵاوێکی ئاسنین بدڕێنی و گۆچانێکی ئاسن بشکێنی و ئەوەندە شل و کوت و شەکەت و ماندووببی، ئینجا دەگەیتەوە بە من!

لەناکاو مەلۆتکە بوو بە کۆترێك و پاوانەیەکی جوانیشی بەپێیەکانییەوە بوو، هەڵفڕی و لەسەر سواندەی[3] خانووەکەی هەڵنیشتەوە و گوتی: ماڵئاوا ئەی کچی پاشا، تاپێڵاوێکی ئاسنین نەدڕێنی و گۆچانێکی ئاسن نەشکێنی، بەمن ناگەی!!

---

١- لەنێو مەسحیەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا، وەك: کولتوورێکی هاوبەشی کوردەواری، سێ ڕۆژانە و چلەی مردوو...هد، هەیە کە لەنێو مەسیحییەکانی ئەورووپادا نین.

٢- کزۆڵە: خەمبار و بێهێز

٣- سواندە: سوێبان

ئـەو قسـانەی کـرد و لەشـەقەی بـاڵی دا و هـەڵفڕی، ئیـدی کچـی پاشای دایە پڕمەی گریـان و زۆر هـاواری کـرد، بـەڵام هـیچ سـوودێکی نـەبوو، ماوەیـەك زۆر خـەمبار بـوو، گـەڕا و سـوڕا بەدەوروبـەردا، بـەڵام هیچی بۆ نـەکرا، ناچار پێڵاوێکی ئاسنینی لەبەر کرد و گۆچانێکی ئاسنی دەست دایێ و ڕۆیشت. شار بەشارو دێ بەدێ، کوچە و کـۆڵان نـەما نـەیکا و بەشوێن کۆترەکەیدا کەوتـە هـەواڵ پرسین، هێنـد گـەڕا، هەتا شەکەت و هیلاك بوو، بیری لەوەی دەکردەوە کە حەمامێك دابنێ، بێبەرانبـەر خـەڵك بێن و لـەو حەمامـەی خۆیـان بشـۆن، بـەو مەرجـەی تەنها حیکایەت و بەسـەرهاتی بۆ بگێڕنـەوە. حـەمامی دروسـت کـرد و هەر ژن و کچ دەهاتن و حکایـەتیان دەگێڕایـەوە و خۆیـان دەشووشـت، هیچ کامیان بەسـەرهاتی کۆترێکیـان نـە دەگێڕایـەوە، تـا سـەرەداوێکی دەسـت بکـەوێ، ڕۆژێکیـان ژنێـك هـات و سـێ کیژۆڵـەی لەگـەڵ بـوو گوتی: حیکایەتت بۆ دەگێڕمەوە.

کچـی پاشـای دەڵـێ: دایـەپیرە بێزاربـووم هـیچ سـوودێکم لـەم گێڕانەوانە نەبینی و بۆم مەگێڕەوە.

پیرێژن گوتی: هەر بۆت دەگێڕمەوە.

ئەویش دەڵێ: بۆ دیواری بگێڕەوە، ئەمن گوێت بۆ ڕانادێرم.

پیرێژن دەستی بەگێڕانەوە کرد و گوتی: ڕۆژێك دیتم ئەوە ڕێوییەك تێڕێکـی[1] لەسـەر پشـتە و دووکونـدە ئاویشـی لێ بـار کـراوە، کەڵەشـێرێکیش وا ڕێوییەکـەی بـە پـێش خـۆی داوە، لـەناکاو لەچۆڵەوانییەك زەوی درزی برد و ڕێوی و کەڵەشێرەکە شۆڕبوونەوە بۆ

---

١- تێـڕ: لەسـەر پشـتی وڵاخ دادەنرێـت و دووگیرفـانی هەیـە و ئـاوی پـێ دەگوازرێتـەوە، لەشـێوەی تێـڕە، بـەڵام لـەو بچـوکترە. زۆر جـاریش هـەردوو زاراوەکـە لەشـێوەی وشـەی هاوواتادا بەکار دەهێنرێت.

**ژێر زەوی و بەرلەوەی درزی زەوییەکە دابخرێ، ئەمنیش خۆم هەڵدایە چاڵەکەیەوە و لەدوای ئێمە، درزەکە داخرا و چووینە دنیایەکی دیکەوە... تەماشام کرد ئەو هەموو مەنجەڵە وا کەف و کوڵیانە و برنج و گۆشت و یاپراغ و کفتە و جۆرەها شیو، ئامادە دەکرێ!![1] ئەمنیش خۆم لەپەنایەکدا مەڵاس دا، تەماشام کرد، ڕەوە کۆترێك هاتن...**

**کاتێ کچی پاشای ناوی کۆتری بیست، لەجێی خۆی وەك گوڵ گەشایەوە و پڕ بە گەرووی هاواری کرد: بەقوربانت بم داپیرە، بۆم بگێڕەوە.**

**پیرێژنەکە گوتی: بۆت ناگێڕمەوە بۆ دیواری دەگێڕمەوە.**

**گوتی: دایەپیرە گیان تو خوا بۆم بگێڕەوە.**

**پیرێژنەکەش گوتی: باشە... درێژەی بەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی خۆی دا و گوتی: کاتی ئێوارە کۆترەکان هاتنەوە، کۆترێکیان پاوانەی لە لاقی دەرهێنا و هەموو کۆترەکانی دیکە گریان، کاتێ کە پاوانەکەی دەخستەوە ناو لاقی، هەموو پێدەکەنین!؟**

**کچە پاشا گوتی: ئەی بەقوربانت بم داپیرە، بەردەوام بە، بۆم بگێڕەوە.**

---

**١- بێگومان ئەفسانەی هاوبەش لەنێو ئەدەبیاتی هەموو جیهاندا هەیە. ئەوەتا لەڕۆمانی (زۆربا)ی نیکۆس کازانتزاکیسدا هەمان بیرۆکەی ژیانی ژێر زەوی بوونی هەیە و دەڵێت: (لەقوتابخانەی گوند لەپۆلی یەکەمی سەرەتاییدا بووم، لەبەشی دووەمی کتێبی ئەلف و بێکەماندا، بەشی خوێندنەوەی چیرۆکی فریشتەکانی تێدا بوو. مناڵێکی بچووك کەوتبووە بیرێکەوە و لەوێدا، شارێکی سەرسوڕهێنەری دیبوو کە پڕ بوو لەباخی پڕگوڵی بۆنخۆش و دەریایەکی هەنگوین و گردێك شیر و برنج و گەلێ یاری جۆراوجۆری منداڵان...) بڕوانە (زۆربا، نیکۆس کزانتزاکیسی، وەرگێڕانی: ڕەووف بێگەرد، چاپی سێهەم، ٢٠٠٦، سلێمانی، چاپخانەی گەنج، ل٢٣٨)**

پیرێـژنیش گـوتی: کـه تەماشـام کـرد، ئـەوە سـفرەی نـانخواردنی لەوسـەر بـۆ ئەوسـەری ڕاخـراوە و بەهـەموو جـۆرە شـیو و میوەیـەك ڕازاوەتەوە! لەپڕ کۆترەکان هاتنە خوارێ و نانیان خوارد و دوای نـان خـواردن، هەریـەك لـەکۆترەکان چـووەنەوە سـەر هێلانـەی خۆیـان و لەسـەر درەختـەکان نیشـتنەوە. بـەیانیان کۆترەکـان هەڵـدەفڕین و ئێوارانیش دەهاتنـەوە، بەو شـێوەیە هـەموو ڕۆژێ ئەو کـارە دووبـارە دەبـۆوە... دوای چـەند ڕۆژێـك، کەڵەشـێر و ڕێـوی هاتنـە دەرێ و ئەمنیش بەدوایاندا گەڕامەوە.

ژنی مەلۆتکەی شاگەشکە بوو.

ئـەویش گـوتی: قوربانـت بم داپـیرە، چـت دەوێ دەتـدەمێ، بـەس بمگەیەنە ئەو شوێنەی، ئەو حەمامەت دەدەمێ بۆ خۆت پارەی پێ پەیدا کە.

پیرێژنەکە گوتی: دەبڕۆ تۆپە خامێکی بێنە و بیکـەم بەکراسێك و لەبەرۆکی خۆمی بهاوم و لەگەڵ خۆم بتبەم.

ژنی مەلۆتکەش تۆپە خامەکەی بۆ کڕی و کراسـەکەی دروو، ژنـەی لەبـەرۆکی خـۆی نـا، کـە چـوونە نزیـك شـوێنەکەی، تەماشـایان کـرد کەڵەشێر و ڕێوییەکە لەناو هێنـان دەگەڕێنـەوە، بەماتـەمات پیرێژنەکە بەدوویان کەوت، کاتێك کە زەویەکە درزی برد و ڕێوی و کەڵەشێرەکە شۆڕبوونەوە ناو چاڵاییەکەی، پیرێژنەکەش لەو دەرفەتـەی خـۆی شـۆڕ کردەوە ناو درزەکەی و چووە دونیایەکی کەوە!

تەماشایان کرد، لەبن زەوی باخ و باخاتێکە و ئەو هـەموو مەنجەڵە دەکـوڵێ. پیرێژنەکـە ژنـی مەلۆتکـەی لـەنێو سـینگ و بـەرۆکی خـۆی دەرهێنا، هەردووکیان برسیان بوو، پیرێـژن دەستی دایە کـەوگیری بۆ ئەوەی شتێك بخوا، کـەوگیر قریشکاندی و گوتی: هێشتا پاشا نـانی

نـەخواردووە، دەسـتی بـۆ نەبـەی، کـەوگیر هەرزەلییـەوە[1] دوو ددانـی پیرێـژنی شـکاند. ئـەوجارەیان پیرێـژن چـووە لای مەنجەڵـە یـاپراخی، بـەردەیاپراخێك[2] بـەئاگا هـات و گـوتی: پاشـا و هاوەڵـەکانی هیچـیان نـەخواردووە، ئـەتۆ چـۆن دەسـتی بـۆ دەبـەی، بـەرد هەرزەلییـەوە و ددانێکی دیکەی پیرێژنیان شکاند.

پیرێژن دوو سێ ددانی لەسەر دانا و هیچی پێنەکرا.

ژنـی مەلۆتکـەی گـوتی: دەبـا بـزانم چ لـەمن دەکـەن زۆرم برسـییە، کاتێك دەستی دایە کەوگیر و هەندێك برنجەکەی هەڵتەکاند، مەنجەڵێك وەدەنگ هـات و گـوتی: پاشـا و هـەوادارەکانی نانیـان نـەخواردووە تـا ئەتۆ نان و شیو بخۆی؟!

وێکـڕا مەنجـەڵ و قـاپ و قاچـاغەکان گوتیـان: لێـی گـەڕێ حـەدمان نییە بەرانبەر بەپاشا ژنمان قسە بکەین.

پیرێژنەکەش بەیارمەتی ژنی مەلۆتکەی خواردنی خوارد.

پیرێژنەکـە گـوتی: مـادەم ئـاوا ڕێـزت دەگـرن، ئـەها ئـەو هێلانەیـەی دەبینی، ئەوە هێلانەی شـای کۆترانـە، بەسـەر درەختێکـەوە لـەناو ئـەو هێلانەیـە دابنیشـە، کـە ئێـوارە داهـات و کۆترەکـان گـەڕانـەوە، لەسـەر سـفرە ئامادەکراوەکـە هەڵنیشـتن و نـان و شـیویان خـوارد، دوای نانخواردن هەموو کۆترەکان هەڵفڕین و چوونەوە شوێنی خۆیان.

ژنی مەلۆتکە هەروەك پیرێژن پێـی گوتبوو، وایکرد... کاتێك شـای کۆتران هەڵفڕیی و تەماشای کرد شوێنی گیراوە! چ بکات چ نـەکات؟!

---

١- هەرزەلییەوە: هەڵبەزییەوە

٢- جـاران کـە یاپراخیـان دەپێچـایەوە، چـەند پەلـە بـەردێکیان لەسـەر دادەنـا بـۆ ئـەوەی لەکاتی کوڵاندا هەڵنەوەشێت و قاڵب بگرێت، بەڵام لە ئێستادا ئەمە کەمتر بەکاردەهێنرێت.

**که تەواو سەرنجی دایێ، زانی ژنەکەیەتی، و پێی گوت: ئەوە ئەتۆی هاتووی؟ پێڵاوی ئاسنینت دڕاند و گۆچانی ئاسنت شکاند؟![1]**

**ئەویش گوتی: ئەرێ بەخوای زۆر نەهامەتی و چەرمەسەریم دیت، ئیدی کۆترەکە و ژنەکەی بەیەکتر شادبوونەوە.**

**منیش لەوێ ڕا هاتمەوە کراشم دڕاو هیچم پێ نەبڕا.**

---

**١- لە ڕۆمانی (ژنە جنۆکەکانی شێمەحموو)ی لەتیف هەڵمەتدا لە لاپەڕە (٢٨)وا هاتووە (هەتاکو ئێستا چل گۆچانی ئاسنم شکاندووە و چل کەوشی پۆڵام دڕاندووە و هێشتا شارەکە دەر نەکەوتووە.) کاتێ لە لەتیف هەڵمەتم پرسی، وتی: بیرۆکەی ئەم داڕشتنەم لەوەوە بۆهات لە حیکایەتی فۆلکلۆردا دەڵێن (کراشم دڕا و گۆچانم شکا، هیچم پێ نەبڕا) و منیش ئەم بیرۆکەیەم لەوێوە فراوانتر کردووەتەوە.**

# کـورە کـەچـەڵ

هەبوو نەبوو پاشایەك هـەبوو، سێ کچی پێگەیشتوی زۆر جوانی هـەبوو، ڕۆژێکیـان وەزیـر و گزیـر بـە پاشایان گـوت: گـەورەم بـۆ ئـەو کچانە بەشوو نادەی؟

وەزیرێك گـوتی: بیـدە بـە کـوڕی مـن، ئەوەکـەی دیکـە گـوتی: بیـدە کوڕەکەی من.

پاشاش گوتی: نەخێر واناکەم، بڕۆن سێ سێوی سوورم بۆ بێنن...

ڕۆیشتن سێ سێویان بۆ هێنا و کیژەکانی گاز[1] کرد و پێی گوتن: فـەرموون یـەکی سـێوێك وەرگـرن و بەشـار و دێهـات و کوچـە و کۆڵانەکاندا بگەڕێن، کام کوڕتـان بەدڵـە، لـەوی بـدەن، ئـەمن دەتاندەمە ئەو کەسە، جا ئـەو کـوڕە کـوڕی پاشا بێ، کـوڕی دەوڵەمەنـد بێ، یان گاوان و هەژار بێ، هەرچییەك بێ، بەس ئێوە دڵتان لەسەر کوڕەکان بێت، دەتاندەم بەو کەسە.

خـەڵکێکی زۆر، گـەنجێکی زۆر، کـە زانیـان پاشـا کـارێکی وای کـردووە، خۆیـان ڕازانـدەوە و لـە کوچـە و کۆڵانـەکانی مـاڵی پاشـای هاتوچۆیان دەکرد... خوشکە گەورەکە، هەر سەرنجی دا و تەماشای کرد، سێوەکەی لە کوڕی وەزیری دەستەچەپ دا.

بابیشی گوتی: پیرۆزت بێت.

خوشـکە ناوەنجیەکـەش، تۆزێـك خـۆی خنانـد[2]، بـەلام دواتـر سێوەکەی لەشانی کوڕی وەزیری دەستەڕاستی بابی دا و بابیشی زۆر دڵخۆش بوو، گوتی: پیرۆزە کچەکەم.

---

١- گاز: ئاگادارکدنەوە. بانگردن

٢- خناند: دواخست، خۆخافلاندنی بە فێڵ بە مەبەستی خۆ دوور خستنەوە لە ئەرکێك.

هەموو گەنجەکانی کە، تەنها دڵێکیان بە کچە چووکی پاشا خۆش بوو، هەر دەهاتن و دەچوون، چەند شەو و چەند ڕۆژ، سێوەکەی بەهیچیاندا نەدا؟! چونکە ئەو کچە چووکەی پاشای، کوڕە کەچەڵی خۆش دەویست.

گوتیان: بابە ئەو کچەی تۆ، سێوەکەی بەکەسدا نەدا! بزانن بگەڕێن و بسوڕێنەوە، شوان و گاوان شێت و کەلە[1] لاو و پیرە بێزەوەرەکانیش بهێنن. ئەوانیشیان هێنا، کچەی چووك، هەر سێوەکەی لێ نەدان!

گوتیان: پاشا کچەکەت سێوەکەی هەر بەدەستەوەیە و بە کەسی دا نادات؟!

یەك لەبەر دەستەکانی گوتی: تەنها کوڕە کەچەڵێکی بێزەوەر[2] هەیە.

پاشا گوتی: دەبڕۆن ئەویش بێنن.

کە کوڕە کەچەڵیان هێنا، کوڕێکی بێڕەزا و ناشیرین نەبوو، بەڵام پۆشاکی زۆر بێزەوەر و بێکەڵك بوون، جەمەدانی سەری و پشتێنی، لە ڕیخۆڵی ئاژەڵان بوو. کە هات، زۆربەی خەڵکەکە پێی پێدەکەنیین، بەڵام کچە چووکەکەی پاشای، سێوەکەی بەودا دا و هەموو گەنجەکانی دیکە لەوێدا وشك بوون.

پاشا ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بوو، خوشکەکانی بۆی دەگریان، پێیان دەگوت ئەوە چت کرد؟

ئەویش دەیگوت: ئەمن ئەوم خۆش دەوێ.

کوڕەکەچەڵ دەستی کیژە چووکەکەی پاشای گرت و ڕۆیشتن.

---

١- کەلە: لەڕ و لاواز

٢- بێزەوەر: بێزلێکراو

پاشا گوتی: بەملی شکاوت کچم، چۆن ئەو کارەت کرد! دەبڕۆ جارێکی کە نەگەڕێیەوە ئەوماڵەی من.

پاش ماوەیەك، پاشا تووشی نەخۆشی (گوڕوەتی)[1] بوو، چەندان پزیشکیان پێ کرد، بەڵام هیچ چارەیەکی نەبوو.

گوتیان: چارەی ئەو نەخۆشییە ئەوەیە کە (شیری شێری بی، لەمەشکەی شێری بی، شێر بینێ و شێر باژوێ[2]).

ئەو زاوایانەی کوڕی وەزیرەکان بوون، گوتیان: ئێمە دەچین ئەو دەرمانەی بۆ دەهێنین.

ژنی کوڕە کەچەڵیش هاتە لای بابی و گوتی: مێردەکەی منیش دەیەوێت بچێت ئەو دەرمانەت بۆ پەیدا بکات.

پاشا گوتی: مێردی تۆ هیچی پێناکرێ لێی گەڕێ.

کچە گوتی: بابە مێردەکەم دەیەوێت یارمەتیت بدات.

پاشا گوتی: دەبڕۆن قۆڕە بارگیلێکی[3] بدەنێ.

کوڕەکەچەڵ هەرکە قۆڕە بارگیلی دیت، نەیویست؟! چوو (ئەسپەبا)ی خۆی هێنا و زینی کرد و شیر و خەنجەری لەخۆی بەست و ڕۆی... لەڕێگایە دەگاتە (خدری زندە )و لێی دەپرسێت: ها ئەوە کێوە دەچی؟

کوڕەکەچەڵ گوتی: خەزوورم گڕوو بووە، دەچم دەرمانی بۆ دەهێنم.

خدری زندە گوتی: دەرمانەکە چییە؟

---

١- گوڕوەتی: گەڕییەتی، گەڕ بوون

٢- شیری شێری بی، لەمەشکەی شێری بی، شێر بینێ و شێر باژوو: واتە بە شیری شێر چاك دەبێتەوە کە لەناو مەشکە – واتە پێستی شێردا بێت- و بە پشتی شێریش بۆی بێت، شێریش شێر بار کراوەکە بەپێش خۆی بدات.

٣- قۆڕە بارگیل: بارگین، بارگیر، ئەسپ و بەتایبەتیش ئەسپی خەساو.

کوڕەکەچەڵ : پاشا بە (شیری شێری، لەمەشکەی شێری و شێر بینیٚ و شێر باژویٚ) چاك دەبێتەوە.

خدری زندە : هەی ماڵت نەڕمیٚ، ئەوە کارێکی زۆر قورسە، بەڵام ئەمن بەهاناتەوە دێم و ڕیٚ و شوێنت بۆ دادەنێم، ئەوەتا لێرە دێرە شێرێك[1] لەنێو ئەو چۆمەدا[2] ترەکیوە[3] و پێنج شەش بێچووی هێناوە، بەڵام قونێرێکی[4] لیٚ هاتووە و پڕ لەخوێن و خوزاوە[5]، ئەوە حەوت ساڵە پێوەی دەناڵێنیٚ، ئەتۆ بچۆ شوڕکە دارێکی درێژ بکە بە نەقیزە[6] و لەپەناڕا بەقونێرەکەیەوە بنیٚ و بیتەقێنە، بەڵام ئەگەر شێرەکە نەڕاندی، تۆ خۆت بشارەوە، تاوەکو هێور دەبێتەوە؟ چونکە ئەگەر یەکسەر بتبینیٚ، ئەوە پڕت پێدا دەکات و دەتخوات.

کوڕەچەڵ : باشە.

بەنێو چۆمەکەیدا گەڕا و دێرە شێرەکەی دیتەوە و لەپەناڕا نەقیزەیەکی پێوەنا و خوێن و خوزاوە وەك فوارە[7] فیچقەی کرد، شێرەکە نەڕاندیی و هاواری کرد ئەوە کیٚ بوو، ئێستا بیبینم پارچە پارچەی دەکەم، کوڕە کەچەڵەکە خۆی لەتەنیشت گابەردێك[8] مەڵاس دا و هەستی لەخۆی بڕی، دوای ماوەیەك دێرە شێرەکە هێور بۆوە و

---

١- دێرە شێرێك: دێڵە شێر، شێرێکی میٚ بۆ نێریش (نەڕە شێر–نێرە شێر) بەکاردێت.

٢- چۆم: چەم، ڕووباری بچووك

٣- داترەکیوە: ترەکیوە، بێچووی بووە.

٤- قونێر: قوان، کوان

٥- خوزاو: زوخاو، کێم و پیسی

٦- نەقیزە: ئەو پارچە دارەی کە سەری وەك سەرە ڕم تیژ کراوە لەوکاتەی وڵاغە بەرزە دەغەزریٚ و ناڕوات لە لاملی دەژەنن و خێرا دەڕوات.

٧- فوارە: ئاو پرژێن: نافوورە

٨- گابەرد: بەردی زل و گەورە

ئازارەکەی نەما و گوتی: ئەوە کێ بوو ئەو پیاوەتییەی لەگەڵ کردم، شەرت بێ هەرچییەکی بوێ، بیدەمێ.

کوڕەکەچەڵ لەپشت گابەردەکەی هاتە دەرێ و گوتی: ئەوە ئەمن بووم.

شێرەکەش گوتی: زۆر سوپاست دەکەم، چیت دەوێ، تا بۆت بکەم؟

کوڕەکەچەڵ گوتی: پاشا خەستەیە و لەناو نوێنێ کەوتووە، هەتوانی دەردەکەشی (شیری شێری بێ، لەمەشکەی شێری بی شێر بینی و شێر باژوێ)ە، ئەمن ئەو داوایەم لەتۆ هەیە.

شێر هەناسەیەکی هەڵکێشا گوتی: بریا حەوت ساڵی کە بەدەردی خۆم بمناڵاندایە، بەس ئەو داوایەت لەمن نەکردایە! بەڵام مادام پێشتر قسەم کردووە، لەگوتەی خۆم پەشیمان نابمەوە، فەرموو ئەوە ئەو بەچکە شێرەت بدەمێ، بەڵام بەو مەرجەی کە لەپێش چاوم سەری نەبڕیت و گوێم لەدەنگی نەبێ، دەنا پارچە پارچەت دەکەم!

کوڕەکەچەڵ گوتی: باشە و بەچکە شێرەکەی لێوەرگرت و هەڵی دایە پاشکۆی ئەسپەکەی و ڕکێفی کوتا. سەری بڕی و گۆشتەکەی لەپێستەکەی دەرهێنا و پێستەکەی بردە لای دێرە شێرەکەی، ئەویش شیری خۆی بۆ دۆشیی و خستییە ناو مەشکەکەیەوە. بەچکە شێرێکی هێنا و مەشکەکەی لەسەر پشتی بار کرد و دوو بەچکە شێری دیکەش بەچکە شێرە بارکراوەکەیان بەپێش خۆیان دابوو، بەڵام دێرە شێرەکە گوتی: کوڕە کەچەڵ ئەوەپێت دەڵێم: ئەو بەچکە شێرانەم بەسەلامەتی بۆ بگەڕێنیەوە و ئاگاداریان بی ها.

لەولاشەوە کوڕەکانی وەزیر و گزیریش لەڕێگا تووشی کوڕەکەچەڵ بوون، نەیان ناسییەوە؟ چونکە جلوبەرگێکی هێندە جوانی لەبەرکردبوو و خۆی وا ڕازاندبۆوە! لێی سڵەمینەوە و گوتیان: ئەتۆ ئەگەر ئەو شێرانەمان بدەیێ، چت دەوێ، دەتدەینێ؟

کوڕەکەچەڵ گوتی: نەخێر ناتان دەمێ، بەڵام ئەگەر گۆشتی شێرتان دەوێ دەتاندەمێ بەو مەرجەی یەك شوێن داغ[1] لەلاسمتێکتان بدەم کە ناوی خۆمی لەسەر نووسراوە؟!

یەك لەکوڕە وەزیرەکان گوتی: شتی واناکەین.

ئەوەی دیکەیان گوتی: لەپێناو پاشایدا هەموو کارێك دەکەین، کێ ڕانی ئێمە دەبینێ، چی لەسەر نووسراوە یان نەنووسراوە!؟

کوڕەکەچەڵیش گۆشتەکەشی نەدانێ و تەنها هێندێ تەڕادە و سەروپێچکەکانی دانێ، کە هی ئەو بەچکە شێرە بوو کە سەری بڕی بوو و پێستەکەی کردبووە مەشکە.

بەهەلەکە سەماکردن چوونەوە کن پاشا و گوتیان: دەرمانمان بۆ هێناوی.

زووبەزوو سەروپێیەکانیان بۆ کوڵاند و گۆشتاوەکەیان دایێ، گوتیان: پاشا ئێستا تەندروستیت چۆنە؟

پاشا گوتی: تۆزێك ڕووناکی بۆ نێو چاوەکانم گەڕایەوە... پاش ماوەیەك، واڕێکەوت کە یەك لەکوڕە وەزیرەکان دیسان تووشی کوڕەکەچەڵی هاتەوە و نەیناسییەوە. داوای لێکرد کە مەشکەشیرە و شێرەکەی بداتێ.

کوڕەکەچەڵ گوتی: نەخێر ناتاندەمێ، بەڵام دەتوانم هێندێك لەگۆشتی شێرتان بدەمێ، بەو مەرجەی شوێن داغێك لەسمتت بدەم.

ئەویش گوتی: باشە.

---

١– شوێن داخ: داغکردن، داخکردن یان داغکردن. ئەو شوێنەی کە لەسەر گۆشتی مرۆڤ یان ئاژەڵ بە پارچە ئاسن یان هەر کانزایەکی دیکە دەسووتێنرێت، زۆربەی داخکردنەکانیش هێما و ڕەمزێکیان هەبووە، واتە ئەگەر کەسێك خاوەنی (داغ– داخ)ی تایبەت بە خۆی بووبێت، ئەوا لەسەر ئاسن یان کانزاکە، نیشانەیەکی تایبەتی بەخۆی هەبووە. وشەی (داغ– داخ) هەر لەم داخکردنەوە هاتووە: داخەکەم، داخی گرانم، داخی کردم...

کوڕەکەچەڵ مۆرەکەی بەئاگری داغ کرد و لەسمتی دا و ناوەکەی خۆی لەسەر سمتی دەرچوو! هەندێ لەگۆشتی شێرەکەی پێدا، هەر بەلینگدان گەیاندیە لای پاشا و هەر زوو ئامادەیان کرد و دەرخواردی پاشایان دا، پاشا یەك دوو ڕۆژ تەندروستی باش بوو، دواتر گەڕایەوە دۆخی جارانی و تەندروستی تێکچووەوە.

لەناکاو یەك لەبەردەستەکان هات و گوتی: پاشا کوڕەکەچەڵ واهات دەرمانی بۆ هێناوی.

گوتی: بەو هەموو کوڕە وەزیر و لاو خاسانە هیچ نەکراوە، بە کوڕەکەچەڵی داماو چی دەکرێ!؟

گوتیان: کوڕەکەچەڵ بە جلوبەرگێکی جوان و پۆشتە و ڕازاوە خۆی سازداوە!

ژنی کوڕەکەچەڵی گوتی: هەیڕن هەیڕن، ڕێگا چۆڵ کەن مێردەکەم هات دەرمانی بۆ بابم هێناوە.

کە هات و نزیك ماڵ بۆوە، تەماشایان کرد ئەوا شێرێك لەپێشەوە دەڕوا و مەشکە شێرێکی لەسەر پشتە و دوو شێری دیکەش کلکە لەقێیانە و بەدەوری شێرەکەیدا دەخولێنەوە، کوڕەکەچەڵ یش لەگەڵیانە و سواری (ئەسپە با)یەکی بووە و خۆی ڕازاندۆتەوە!! خەڵکەکە واقیان وڕما!! کوڕەکەچەڵ گەیشت و مەشکەکەی دەرهێنا و یەك جام شیری نێو مەشکەیان پێ دا و گوتیان: پاشا ئێستا چۆنی؟

پاشا پێی گوتن: ڕووناکی بۆ نێو چاوەکانم گەڕایەوە! دوو سێ جامی دیکەیان لەوشیرەی دایە و وەك پیفۆك[1] چۆن لەتوێژاڵك دای

---

١- پیفۆك: تیفۆك: لەژێر گڵدایە ڕەگی جۆرە گیایەکە لەشێوەی گوێزێکی بچکۆلانەیە و وەك گوێزی هیندی توژاڵکێکی ڕیشاڵی پێوەیە و ناوەوەی سپییە و دەخورێت.

دەماڵی، پاکو سپی وە دەردەکەوێ، ئاوا پاشاش نەخۆشییەکەی پەڕاند و قیت بۆوە.

پاشا هێندە دڵخۆش بوو، نەیدەزانی چی بکات، بە کوڕەکەچەڵی گوت: تەنها تۆ بەکەڵکم هاتی، شەرت بێ بتکەم بە پاشا و لەسەر ئەسکەملەکەی[1] خۆمت دابنێم، ئەو دوو زاوایەشم ببنە خزمەتکارت.

کوڕەکەچەڵ گوتی: ئەو سەروپێیانە و ئەوەندە گۆشتەی کە ئەو دوو زاوایەت بۆیان هێنای، ئەمن پێم داون، دەنا ئەوەشیان پێ نەدەکرا!؟

هەردوو زاواکە و کوڕە وەزیرەکەی دیکە، کردیانە پڕمە پڕم و گوتیان: ئێمە بۆخۆمان هێناومانە و مەبەستمان ئەوە بوو پاشامان چاك بێتەوە.

کوڕە کەچەڵ گوتی: دەوەرن تەماشای سمتیان بکەن بزانن داخی منی پێوەیە یان نا!

کاتێ کە تەماشایان کرد، دەبینین کە شون داغی مۆری کوڕە کەچەڵیان پێوەیە.

پاشا بەتەواوەتی بۆی ڕوون بۆوە کە کوڕە کەچەڵ کوڕێکی ئازا و جەربەزەیە و بۆ پاشایەتی زۆر گونجاوە، کوڕەکەچەڵی کردە پاشا و کچەکەی بووە شاژن و زاواکانیشی بوونە بەردەست و خووشکەکانیشی کردە خزمەتکاری ژنی کوڕە کەچەڵی.

کوڕکەچەڵ ئەوەی قبووڵ نەدەکرد و پێی باش نەبوو.

بەڵام پاشا گوتی: ئەوە قسەی منە و دەبێ هە جێبەجێ بکرێ.

کوڕە کەچەڵیش هەرسێ شێرەکانی بردەوە لای دایکیان و زۆر سوپاسی یەکتریان کرد و گەڕایەوە و بووە پاشا. ئەمنیش لەوێ گەڕامەوە، کراشم دڕا و هیچم پێ نەبڕا.

---

١- ئەسکەمل: کورسی

# دەلـێـو دەلالـێ

لەسـەردەمی (بابا یـەعقوب) دەسـتیان کـرد بەدروسـت کردنـی پـردی دەلال، بـەڵام هەرچـەندە دیوارەکانیـان بـەرز دەکـردەوە، وێکـڕا دادەڕمـا و مایەپووچ دەردەچوون و زۆر خەمبار و دڵتەنگ دەبوون! ڕۆژێکی دەنگێك لەئاسمانــەوە هــات و گــوتی: بابــا یــەعقوب، هــەتا یــەکێك لەکەســانی بنەماڵەکەتان نەخەنە ناو بناغەی دیوارەکەوە، ئەو دیوارە ڕاناوەستێ!

ئەویش گوتی: نیورانێ[1] بووکەکەم خواردن بۆ کرێکارەکان دەهێنـێ و سەگەکەشی لەگەڵە، هەر کامێکیان پێش بکەوێ، ئەوی دەخەمە نـاو بناغەی پردەکەیەوە.

ســەگەکە لەپێشــەوە دەڕۆیــی، خــەزووری زۆر دڵــی خــۆش بــوو، وایزانـی سـەگەکە هـەر لەپێشـەوە دەڕوا. دەلال بـەردێك لەسـەگەکەی دەدات و سەگەکە وەپاش دەکەوێ، خەزووری دەگریێ؟!

دەلال بەخەزووری دەڵێ: مامە ئەمن لەتۆ تێناگەم؟! سەگەکە پێشم کەوتبوو، ئەتۆ پێدەکەنی، کە لـە سەگەکەم دا و بەدوام کـەوت، ئـەتۆ گریای!؟

ئـەویش گـوتی: کچـی خـۆم دەنگێـك لەئاسمانـەوە هـاتووە و دەڵـێ دەبێ یەکێك لە بنەچەی بنەماڵەکەتان بخرێتە ناو ئەو بناغەیەوە، دەنـا هەر دەڕمێت، بۆیە دەبێ ئێستا ئەتۆ بخەمە ناو بناغەکەیەوە.

دەلال زۆر دەپاڕێتــەوە و دەڵــێ: مامــەگیان، مامــە چـۆن دەبـێ وام لێبکەی؟

ئەویش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: لەدەسەڵاتی مندا نییە، دەبێ ئەو کارەی جێبەجێ بکەین.

---

١- نیوران: نیوەڕیە، کاتی نیوەڕۆ

دەلال تێهەڵدەکا و دەڵێ:

قوربانت بم مامە گیان، دەلێو دەلالێ
کوڕم بێ شیر دەمێنێتەوە، دەلێو دەلالێ
هاوگیانەکانم شیری پێدەدن، دەلێو دەلالێ
قوربانت بم مامە گیان، دەلێو دەلالێ
هەویرم لەجێی خۆی دەمێنێتەوە، دەلێو دەلالێ
دەیشێلن دشەکانم، دەلێو دەلالێ
قوربانت بم مامەگیان، دەلێو دەلالێ
خانووم بێ گسك لێدان دەمێنێتەوە، دەلێو دەلالێ
یوسف لەسەفەر دێتەوە، دەلێو دەلالێ
بەچی جوابی دەدرێتەوە، دەلێو دەلالێ[١]

خەزووری دەڵێ: ئەمن دڵی یوسفی مێردت دەدەمەوە.

ئەسکەملێکیان هێنا و داینا و وەستا و کرێکار دەستیان کرد بە دروستکردنی دیوار...

دەلال هەر هاواری دەکرد، ئەوانیش دیوارەکەیان دروست دەکرد و دیوارەکەش نەدەڕووخا!

دەلال بەدەنگێکی ئاگرین و بەگریانەوە تێیهەڵکرد:

پردی دەلال زۆر قوڵە، دەلێو دەلالێ
دەڵێ خراوەتە نێو سندوق، دەلێو دەلالێ

---

١- بەفرین عەزیز ئەمانەی بەدەنگ هەڵبڕین و بەئاوازێکی گریاناوی تایبەتەوە بۆ گوتووم.

کرێکارەکـــانیش هـــەر بـــەردەوام بـــوون لەســـەر کارەکانیـــان و بەهەرشـــێوەیەك بـــەردەکانیان دادەنـــا، دەگونجـــا و هـــیچ بـــەردێك نەدەکەوت، تاپردەکەیان تەواو کرد!؟

یوسف لەسەفەر هاتەوە، دەلێو دەلالێ
شمشێرەکەی لەزەوی چەقاند، دەلێو دەلالێ
هەواڵی دەلالی پرسی، دەلێو دەلالێ

یوسف لەسەفەر هاتەوە، ڕاستەوخۆ هەواڵی دەلالی پرسی، بە بابی گوت: دەلال لەکوێیە؟

بابی وەڵامی دایەوە: وا لەماڵی پووریەتی.

ئەویش چووە ماڵی پووری، تەماشای کرد ئەوا پووری دەستی کردووە بەگریان و لانکی کوڕەکەی دەلالی ڕادەژەنێ. یوسف لەپشت دەرگاکەوە ڕاوەستا و خۆی مەڵاس دا و گوێ بیست بوو...

پوری دەلالی دەڵێ:

یوسف لەسەفەر دێتەوە، دەلێو دەلالێ
شمشێرەکەی لەزەوی دەچەقێنێتەوە، دەلێو دەلالێ
هەواڵی دەلال دەپرسێ، دەلێو دەلالێ
یوسف لەسەفەر دێتەوە، دەلێو دەلالێ
لەهەواڵی دەلال دەپرسێتەوە، دەلێو دەلالێ
بابی دەلال قەشەیە، دەلێو دەلالێ
شەڕابیان لە گۆسکەیە[1] دەلێو دەلالێ
خواردنەوەی خەڵك و قەشەیە، دەلێو دەلالێ[1]

١- گۆسکە: گۆزە

بابی دەلال ئەڵماسە، دەلێو دەلالێ
شەرابیان لەسەفەرتاسە، دەلێو دەلالێ
دەیخۆنەوە خەڵك و قەشە، دەلێو دەلالێ
دەلال لەنێو دیوارە، دەلێو دەلالێ
هەناسەی گەلێ سوارە، لەمن ژان و ژوارێ

لەپڕ یوسف هاتە ژوورێ و پێی گوت: هەموو شتێك تێگەیشتم، زیاتر بۆم ڕوون بکەوە، دەلال لە کوێیە؟

پووری دەلال کە یوسفی دیت، پێی گوت: ئەی دمم بشکێ، ئەمن نەمدیبووی، نەمزانی بۆ قسەم کرد؟!

یوسف دەڵێ: دەبێ باشتر بۆم بگێڕیەوە.

ئەویش بە وردی بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە.

یوسف چووە ماڵێ و گوتی: چۆن دەبێ دیوار لەسەر خوێنی دەلالی دروست بکرێ!؟

بابی گوتی: کوڕم وانییە.

یوسف گوتی: با، بەسەرهاتەکەیان بۆ گێڕاومەتەوە و وایە، دەبێ لەگەڵم بێی پیشانم بدەی.

کە چوون، ئەوەی دیت کە کونێکی چووکیان بۆ جێ هێشتووە، ڕۆژانە خواردنیان بۆ شۆڕ کردۆتەوە... هەر ئەوکاتەش خواردنیان بۆ شۆڕ کردەوە، دەلالیش لایەکی بسکی خۆی بڕییەوە و لەبەنەکی بەست، کاتێ کە بەرزیان کردەوە یوسف بسکەکەی دیت لەپڕمەی گریانی دا و هێند بسکەکەی بۆن کرد هێندەی ماچ کرد تا تەواو بەچۆکدا داهات و لێی کەوت.

---

١- بەپێی ئایینی مەسیحی ڕێ پێدراوە لەمەڕاسیم و بۆنەئاینییەکان قەشە چەند قومێك شەراب بخواتەوە.

یوسف بەردەوام ڕۆژانە خواردنی بۆ دەبرد، ڕۆژێك خواردنی شۆڕ کـردەوە، دەلال خواردنەکـەی وەرنـەگرت، تومـەز مردبـوو، یوسـفیش هەرلـەویٚ جـەرگ و سـیپەلکی خـۆی بەخەنجـەر پارچەپارچـە کـرد و لەبـەردەم کونەکـەی مـرد، منـیش لەوسـەر هاتمـەوە کراشـم دڕاو هیچـم پیٚ نەبڕا.

# کاکە مەم و خاتوو زین[1]

دەبێ و نابێ، سێ خوشك دەبێ، یەکێکیان زۆر نازدار و جوان دەبێ و ناوی (زین) دەبێ. شەوێکی پەرییەك دێت و مووروێکی شین لەسەر ناوکی (خاتووزین) دادەنێت، تاوەکو چیتر بەخەبەر نەیەتەوە، بەئاسماندا دەیفڕێنێ و دەیباتە کۆشکی (کاکە مەم) و لەنێو نوێنی کاکە مەم درێژی دەکات و مووروەکەش لەسەر ناوکی خاتووزین هەڵدەگرێتەوە. پاش کەمێك کە خاتووزین بەخەبەر دێتەوە، تەماشا دەکات ئەوە لای کەسێکی بێگانە درێژ بووە! چاوەکانی خۆی هەڵدەگلۆفێ، سەرەتا وا دەزانێ خەونە، دواتر تەماشا دەکات ئەوە ڕاستە و خەون نییە!! مستێك بە دەمی کاکە مەمی دا دەدات! کاکە مەمیش بەخەبەر دێت.

خاتووزین دەڵێ: ئەوە بۆ هاتوویتە ماڵ و مەنزڵی من؟ شەرم ناکەی؟!

کاکە مەمیش دەڵێ: ئەتۆ هاتوویتە ناو جێگە و بن پەتۆی[2] من...

لێیان دەبێتە دەمەقاڵێ و کاکە مەم دەڵێ: با بە کارەکەرەکەی خۆمان بڵێین و لێی بپرسین و بزانین کاممان هاتووینەتە نێو جێگای کاممان؟

کاکە مەم دەڵێ:

بابم کۆشکێکی بۆ دروست کردیمە
خشتێکی لەزێڕییە، یەکی لەزیوییە
لەبەرانبەری بەحرییە،

---

١- بێگومان ئەمە داستانێکی دڵداریی کوردییە، بەڵام کە هاتووەتە نێو ئەدەبیاتی (سریانی)یەوە، شێوەی گۆڕاوە.

٢- پەتۆ: بەتانی

شاهۆیان لێی دەکەنەوە ڕاوە ماسییە[1]
زینیش دەڵێ:

کاکم کۆشکێکی بۆ دروست کردیمە
خشتێکی لەزێڕییە یەکی لەزیوییە
بوولبوول لێی دەخوێنێ و
شاهۆیان لێی دەکەن ڕاوە ماسییە.

زین دەڵێ: ئەتو بەقەستی ئاوا دەڵێی؟ و دەڵێ:

کارەکەرێ مەلیك ڕەیحانە
سەرت دەربێنە لەکوپەی لەخمخانە
دەهەستە دەستت بدە لە فانۆسێ
لایەکی دیوەخانم بۆ ڕۆشنکەوە.

تەماشا دەکەن هیچ کام لەکارەکەرەکانی (زین) نایەن؟!
(کاکە مەم)یش بە کارەکەرەکانی خۆیدا دەڵێت:

هۆ بەنگینە بەنگینە
لەخورامێکی دەڕەنگینە
دەوەرە بۆم بێنە گومگومە[2] و مەسینە
لەوەتی ئێوارێ زاری پاشاکەت پڕ لەخوینە.

---

١- (بەفرین عەزین) بەدەنگ و لاوانەوەوە ئەمەی بۆ دەگوتم.

٢- گومگومە: لەشێوەی گۆسکەیەك دایە، بەڵام بەسفری زەرد دروست کراوە، ئاوی پێ دەگوازرێتەوە و ئاویشی تێدا عەمبار دەکرێ، یان ئاوی پێ گەرم دەکرێتەوە.

بەنگینە لەویٚ قیت دەبێتەوە و دەڵیٚ:

ئاغایێ من دەسەرییە، سەرم دەغولاٚمیٚ سەرییە
لەوەتی ئێواریٚ گومگومە و مەسینەم بۆ پاشایێ خۆ حازر کردییە.

خاتووزین گوتی: کاکە مەم ڕاستە پەریان ئەمنیان هێناوەتە ئێرە و هەموو شتێکم بۆ ڕوون بۆتەوە، با نەنووین، پەریان ئەمن دەبەنەوە.
کاکە مەم گوتی: نە بابە ئەوە درۆ و دەلەسەیە، خوا ئەتۆی بە من داوە، لە کویٚ لەمنت وەردەگرێتەوە...[1]؟!
هەتا بەیانی پێکەوە، عەیش و نۆش و دەستگەمەیان کرد، دوای ئەوەی وەکو لاولاو تێك دەئاڵێن، خەو لەچاویان دەکەوێت. پەریان دێن و مووورووە شینەکەی لەسەر ناوکی زینی دادەنێن و دەیبەنەوە زیر و بۆتان.[2]
کاکەمەمیش کوڕی پاشای یەمەنێیە، کە بەیانی خاتووزین لەخەو هەڵدەسیٚ، دەبینیٚ وا لەنوێنی ساردوسڕدایە! و دەڵیٚ: هەی هاوار لەخۆم، کاکە مەم بەقسەی نەکردم، ئەوە پەری ئەمنیان هێناوەتەوە.
کاکەمەمیش لەخەو هەڵدەستیٚ و دەبینیٚ زین لەویٚ نەماوە؟! زۆر خەفەتبار دەبێت و دوو سیٚ ڕۆژ لە قەسر و کۆشکی نایەتە دەریٚ.
بابی بە بەنگینە دەڵیٚ: بڕۆ بزانە کاکە مەم بۆچی نایەتە خواریٚ؟
بەنگینە دەچێتە لای کاکە مەم و پێی دەڵیٚ :بابت دەڵیٚ ئەوە بۆچی کاکە مەم نایەتە خواریٚ.
ئەویش دەڵیٚ: بڕۆ بە بابم بڵیٚ ئێستا دێتە خواریٚ.

---

١- واتە: تازە لە منت ناستێنێتەوە، یان ناتباتەوە.
٢- ئاماژەیە بۆ شاری جەزیرە و بۆتان لە فۆلکلۆر (جەزیرە) هەندیٚ جار بووە بە (زیرە)

کاکە مەم دێتە خوارێ و لەسەر کورسییەکی دادەنیشێ و بابی پێی ئەڵێ: کوڕم بۆ واخەمباری؟

کاکەمەمیش دەڵێ:

بابە ئەمن عاشقی زینم:
زینم دەوێ خوشکی مێر زیندی ئەردەڵانە
ماریان لە جەزیرە و بۆتانە

ئینجا کاکە مەم بە بابی دەڵێ: بابە دەبێ لەشکرێکم بۆ سازکەی.

بابیشی دەڵێ: ڕۆڵە شاری جەزیرە و بۆتان نییە و لۆغەتە. لە هەموو وەزیر و گزیرێك دەپرسن هەر هەمووی دەڵێن لۆغەتە و هەروا گوتراوە ئەم شارە بوونی نییە.

پاشا فەرمانی کرد زەماوەندێك ساز بکرێ حەوت شەو و حەوت ڕۆژ هەرچی کچی جوانە و هەرچی ژنی جوانە بێنە ناو شاییە.

پاشا گوتی: کوڕی خۆم، بەناو ئەو شاییەدا بگەڕێ، ئەوەی ئەتۆ دەستی لەسەر دانێی، ئەمن بۆت دەخوازم، تەنانەت ژنی بەمێردیش بێ، بۆتی تەڵاق دەدەم.

کاکە مەم لەسەر کورسی دانیشت و هەرچەندە کچی جوان دەوریان دەدا و شاییان دەکرد و خۆیان دەهێنایە پێش، بۆ ئەوەی کاکە مەم هەڵیان بژێرێ، بەڵام کاکە مەم سەری هەڵنەدەهێنا و تەماشاشی نەدەکردن!

بابی گوتی: کوڕم ئەتۆ ئەو خەڵکەت کوشت ئەوەندە شاییت بۆ بکەن، بۆ یەکێکت هەڵنەبژارد؟

کاکە مەم گوێی بەو قسانە نەدا و گوتی: ئەمن هەر زینم دەوێ.

وەزیر و گزیر کۆبوونەوە تا بە دەوروبەر بڵێن ئەگەر کاکە مەم هات و پرسی جەزیرە و بۆتان لەکوێیە، هەمووتان بڵێن ئەو شارە تەنها ناوێکە

بوونی نییە[1]. ئەوەبوو هەموو بەردەستەکانی ئەو کارەیان کرد و ئەو فەرمانەیان بەهەموو دێهات و شارۆچکەکانی دەوروبەریان ڕاگەیاند.

کاکە مەم چووە چەند گوندێك و پرسی شاری جەزیرە و بۆتان لەکوێیە؟

ئەوانیش پێیان دەگوت: ئەو شارە بوونی نییە.

کاکە مەم بەوەش ڕانەوەستا و لەگوندی دیکە دەگەڕا و هەر پرسیاری دەکرد... ئەو پرسیارەی لە زۆر گوند و شوێنی دیکە کرد، هەموو دەیانگوت: ئەو شارە بوونی نییە و ئەویش لەوسەری بەخەمباری دەگەڕایەوە.

پیرەمێردێکی زۆر کەنەفت[2] و بەساڵاچووی دیت، هێند چووك و قەمبوور ببۆوە و لەقەفەسێکیان نابوو.

مەم گوتی: بابچم لەو مامە پیرەیە بپرسم بزانم ئەو چی دەڵێ...

مەم ڕۆشت و سەلامێکی لە مامەپیرە کرد: ئەرێ مامە، شاری زیر و بۆتان هەیە؟ ئەی چۆن نییە. ئەمن حەوت ساڵان شوانیی و وەرزێری مێرزندینی بووم.

کاکە مەم گەشایەوە، گوتی ئەی بەقوربانی دمت بم مامە گیان.

خەڵکەکە گوتیان: بابە بۆ وات گوت! بۆچی ئێمە نەمان دەزانی ئەو شارە هەیە؟!

کاکە مەم پیرەمێردەکەی بەقەفەسەوە هەڵگرت و چوو لەبەردم بابی داینا، کاکە مەم گوتی: بابە ئەوەتە ئەو پیرەمێردە دەڵێ: ئەو شارە هەیە.

---

١- لەفۆلکلۆری کوردیدا، شاری ئەفسانەیی هەیە. واتە تەنها ناوە و شوێنەکە بوونی نییە وەك: قولەی قاف و شاری جابلوقا، بەڵام جەزیرە و بۆتان بوونی هەیە.

٢- کەنەفت: پیری بەساڵا چوو، ماندوو، زورهان

بابی کاکەمەمی زۆری پێناخۆش بوو گوتی: یاخوا بەخێرنەیەی پیرەمێرەی ئاخیرشەڕ، بۆ ئێمە نەماندەزانی کە ئەو شارە هەیە؟ بابە ئەمن خۆ دەمزانی، بەڵام ئەو شارە زۆر دوورە، حەوت ساڵی دەویٚ تا دەیگەیەی...

زۆر تکا و ڕجایان لە (کاکەمەم) کرد کە نەڕوات گوتی: هەر دەڕۆم.

پاشا و وەزیرەکان گوتیان: لەشکرێکی بۆ سازدەن، ئەوەی زینی هەبیٚ، لغاوی نەبیٚ، ئەوەی لغاوی هەبیٚ، زینی نەبیٚ، لەشکرێکی شپڕێو[1] بیٚ بۆ ئەوەی بگەنە هەر جێگایەك، یان گوندێکی، یەکسەر بگەڕێنەوە و وردە وردە لەشکرەکە لەکەمی بدات و ئازووقەشیان کەم بێتەوە، بۆئەوەی وردە وردە پەرش و بڵاوەی لێبکەن، تائەو کاتەی (کاکەمەم) بەتەنیا دەمێنێتەوە و بەناچاری ئەویش دەگەڕێتەوە.

بۆ ئێواریٚ، لەشکریان ڕێکخست و هەندیٚ لەئەسپەکان زینیان هەبوو، لغاویان نەبوو، بەپێچەوانەشەوە.

(کاکەمەم) گوتی: بەنگینە ئەو لەشکرەی بابم بۆی سازداوم، چۆنە؟

ئەویش گوتی: لەشکرەکەت لەشکرێکی بیٚ دواییە. ئەوەی زینی هەیە، لغاوی نییە.

هەرچۆنێك بێت ئەوا کاکە مەم گوتی ئەمن دەڕۆم.

ماوەی چەند فەرسەخێك[2] ڕۆیشتن، هەندیٚ لە لەشکرەکەی گەڕایەوە، پیٚ بە پیٚ لەشکرەکە تەنگی پێهەڵدەچنرا و ڕووی لەکەمی دەکرد، تاوای لێهات، تەنها بەنگینەی لەگەڵ مایەوە و ئەوانی دیکە هەموویان گەڕانەوە.

---

١- شپڕێو: شەپڕێو، خراپ، بێکەڵك

٢- فەرسەخ: دووری ماوەیەك کە نزیکەی شەش کیلۆ مەتر بێت.

کاکە مەم گوتی: بەنگینە، ئەوە لەشکرەکەمان هیچی نەما و پەرتەوازە بوو!

بەنگینەش گوتی: نەمگوت کاکە مەم لەشکرەکە زۆرە، بەڵام بێ دواییە!

کاکە مەم گوتی: قەیدی ناکات با ئاهی داك و بابی تۆشم لەدوو نەبێ، تۆش برۆ.

تێر یەکتریان ماچ کرد و بەنگینەش گەڕایەوە.

کاکە مەم بەتاقی تەنێ بەغەریبی ملی ڕێگای گرت... دواتر وا دەبێ کە کاکە مەم بیروڕای دەگۆڕێ و ئەویش دەگەڕێتەوە. دەگاتە گوندێك و بەنگینەش لەوێ دەبێ. دیسان بیروڕای کاکە مەم دەگۆڕێت و دەڵێ: بەنگینە، ئەمن ملی ڕێگای دەگرم و بەردەوام دەبم. ئەوجارەیان (بەنگینە) دەڵێ: ئەمن بەجێت ناهێڵم.

هەردووکیان سواری ئەسپەشێ بوون... ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتن، تا گەیشتنە کابرایەکی دەروێش.[1]

بە دەروێشیان گوت: ماندوونەبی مامەی دەروێش.

دەروێشیش گوتی: ئەی بەخێربێی کەسی مامی.

کاکە مەم گوتی:

بەنگینە

دەبڕۆ سندوقی زێڕی بشکێنە
هەندێ زێڕی لەبۆ مامەی بێنە

دەروێشیش گوتی:

بابە ئەمن دەروێش نیمە و خدرم
لەهەزار بارکەوتەی[1] وەکو تۆ حازرم

---

١- هەرچەندە بەدەروێش ناوی هاتووە، بەڵام ئەمە (خدری زندە)یە وبەکەڵکیان هاتووە.

ئـەو ڕێیـەی تـۆ بـۆی دەچـی، حـەوت سـاڵانە، دەمـن بـۆت دەکـەم بەحەوت شەو و حەوت ڕۆژ، هیچیشم ناوێ.

ڕۆیی لەشوێنێکی کە دیسان دابەزینـەوە و دەروێش لـەوێش حـازر بوو.

کاکە مەم گوتی:

بەنگینە بەنگینە
سندوقی زێڕی بشکینە
زێڕی لەبۆ دەروێشی بینە
دەروێشیش گوتی: کوڕم
ئەمن دەروێش نیمە و خدرم[2]
لەهەزار بارکەوتەی وەکو تۆ حازرم
ئەتو بەدوای خاتووزیندا دەڕۆی، ئاگات لەبکرۆکە بێ[1]؟!

کاکە مەم گوتی: خەمت نەبێ.

دەروێش گوتی: بڕۆ لای خاتووزینی لەخەفەتان وا ئاوری گرتییـە، حـەوت کچـی لەسـەر ڕووبـار دانـاوە، بـەس جلکـان بشـۆن، حـەوت جووتیاری لەسەر ڕێگاکان داناوە، هەر لە دەوری ڕێیان جووتی بکەن، کامەی مزگێنی بۆ بهێنێ، پارە و زێڕی دەداتێ.

کاکە مەم جلکەکانی سەرتاپا لەزێڕ بوو، هی بەنگینەش سەرتاپا لە زیو بوو.

کاکە مەم گوتی: بەنگینە بۆ جلکەکانمان نەگۆڕینەوە.

---

١- بارکەوتە: ئەو کەسەی کە بە باری لە وڵاخی لێکەوتووە و بە تەنیایە... لێرەدا وەك: لێقەوماو، کارەساتبار... بەکار هاتووە.

٢- لێرەش ناوی (خدر) مەبەست لەخدری زندەیە.

بەنگینەش گوتی: پاشا نابێ با پاشایەتی و خورامکاریمان هەر بمێنێ.

ڕۆیشتن و گەیشتە وەرزێرێکی خاتووزینی، سلاویان لێ کرد و گوتیان: ماندوو نەبی کاکەی جووتیارە، ئەتۆ جووتیاری کێی؟

جووتیار گوتی: جووتیاری خاتووزینم.

کاکە مەم لەخۆشیان شاگەشکە بوو، گوتی: بەنگینە دە سندوقە زێڕی بشکێنە و ئەو زەوییەی تۆ بدە بە زێڕوزیو.

بەنگینە گوتی: وەی بەقوربانت بم لە کۆشم[1] کە، لە کۆشم کە!

زێڕی لەکۆشێ کردن و هەر بەلینگدان[2] ڕۆیشت بۆ لای زین و زینیش لەقەسرێ دانیشتیە، گوتی: ها جووتیار بۆ وا پەشۆکاوی؟ هەوجاڕت شکایە؟ گاسن پسایە؟ چی بووە؟

جووتیار گوتی: بەخوا نە هەوجاڕم شکایە، نە نیرەم[3] شکایە، هیچم لێنەقەومایە، تەنها جوابی کاکەمەمم لەبۆ تو هینایە.

پاشا گوتی: ئەی بەخێر بێی، زۆر دڵخۆش بوو.

زینیش یەك باوەش زێڕی دایە و جووتیار لەخۆشیان هەر بەجلیتانێ[4] ڕۆیی و کاکەمەمیش لەکۆشکی زینی نزیك بۆوە.

خەڵکەکە گوتیان: ئەوە ئاغایەك واوە دێ[5]، سەرتاپای جلی لەزێڕە، خورامەکەی جلی لە زیوویيە!

---

١- کۆش: باوەش

٢- لینگدان: ڕاکردن بە پەلە بە نەزمی خۆش.

٣- نیرە: ئەو پارچە دارەی دەخرێتە ملی وڵاغ هەوجاڕەکەی پێوە گیرۆدە دەکرێ.

٤- جلیتانێ: هەڵبەز و دابەز، ڕاکردنێکی بەخۆشی و شادییەوە... هەروەها جۆرە یارییەکی فۆلکلۆرییە.

٥- واوەدێ: بۆ ئێرە دێ، بۆ لای ئێمە دێ، بەرەو ئێمە دێ.

کە کاکە مەم گەیشت، بەکرە شەیتان لغاوی ئەسپەکەی گرت و گوتی: فەرموو فەرموو.
کاکەمەمیش گوتی: ئەمن نابمە میوانی شەیتانی، دەبمە میوانی ڕەحمانی.
بووە میوانی (قەرەتادژین[1])ی.
قەرەتادژین دەنگی دایە براکانی چەتۆ[2] و عرفۆ و گوتی: وەرن ئەسپەشێی ببەن ئالیکی بدەنێ و کاکەمەمیش بابێ پشووی بدات.
بەکرە شەیتان گوتی: ئەگەر لەبن نینۆکم دەرنەهێنای، ئەمن بەکرە شەیتان نەبم؟!
لەقەسرێی داناو، خوشکەکەی خاتوو ئەستێ شیوی لێنا و لەخۆشی میوانان، شیو نیوەی سووتا:

کوڕە قەرەتادژین قەرەتادژینە
کوڕە دم بەخوینە
لەخۆشی میوانان ئاگام لەپراوی نینە
بن پراوێم کز کردینە...

شیویان دانا و نانیان خوارد و لەوێ مایەوە و خزمەتیان کرد. کە زانیان پاشازادەیە و لەوڵاتێکی دوورەوە هاتووە، زۆریان ڕێز لێگرت.
مێرزندین گوتی: بەکرۆك دەبا ئەو میوانەی بانگهێشت بکەین.
بەکرۆك گوتی: باشە.
بانگهێشتیان کردن.
کاکە مەم گوتی: ئەمن نەخۆشم ناتوانم بێم. ئەو ڕۆژەی نەچوو.

---

١- قەرەتادژین: یەکێك لە هاوەڵە نزیك و بڕواپێکراوەکانی کاکە مەم بووە.
٢- لەفۆلکلۆری کوردی چەکۆیە، بەڵام لێرەدا، ناوەکە بووە بە (چەتۆ)

خاتووزین ئاوەکەی بەردابۆوە، هەتا ئاویان نەمێنیٚ، هەتا قاپ و قاچاغی بباتە ماڵی خوشکی و بیشوات.

خاتووزین گوتی: کاکە ئاومان هیچ نەمایە، قاپ و قاچاغەکان دەبەمە ماڵی خوشکم دەیشۆم.

قاپ و قاچاغی لەسەر سەری داناو چوو. کاکە مەم دیتی، ئاوری تێبەر بوو، پێی هەڵگوت: خاتووزین توخوا ئاوڕەکم لێبدەوە، خاتووزین تورە بووە، چونکە کاکە مەم نەچۆتە ماڵیان، ئەوجارە پێی هەڵگوتەوە و گوتی:

خۆزیا وەك سینیەك لەدەوری بام
لەسەر ڕەشی چاو خومار بام
توخوا ئەگەر ئاوڕێکم لیٚ نەدەیەوە.

ئاوڕی لێنەدایەوە. (زین) چووە سەر قولەتێن[1] و قاپەکانی شووشت و دوایی هاتە لای کاکە مەم و ئەو شەویان هاتەوە بیر و تێر قسەیان پێکەوە کرد و دەروونیان بەسۆزی عیشقی لە نێڵەنێڵ و لەجۆشدابوو.

بۆ ڕۆژی دوایی دیسان گوتیان: با بانگهێشتی بکەین؟

گوتی: بابە ئەمن ناتوانم.

گوتیان: بڕۆن بەپشتی کەریش بیٚ کاکەمەمی بێنن بۆ ماڵمان، چەتۆ و عیرفۆ و قەرەتادژین هەمووی بێن.

چوونە لای و پێیان گوت و هێنایانە لای خۆیان و گوتیان: ئێمە دەچینە ڕاو، دەبیٚ لەگەڵمان بێی.

کاکە مەم گوتی: ئەمن ناتوانم.

---

١- قولەتێن: ئاوی کانیاوێك کە بەخێرایی دەربچێت، زۆرجاریش حەوزێکی بچکۆلانە ڕنگە ئاوەکەشی مەیلەو گەرم بێت لەدەوری دەکرێت.

پێیان گوت: لێره به، قەیدی ناکا، دەی خاتووزین جێگەیەکی بۆ ڕاخەن با کاکه مەم پشوو بدات.
خاتووزین چاوه چاویەتی بۆ ڕۆژێکی وا و دەڵێ:

هەورێکی هێنا ڕەشی لەتاری
دەبا بباری تنۆکه تنۆکەی بەفری
دەبا مێرزندین و لەشکرەکەی بچنەوه ڕاوه کەروێشکێ
هەورێکی هێنا ڕەشی دەژووری
دەبارێ تنۆکه تنۆکه دە بارانێ
دەبا مێرزندین و لەشکرەکەی بچنەوه ڕاوه کەروێشکێ.

ڕۆیشتن و بەس کاکه مەم لەماڵێ مایەوه. بەکرۆك شەیتان بوو، لەڕێگایه گەڕایەوه. دەبینێ ئەوه خاتووزین لەگەڵ کاکەمەمی پێکەوەن! کاکه مەم که ئەوەی دی، خاتووزینی لەبن عەبای نا و لەوکاتەش ئەوانی دیکه و مێرزندینیش هاتنەوه گوتیان: کاکه مەم ئەوه بۆ لەبەر مێرزندینی هەڵنەستای؟
کاکه مەم گوتی:

قوربانت بم قەرەتادژین تادژینه
لەلایەکم نارنجه و لەلایەکم لیمۆیه
هەستانی من لەبۆیه.

بسکی (زین) بەدەرکەوت و قەرەتادژین وەڵامی بۆ خاتوو ئەستێ نارد و پێیان گوت: بەس قورئان و لانکی لەماڵ دەربێنه، (قورئان) و لانکیان لەماڵ دەرهێنا و ئاگریان لەماڵ بەردا و بووه هەراو هۆریا، خەڵك بەسۆراغیدا دەچن بەکرۆکه لەپەنای دەرگا خۆی دەشارێتەوه و دەبینێ ئەوه زین لەبن عەبای دێته دەرێ؟!

بەکرۆکە دەڵێ: ئەوە لێرە بووی؟!
کاکە مەم خەنجەری لەکالانی دەرهێنا و ویستی بەکرۆکەی بکوژێ، خاتووزین نەیهێشت و گوتی: مەیکوژە.
دەنا هەر ئەوکاتەی دەیکوشت...
ماڵیان سوتا و لەماڵی مێرزندینی کۆبوونەوە و گوتیان بەکرۆکە ماڵی قەرەتادژینی ئاگری تێبەر بوو ماڵی دەر و جیرانان ئاوەدان بێ، ئەتۆ چیت پێشکەش کرد؟!
گوتی: وەڵڵا بابە ئەمن کەسانێکی بەدەستی خۆیان ئاگر لەماڵی خۆیان بەردەن، هیچیان پێشکەش ناکەم، کاکە مێرزیندین ئەوکاتەی ئاگر لەماڵت بەردرا، خوشکت لەبن عەبای کاکەمەمی هاتەدەرێ...
ئیدی بوو بە کێشە و هەراوهۆریا، قەرەتادژین تاوی دایێ بیکوژێ، هەموویان، چەتۆ و عیرفۆش...
بەلاّم مێرزیندین نەیهێشت، پاش دەمەقاڵێیەکی زۆر گوتیان حەزدەکەین سینی و زلفانێ[1] بکەین.
یاریان کرد و هەموو زێڕەکەی دۆڕاند و بەنگینەشی دۆڕاند، خاتووزینیشی دۆڕاند، دوو سێ جار پێی هەڵگوت:

دەیگوت کاکە مەم خۆم کردە دەروێش
زینم بەتۆ کرد پێشکێش
گوتی: ماڵت بێی ئاوا،
قبووڵم کرد، ئەوە بەخۆتم داوە.

خوشکی خۆی دوو جار پێشکەش کرد سەری سێیەمی گوتی کاکەمەم:

---

١- سینی و زلفان: سین و زەرف. جۆرە یارییەکی فۆلکلۆرییە و بەتایبەتی لەشەوی زستان و مانگی ڕەمەزاندا دەکرێت.

خۆم کردە دەروێش
زینم بەتۆ کرد پێشکێش
گوتی: ماڵت بێی ئاوا
قبووڵم کرد، بەخۆتم داوە

چەتۆ و عیرفۆ قەرەتادژین تووڕە بوون گوتیان ئەتۆ بۆچی هاتی؟
گوتی: بابە هەر گوتت زین زین، ئەمن نەمزانی ئەو زینەیە و ئەمن نەمزانی لەگەڵ خاتووزیننتە.

بۆ ڕۆژی دوایی چوونەوە ڕاوێ بەکرۆکە نەچوو، دانیشتن لەبۆ قومارکردن و بە خاتووزینی گوت تۆ هەر وەرە و بڕۆ لەبەرچاوی بۆ ئەوەی بیری لای قومارەکە نەبێ و بیدۆڕینێ.

خاتووزین هەر هات و ڕۆیی و چای هێنا. ئاگای لە قومار نەما و چی شتێکی کەمیش مابوو، هەمووی دۆڕاند و گوتی: کاکە مەم بابچین پیاسەیەکی بکەین؟

کاکە مەم لەگەڵ بەکری مێرگەوەڕی پیاسەی دەکرد، لەناکاو پاڵێکی پێوە ناو خستیە ناو زیندانەوە... تەنیا تولە و تاژی ئاگایان لێدەبی و هەموو ڕۆژێ سەری پێدا دەگرن، کەسیش نازانێ کاکە مەم لەکوێیە؟! تەنها بەکرۆکە نەبێ.

قەرەتادژین و چەتۆ و عیرفۆ هاتن گوتیان ئەستێ ئەوە چییە بۆ تولە و تاژیەکانی کاکەمەمی ئاوا لاواز بوون، خواردنیان نادەنێ؟

ئەویش گوتی: ئێمە خواردنیان دەدەینێ، خواردنەکەی ناخۆن و نازانین کێوەی دەبەن!

ڕۆژێك نییە دوو نییە، ڕۆژێك نانی بەتولە و تاژییەکان دەدەن و بەدوایان دەکەون، تولە و تاژییەکانیش دەچنە سەر زیندانێ، نانەکەی بۆ کاکە مەمی فڕێ دەدەن...

ئینجا هاواریان کرد: کاکە مەم بۆ لێرەی؟
کاکە مەم گوتی: بەکرۆك ئەمنی فڕێدایە ئەو زیندانەیەوە.
گوتی: خشکۆرە[1] ئینجا چی بکەین؟
گوتیان: با چل کچان بهێنین و لەزیندانێیان دەربهێنین؟ چونکە زیندانەکەی لەشێوەی ئەشکەوتێکی قوولْ بوو، کاکە مەم هێند لاواز و هیلاك ببوو، گوتی: باتەنیا زین بێ و دەرم بینێ، جا ئەگەر چاوێکم پێی بکەوێ و بشمرم، قەیدی ناکا؟ چونکە هێندە شەت و گێڕ بووبوو، قبوولْیان نەکرد کە خاتووزین بێ، دواتر کچیان پەیدا کرد بۆ ئەوەی کاکەمەمی دەربێهنن. کاتێك کە بەکرە شەیتان بەوەی زانی، ڕێگەی لەکچەکان گرت و هەریەکەو دیارییەکی دانێ، یەکێکیان گوارە و ئەوەی دی ئاوێنە و ئەوەی دیکە کل و... نەیهێشت بچن... کچەکان گەڕانەوە.
خاتوو ئەستێ گوتی: چارە، چی بکەم!
کاکە مەم لەزیندانی قولْ و تاریکدا گوتی ئەگەر ئەمن چاوم بەخاتووزین بکەوێ، دەمرم.
گوتیان: دەنا بۆخۆمان و خوشکەکانمان دەرت دەهێنین، پێمان غەدرە لێرە بمری.
کاتێك کاکە مەم چاوی بەخاتووزینی دەکەوێ لەنێو زیندانێ، دەمرێ[2] و دەچن دەینێژن.
بەنگینە و قەرەتادژین لەڕاو و ڕاوشکاری دێنەوە، بەسەرهاتەکەیان بۆ دەگێڕنەوە.
بەنگینە دەڵێ: ئەی هاوار ئەمن هیچم پێ ناکرێ.

---

١- خشکۆرە: خوشکۆرێ،خوشکۆڵێ، خوشکێ، خوشکەکەم
٢- لەئەدەبیاتی کوردیدا شیعرێك هەیە: شەش کەس شەهیدی عیشقن
شیرین بۆ فەرهاد لەیلێ بۆ مەجنوون
لەزیندانە مرد کاکە مەم و زین

هەموو ڕۆژێ خاتووزین دەچووە سەر قەبری و دەگریا و بەکرە شەیتانیش بەخاتووزین پێدەکەنی و دەیگوت خاتووزین ئەو نا ئەمن.

چەند ڕۆژێك بەو شێوەیەی لەسەر قەبری کاکەمەمی دەگریێ.

ڕۆژێك دەبینن خاتووزینیش لەسەر قەبری کاکەمەمی مردووە...

بەکری مێرگەوەریش هەر دەڵێ خاتووزین ئەونا ئەمن، مێرد بە من بکە، تەماشا دەکا ئەوە خاتووزین مردووە؟!

مێرگەوەر خەبەری هێناو بەمیرزندینی گوت: ئەوە خوشکەکەت لەسەر قەبری کاکەمەمی مردووە.

دەچن قەبری بۆ هەڵدەکەنن و لەتەنیشت کاکەمەمی دەینێژن.

بەکرۆکە لەسەر قەبران دەڵێ: گوێم لەتەقەی قەبری بوو، لەناو قەبری گەیشتنە یەك.

میرزندین گوتی: بەکرۆکە ئەوە چ بوو، ئەتۆ لەناو قەبریش وازیان لێناهێنی! شەرت بێ بەشەرتی خوای، ئەوا قەبرەکان هەڵدەکەنم ئەگەر لەپشتێنێ بۆ خوارێ گەیشتبنە یەك، ئەوا دەریان دەهێنم و لەبەر سەگانیان فڕێ دەدەم، خۆ ئەگەر لەپشتینێ بۆ سەرێ گەیشتبنە یەك ئەوا ئەتۆ لێرە دەکوژم...

قەبریان هەڵکەند و دیتیان ئەوە لەپشتینێ و بۆ سەرێ گەیشتوونەتە یەك و دەستیان هاویشتووەتە ملی یەك!

مێرزندین هەر لەوێ بەکرۆکەی کوشت، پرشکە خوێنێك دەرپەڕی لەبەینی هەردوو قەبرەکان شین بوو، بووە دڕك.

بەنگینەش گوتی: ئەوا ئەمنیش دەڕۆم جوابی بۆ بابی دەبەمەوە...

بەنگینە ڕۆیی پاش ڕێ بڕینێکی زۆر گەیشتێ و ئەو هەواڵەی بە بابی کاکەمەمی ڕاگەیاند...

دایکی کاکە مەم دەلاوایەوە و دەگریا...

پاشا زۆر تووڕە بوو گوتی: لەشکرێکی گەورەم بۆ سازکەن دەچینە سەریان.

بەڵام بەنگینە گوتی: هەموو لەگەڵمان باش بوونە، تەنیا بەکری مێرگەوەڕ نەبێ، ئەویش کوژرا.

# میــر هــەمــزەی عــارەب[1]

هەبوونـەبوو لەمەملەکـەتێکی فراوانـدا دوو پاشـا هـەبوو، یـەکێکیان حەوت کوڕی هەبوو، ئەوی دیکەشیان، حـەوت کچـی هـەبوو. هـەردوو پاشا لەسەر ئەوە ڕێکەوتن هەر حەوت کـوڕ، حـەوت کچـەکەی بهێـنن و لـەخۆیانیان مارەبکـەن. چـونە خـوازبێنی و مـارەبڕان... لەبـەر ئـەوەی ماڵی پاشـا دەستڕۆیشـتوو و دەوڵەمەنـد بـوون، هـەر حەفتـەی شـایی و لۆغانی یەکێك لەکوڕەکان بوو، بەو شێوەیە، شـەش لـەکوڕەکان، ژنیـان هێنـا و نـۆرە هاتـە سـەر دوا کـوڕی پاشـای کـە کچـە بچـکۆلانەکەی پاشاکەکە دیکە بهێنێت.

شـەوێکی پـێش زەماوەنـد، شـای مـاران، لـەملی کـوڕی پاشا ئـالا و پێی گوت: نابێ ئەتۆ ئەو کچەی بهێنی و دەبێ (کچی قەراری فەرەنگ) بهێنی!

(مـیر هـەمزەی عـارەب) گـوتی: ئـاخر ئـەو کـارە چـۆن دەبـێ و چـۆن دەکرێ؟!

شای ماران پێی گوت: گەر ئەو کارە نەکەی، لەناوت دەبەم.

میر هەمزەی عارەب، بەناچاری گوتی: باشە.

بـۆ دوا ڕۆژ کـاتێ خـەڵك چاوەڕێی زەماوەنـدی بـوون و بـۆ بینـینی زەماوەندی دواهەمین کوڕی پاشا خۆیان ئامادە کردبوو، میر هـەمزەی عارەب بە بابی گوت: ئەمن ژنی ناهێنم.

---

١- لەم چیرۆکەدا باس لە مار و شای ماران دەکرێت کە لە هەندێك کتێبی فۆلکلـۆریی تـردا باسوخاوسـی هـاتووە... بڕوانـە: حیکایـەتی فۆلکلـۆریی گیانـداران- ڕەمـزی مـار نموونـەی لێکۆڵینەوەکـە، پ. د. شـوکریە ڕەسـوول، لـە بڵاوکراوەکـانی ئنسـتیتیوتی کەلـەپووری کـورد، سـلێمانی، چ (شڤان)، ٢٠٠٥. هـەروەها: چـەپکێك چیرۆکی فۆلکلـۆری، کۆکردنـەوە: ئەحمـەد شادی، لە بڵاوکراوەکانی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، سلێمانی، چ (شڤان)، ٢٠٠٥، ل١١

بابی گوتی: ئەتۆ ئابڕوومان دەبەی؟! ئەوڕۆ زەماوەندە، تۆ بەدوای شتی بێکەڵك مەکەوە. زۆری لەگەڵ گوت، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو.

ڕکێفی لەئەسپەکەی دا و بۆی دەرچوو... لەڕێگا گەیشتە کەسێك، دیتی ئەوا سەری بەکەڵەکە بەردێکییەوە[1] ناوە!

میر هەمزەی عارەب پێی گوت: ئەوە خەریکی چی؟

کابرای گوێ سووك گوتی: ئەوە حەوت دانە ساڵە شوژنێکم کەوتۆتە ناو ئەو کەڵەکە بەردانەوە و هەروا زرینگەی دێ!

میر هەمزەی عەرەب گوتی: ئەی ماڵت بەقوڕ نەگیرێ، بەخوا گوێیەکی زۆر سەیر و هەستەوەرت هەیە!

کابرا گوتی: بابە جا ئەوە چییە، میر هەمزەی عارەب حەفتاو حەفت، حەمبوشایەی[2] کوشتووە و لچ و لێوەکانی بڕیون و لەهەگبەی خۆی ناوە، لچ و لێوی هەریەك لە حەمبوشایەکان، حەفتاوحەوت باتمان بوون.

میر هەمزەی عارەب گوتی: ئەگەر میر هەمزەی عارەب ببینی چ دەکەی؟

کابرای گوێ سووك گوتی: دەبمە یاریدەدەریی و چی بڵێ، بەقسەی دەکەم.

میر هەمزەی عارەب گوتی: ئەوە ئەمنم... گوێ سووك زۆری پێ خۆش بوو، بەگەڵی کەوت و پێکەوە ڕۆیشتن... گەیشتنە پیاوێك،

---

١- کەڵەکە بەرد: پاردە: شوێنێك بەردێکی زۆری خرابێتە سەر یەك شێوەی دیوار یان شورەی پێ دروست کرابێت.

٢- جۆرە بوونەوەرێکی زەبەلاحی ئەفسانەییە و لەحیکایەتی سریانیدا بوونی هەیە، لەشێوەی (دێو درنج)... زۆرجار منداڵێك زۆر هاروهاچ بێت زۆر نان بخوات و شت بڕێژێت، پێی دەڵێن: دەڵێی (حەمبوشایە)ی، دەشێ لە (حەم+لوشە)وە هاتبێ واتا زۆر خۆر و لەناوبەر، واتا وشە کوردیەکە هاتبێتە نێو سریانی.

دیتیان کە هەر پێیەکی پیاوەکەی حەوت بەردە دەستاڕی پێوەیە و هێند سووك و بەغاربوو، کارمامزانی لەئاسمانەوە دەگرت!

میر هەمزەی عارەب گوتی: ئەی ماڵت نەڕمێ (پێ سووك) ئەوە چ حنەریەکە!؟[1]

کابرای پێ سووك گوتی: کوڕە بابە ئەوە حنەری نییە، حنەری ئەو حنەریەیە کە میر هەمزەی عارەب حەفتاوحەفت حەمبوشایەی کوشتووە.

میر هەمزەی عارەب گوتی: گەر میر هەمزەی عارەب ببینی چی بۆ دەکەی؟

پێ سووك گوتی: دەبمە بەردەستی و چی بوێ، بۆی دەکەم.

میر هەمزەی عارەب گوتی: ئەوە ئەمنم. ئەویش بەگەڵی کەوت...

هەرسێکیان پێکەوە دەڕۆیشتن و ڕێگایەکی زۆریان بڕی و گەیشتنە شوێنێك، تەماشا دەکەن ئەوە شایی و هەڵپەڕکێیە و بەسەدان مەنجەڵە خواردن دەکوڵێ! لەوێ مانەوە، کاتی نانخواردن پیاوێکی چنەخۆری[2] لێبوو، هەر بەدوو کەسان دم و لچی پیاوی چنەخۆریان دەگرت و مەنجەڵەکەیان ڕۆ دەکردە نێو دمی، مەنجەڵەکانیان بەسەر یەکتری فڕێ دەدا و کابرای چنەخۆر دەیگوت ئەی هاوار مردم لەبرسان!

هەموو مەنجەڵە شیوەکانی خوارد و هەر تێرنەبوو، خەڵکەکەش بەبرسیەتی مانەوە.

میر هەمزەی عارەب گوتی: ئەوە حنەرییە.

---

١- حنەری: جونەری، کە دەرکێ لە (هونەری)ییەوە هاتبێت.

٢- چنەخۆر: چڵێس، زۆرخۆر،کەسێك بەجنگ و بەهەڵپەوە شیو بخوات.

کابرای چنەخۆر گوتی: کوڕە بابە ئەوە حنەری نییە، حنەری ئەوە حنەرییە میر هەمزەی عارەب حەفتا و حەفت حەمبوشایەی کوشتووە.
میر هەمزەی عارەب گوتی: ئەگەر میر هەمزەی عارەب ببینی چی بۆ دەکەی؟
چنەخۆر گوتی: بەدوای دەکەوم و چی بویّ، بۆی دەکەم.
میر هەمزەی عارەب گوتی: ئەوە ئەمنم.
کابرا سەری سوڕما و گوتی: بەگەڵت دەکەوم.
وەڵڵا بابە لەگەڵم مەیە ئەمن تۆم پیّ تێر ناکریّ.
کابرای چنەخۆر گوتی: مەترسیّ بەدەست خۆمە، ئەگەر بمەویّ بەدەیان مەنجەڵ تێر نابم، ئەگەر ئارەزووشم بیّ، بەیەك لەتە نان تێر دەبم!
میر هەمزەی عارەب گوتی: کەوابیّ وەرە و بەگەڵم کەوە.
هەر لەویّ چەند ئەسپێکیان پەیدا کرد و هەرچواریان بۆی دەرچوون...
ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا نزیك کەوتنەوە لەماڵی (قەراری فەرەنگ) و گەیشتە کەسێك.
میر هەمزەی عارەب گوتی: ئەوە ئەمن هاتووم بچمە خوازبێنی کچی قەراری فەرەنگ.
کابراش پێی گوت: پێت دەڵێم نەچی! ئەو قەڵا گەورەیەی دەبینی؟
میر هەمزەی عارەب گوتی: بەڵێ دەیبینم.
کەسەکە گوتی: ئیّ ئەوە هەمووی بەکەللە سەری مرۆڤان دروست کراوە، هەر کەسێك چووەتە لای پاشای، چەند مەرجێکی قورسی بۆ داناوە و ئەوکەسەش نەیتوانیوە جێبەجێیان بکات و پاشاش لەسەری داوە!

میر هەمزەی عارەب گوتی: ئەوە فەرمایشتی شای مارانە و ناتوانم دوای نەکەوم.

هەرچوار سوارەکە بەرەو ماڵی پاشای ڕۆیشتن، بەڵام ئێوارە درەنگ بوو، گوتیان داڵدەیەك[1] بۆ خۆمان بدۆزینەوە و ئەوشەو تێیدا بنووین.

هەر لەوێندەر، پیرەژنێکیان دی.

میر هەمزەی عارەب پێی گوت: دایەپیرە شوێنت هەیە ئەوشەو لەلات بمێنینەوە؟

پیرێژن گوتی: ئەمن شوێنی وام نییە، کۆڵیتێکی چکۆلانەم هەیە تێیدا دەژیم، ئێوە چوار کەسن و چوار ئەسپتان پێیە.

میر هەمزەی عارەب هەندێك زێڕ و پارەی پیشانی پیرەژنەکەی دا، پیرەژن کەوتە هەلەکەسەماکردن و قبووڵی کردن و بردنیەوە ماڵێ و جێی بۆ کردنەوە.

شەوێ لەگەڵ پیرێژنەکەی قسەیان کرد، میر هەمزەی عارەب لەکچی پاشای فەرەنگی پرسی و پیرێژنیش گوتی: ڕۆڵە، کچێکە هێندە جوانە هەر لایەقی تۆیە، بەڵام ئەو قەڵاتەت دیوە، هەمووی بەکەللەسەری مرۆڤان دروست کراوە، دەترسێم سەرت تێدا بچێ.

میر هەمزەی عارەب گوتی: دایەپیرە ڕێەکم بۆ دانێ؟

پیرێژن گوتی: ئەمن ناتر و سەرشۆری کچی پاشای فەرەنگم.

میر هەمزەی عارەب گوتی: هەی بەقوربانت بم دایەپیرە، بەو کیژە بڵێ میر هەمزەی عارەب داوات دەکا، ئیدی بەسە، با چیدی سەری ئەو هەموو گەنجە مێرخاسە جوانانە نەبڕدرێت، مێرد بە میر هەمزەی عارەب بکە.

دایەپیرە گوتی: باشە بەیانی پێی دەڵێم.

---

١- داڵدە: پەناگە، شوێنی حەوانەوە

بەیانی پیرێژن چووە لای کچەکە و پێی گوت: کچی خۆم وا بڕوات، تۆ قژی سپی دەهۆنیەوە.

کچەکەش گوتی: جا ئەمن چ بکەم، دەسەڵاتم نییە.

دایەپیرە گوتی: ئەوە شۆڕە لاوێك هاتۆتە داوات، بۆ ناتەوێ.

کچەکە گوتی: ئەمن دەمەوێ بیبینم.

پیرێژن ئێوارە درەنگان میر هەمزەی عارەبی بردە لای کچەکەی و لەگۆشەیەك پێکەوە دانیشتن و قسەیان کرد و زوو دڵیان پێکەوە چوو.

کچەکە گوتی: بابی من چەندان مەرجی هەیە بۆ ئەوەی ئەمن بدات بەتۆ.

میر هەمزەی عارەب گوتی: مەرجەکانی جێبەجێ دەکەم.

هەردوو ماڵئاواییان لەیەك کرد و بۆ ڕۆژی دوایی، میر هەمزەی عارەب چووە لای پاشا و گوتی: پاشا مەرجەکانت بڵێ، بزانم چین؟

پاشاش گوتی: ئەو قەڵا بەرزە دەبینی، هەر هەمووی بەکەللە سەری گەنجان دروست کراوە، تەنها جێی یەك کەللە سەر ماوەتەوە، بڕۆ وازبێنە ئەتۆ گەنجێکی زۆر قۆزی، با لەسەرت نەدەم.

میر هەمزەی عارەب گوتی: مەرجەکانت بڵێ، ئەگەر جێبەجێم نەکرد، لەسەرم بدە و با قەڵات بەسەری من تەواو بێت، ئەمن ئەو سەرەم هێناوە و نایگەڕێنمەوە.

پاشا گوتی: مەرجەکانی خۆم دەڵێم: ئێمە حەوت مەنجەڵی زۆر گەورە شیو لێدەنێین، دەبێ خۆت و ئەو سێ کەسەی لەگەڵت هاتوون، بیخۆن.

میر هەمزەی عارەب گوتی: باشە.

چوونە ئەو شوێنەی کە حەوت مەنجەڵەکەی تێدا ئامادە کرابوو، هەریەکەیان حەوت مراك خواردنیان خوارد و تێربوون.

میر هەمزەی عارەب گوتی: چنەخۆر دەی هەموو شیوەکان بخۆ.

چنەخۆر گوتی: ئەمن ڕیخۆڵەم باریك بۆتەوە، پێم ناخورێ؟!

میر هەمزەی عارەب گوتی: بابت چاك، داكت چاك بیخۆ.

چنەخۆر گوتی: ئیّ بابە خۆ بەزۆری نییە، پیّم ناخوریّ، گونی خۆی كردە باتمان[1].

میر هەمزەی عارەب زۆری لەبەری پاڕایەوە، بەڵام چنەخۆر هەر گوتی: باشە گویّ سووك و پیّ سووك دەوەرن یەكی لچێكم لێبكەنەوە، بە میر هەمزەی عارەبیشی گوت: ئەتۆش مەنجەڵ لەدوای مەنجەڵ ڕووی بكەرە نێو دمم. گویّ سووك و پیّ سووك لچەكانیان لێككردەوە و میر هەمزەی عارەبیش مەنجەڵی ڕۆدەكردە نێو دمی چنەخۆری. هەردەیگوت ئەی هاوار مردم لەبرسان، شرق و هۆڕی قابلەمە ئەو ناوەی پڕ كردبوو...

گوتیان: پاشا ئابڕومان چوو، هەر هەموو خواردنەكەیان خوارد و هەر دەڵێن ئەی هاوار مردین لەبرسان، باشە ئەو مەرجەت بردەوە.

مەرجی دووەم ئەوەیە جۆرە گیایەك لەكەنار ئاوی دەریایەكی دوور هەیە پێی دەڵێن (گیای ژیان)[2] و تەمەنی مرۆڤی پیّ درێژ دەبیّ، ئەمن بەردەستێكی خۆم دەنێرم بۆ هێنانی ئەو گیایە، ئێوەش كەسێكی خۆتان بنێرن، ئەگەر نێردراوەكەی ئێمە زووتر هاتەوە، ئەوا لەسەری میر هەمزەی عارەب دەدرێت، خۆ ئەگەر نێردراوەكەی ئێوە زووتر هاتەوە، ئەوا ئەو مەرجەش دەبەنەوە.

---

١- ئەمە پەندێكی سریانییە بۆ ئەو كەسە بەكاردێت كە شتێكی لەدەست بێت و ناز و فیز بكات و واخۆی پیشان بدات كە پێی ناكریّ، جا ئارەزووبكات لێی بپاڕێیتەوە، زۆر جاریش دەڵێن (ئەمە گون و كیری كردە باتمان). لە پەند و ئیدیۆمی كوردیدا لەبەرامبەر ئەمە دەگوتریّ: تری خۆی زل كرد.

٢- لەداستانی گلگامێش ئاماژە بەوە دەكا كەماوەیەكی زۆر بەدوای (گیای ژیان) گەڕاون، بەڵام ئەم گیایە ماندووبوونی زۆری دەویّ، هەرچەندە لەم حیكایەتە سریانییە تەمەن زیاد و درێژ دەكات، بەڵام لەداستانی گلگامێش ئەو كەسانەی ئەم جۆرە گیایە بخۆن نامرن.

پاشا پیرێژنێكی شارەزای نارد بۆ ئەوەی ئەو گیایەی بناسێتەوە و بیهێنێت. (میر هەمزەی عارەب)یش (پیێ سوك)ی نارد، (پیێ سوك) هەر هەمباسكەی[1] لێدەدا لەشیوەرێك ئەودیو دەبوو، بەدوو هەمباسكان گەیشتە پیرەژن و دوو چەپۆكی لێدا و كوشتی، هەر زوو چوو (گیای ژیان)ی بۆ پاشای هێنا...

پاشا واقی وڕمابوو، چۆن ئەو گیایەی دۆزیەوەتەوە و بەو زوویەش هاتۆتەوە؟! گوتی: ئەدی پیرێژنەكەی من بۆ هەرنەهاتەوە، چەند كەسانێكی لەبەردەستەكان نارد، چوون و هەواڵیان هێنایەوە، گوتیان: گەورەم، چەند فەرسەخێك لێرە دووركەوتۆتەوە و مردووە، پاشا بەچۆكی خۆی كێشا و گوتی: ئەو مەرجەشتان بردەوە.

پاشا گوتی: مەرجێكی دیكەم هەیە، ئەمن ئەوە پێنج ساڵە لەنێو ئەو بەندەن[2] و غەرە بەردانە بۆ ڕاوشكاری چووم گوستیلەیەكم لێبزربووە، ئەو گوستیلەیە زۆر خۆشەویستە لام، لەباپیرم بۆم ماوەتەوە، دەبێ بیدۆزنەوە.

(گوێ سوك) گوتی: زۆر ئاسانە... بەدەشتێ وێڵ بوو، كاتێ گوێی نا بە زنار و تاوێرە بەردەكانەوە، هەستی كرد هەروا دەزرینگێتەوە، گوستیلەكەی بۆ هێنا! پاشا زۆر دڵخۆش و شاگەشكە بوو، پێی گوتن دەستان خۆش ئەو مەرجەشتان بردەوە.

مەرجێكی دیكەشم هەیە، ئەو فنجانە قاوەیە پڕ شیر دەكەین و دەبێ بەسەر ئەو درەختە بەرزە بكەوی، بەڵام نابێ یەك تنۆك شیر لەو فنجانە بڕژێ.

---

١- هەمباسكە: هەنگاوی درێژ، بازادن

٢- بەندەن: شاخ و كێو و پێدەشتەكانی دەوری چیا.

میر هەمزەی عارەب فنجانە شیرەکەی هەڵگرت و کچی پاشا گوتی: ها گوستیلەی خۆمت بدەمێ، بیخە ناو فنجانە شیرەکەیەوە، شیرەکە ناڕژێ!

میر هەمزەی عارەب هەر کە گوستیلەکەی خستە ناو فنجانە شیرەکەیەوە، شیرەکە یەکسەر مەیی و بوو بە ماست، وەك جاڵجاڵۆکە بەسەر درەختی چناردا سەرکەوت و زێدی بابی خۆی و دێی بابی دیت و فرمێسك لەچاوانی کەوتنە خوارەوە!

گوتیان: ئەو مەرجەی دۆڕاند. هاتە خوارەوە و گوتی: سەیری شیرەکەی بکەن، هیچ نەڕژاوە، ئەوا ئەمن کەونارای[1] باب و باپیری خۆمم دی و غوربەتم هەستا و گریام.

وەزیر و گزیر پارچە قوماشێکیان لەبن دارچنارەکەی ڕاخستبوو کاتێك کە تامیان کرد، زانیان ئەوە ئەسرینە و شیر نییە...

پاشا گوتی: ئەوا منیش کچی خۆمت پێشکەش دەکەم.

میر هەمزەی عارەب کچە جوانەکەی پاشای فەرەنگی خستە پاشکۆی ئەسپەکەی و ماڵئاوایی لێکردن و ئەو پیرەژنەی کە بەهانای هاتبوو ماچی کرد و هەندێکی دیکە زێڕ و پارەی دایێ و ماڵئاوایی لێ کرد، پاشاش دونیایەك کەلوپەل و پارە و زێڕی دایە کچەکەی و بەڕێکرد.

میر هەمزەی عارەب ڕۆیشت و ڕووی لە ئەشکەوتێك کرد کە ماری تێدابوو، کچەکە ترسا و گوتی: ئەو مارانە دەمان خۆن.

میر هەمزەی عارەب گوتی: مەترسە هیچمان لێناکەن، لەپڕ شای ماران گیفاندی و هەموو تووڵەمارەکان ڕێگەیان بۆ چۆڵ کرد و شای ماران زۆر دڵی خۆش بوو، پیرۆزبایی لێکرد.

میر هەمزەی عارەب گوتی: ئێستا شای ماران چیت دەوێ؟

---

[1]- کەونار: زێدی باب و باپیران

شای مارات گوتی: هیچم ناوێ، ئەمن مەبەستم ئەوەبوو کە ئازایەتیی و قارەمانی تۆم بۆ دەربکەوێ، پیرۆزت بێت و بڕۆوە ماڵی خۆتان.

شای ماران بەدەیان ماری لەگەڵ میر هەمزەی عارەب نارد، ئەو مارانە لەودیو و ئەودیوی ئەسپەکە سەمایان دەکرد و دەیان گیفاند، تا میر هەمزەی عارەبیان گەیاندە نێو گوندی. کە گەیشتەوە نێو گوند، سەیری کرد زەماوەندی کۆنە دەستگیرانەکەیەتی، ئەویش لەوێندەر مارەی کرد و زەماوەندیان گێڕا و بابی و خزم و کەسی زۆر دڵیان پێی شاد بوو، بۆ ڕۆژی دوایی مارەکانی بەڕێ کرد، چونکە شای ماران پێی گوتبوو ئاگاداری ئەو مارانە بە، ئیدی هەموو لایەك بەیەكدی شادبوونەوە و منیش لەوێ هاتمەوە، کراشم دڕا و هیچم پێ نەبڕا.

# گـــونـــەچـــارە[1]

هەبوونـەبوو لـەخوا گـەورەتر نـەبوو، لەبەنـدەش درۆزنـتر نـەبوو، پیاوێــك دوو ژنـــی هـــەبوو، ژنەگەورەكـــەی كچـــێكی جوانكیلـــە و مانگایـــەكی هـــەبوو. ئـــەو ژنـــە دوای ماوەیـــەك نـــەخۆش دەكـــەوێت و دەمرێـت، بـەڵام كچـەكەی لەبـەر خۆشەویسـتی دایكـی، زۆر گرنگـی بـە مانگاكەی دەدا و كاو و ئالیكی پێ دەدا و خزمەتی دەكا.

ڕۆژێكیـان ژنـە چـووكەكەی هـەر بـەدرۆ خـۆی نـەخۆش دەخـات و دەست دەكات بە نركە نرك و ناڵە ناڵ! كە مێردەكـەی دێتـەوە ماڵـێ و پێی دەڵێ ئەوە بۆچی نەخۆشی؟ ئەویش دەڵێ:

هەژانە ژانە ژانە
گۆشتی مانگام دەرمانە

مێردەكەی مانگاكەی بۆ سەر دەبڕێ بەو نیازەی بەڵكو گۆشتی ئـەو مانگایە بخوات و بۆی ببێت بەشیفا و چاك ببێتەوە...

كیژۆڵە جوانكیلەكەش، زۆر دەگریا و زۆری پێ ناخۆش دەبێ بۆیـە دوای سـەربڕینی مانگاكـە، كچـە گۆشـتەكەی نـاخوات و ژنەكـەش لـە گۆشـت خـواردنی تێـر دەبـێ و دەڵـێ: ڕەبـی گـۆڕ بـەگۆڕ بچـی گۆشـتی مانگاكەشت تاڵە.

پیرێـژنێكی دراوسـێیان ڕێ و شـوێنی بـۆ كیژۆڵەكـەی دادەنـێ و پێـی دەڵێ: ڕۆڵـە ئـەتۆ هـەوڵ بدە هەرچی ئێسك و پروسك و پێستە و شاخ و

---

١- چیرۆكی فۆلكلۆری (گونـە چارە) لـە زۆر كتێبی فۆلكلۆریدا نـاو و گێڕانـەوەی هەیـە... بڕوانـە: حەكایـەتی خـورافی كـوردیی لـە ڕووی مۆرفۆلۆژییـەوە، د. شـوكریە ڕەسـووڵ، لـە بڵاوكراوەكانی ئنستیتیوتی كەلەپووری كورد، سلێمانی، چ (شڤان)، ٢٠٠٣، ل٥٨

سمی مانگاکەیە، هەمووی کۆ بکەوە و لە چاڵێکدا بیشارەوە و بیخە ژێر گڵ، ئەوانە دوای ماوەیەك هەر هەموویان بۆت دەبن بەزێڕ و گەوهەر!

هەموو ڕۆژێ زڕدایکی کچەکەی، دەچووە سەردان و گەڕان و سوڕان، ئەو کیژۆڵە هەژار و بێکەس و بەستەزمانەش کە ناوی (فاتمە خان) دەبێ، لەماڵێ بەجێ دەهێڵێ و هەموو ئیشوکارەکانی پێ دەکات.

ڕۆژێکیان زڕدایکی و کچەکەی گونەچارەی، دەچن بۆ ئاهەنگێکی، بەڵام زڕدایکی بە فاتمەی دەڵێ: هەتا دێمەوە، ئەو ماڵەی پاکوخاوێن ڕابگرە و حەوت کوپەمان هەیە دەبێ بەفرمێسکی چاوەکانت پڕیان بکەی و هەموو ماڵەکەمان بەبرژانگی چاوەکانت بماڵی[1]، هەر هەمووشی بەئەسرینی چاوەکانت ئاوڕشێن بکەی!

کە ئەوان دەڕۆن، پیرەژنەکەی گەڕەکێ پێی دەڵێ: ئەرێ ئەوە بۆ نەچووی بۆ ئاهەنگەکەی؟

فاتمە خانیش دەڵێ: زۆر لەزڕدایکم دەترسم و کۆمەڵێ مەرجیشی بۆ داناوم، ئێ داپیرە ئەو بەسێ چوار کاتژمێری تر دەگەڕێتەوە، ئەمن ئەو هەموو کارانەم چۆن پێ دەکرێت؟!

پیرێژنەکەش پێی دەڵێ: خەمت نەبێ چەند پەرە ئینجیلێك دەخوێنمەوە، هەر هەمووی جێبەجێ دەبێت. دەی فاتمەخان بڕۆ لەگەرماوەکە جوان خۆت بشۆ.

دوای ئەوەی کە فاتمەخان چوو خۆی شووشت، پیرێژنەکە گوتی: دەی کچم بڕۆ ئەو سم و شاخ و پێستەی مانگاکەی دایکت کە خستبووتنە ژێر زەوی، دەریان بهێنە!

---

١- لەشیعری فۆلکلۆری کوردیدا ئەم وێنەیە هەیە کە بەبرژانگ خاکی بەرپێی یار و بەردەرگای ماڵی خۆشەویستەکەیان دەماڵن، بۆ نموونە (بێسارانی) لەم دێرە شیعرەدا دەڵێت:

بەبرژانگی تیژ بۆیە خۆشحاڵم

خاکی بەردەرگای تۆی پێ دەماڵم

کاتیٚ فاتمەخان چوو دەریهێنان، تەماشا دەکات پێستەکەی بۆتە دەستە جلکێکی زۆر جوان و زێڕ پۆش و ئەتریسکێتەوە، سمی مانگاکەش بۆتە پانی بەرز و ئێسك و پروسکی مانگاکەش هەر هەمووی بووەتە زێڕوگۆبەرە!!

فاتمەخان دڵی زۆر بەوە خۆش دەبێت و جلکەکانی لەبەر دەکات و پانی بەرزەکان لەپیٚ دەکات و هەموو زێڕ و گەوهەرەکەش وەخۆ دەخات[1]. پیرێژنەکەش کلی لەچاوەکانی فاتمەخان دەکا و زۆر بەجوانی تەدارەکی دەدا.

فاتمە خان بەرەو دەنگی زەماوەندەکە دەڕوات و کە دەگاتیٚ، تەماشا دەکەن ئەوە کچێکی جوان دەڵێی مانگ و ڕۆژە وادیٚ. پیرێژنەکەش دەڵیٚ (هەیڕن هەیڕن کچم هات، هەیڕن هەیڕن کچم هات)، بەڵام کاتیٚ کە گەیشتە نێو ئاهەنگەکە، زڕدایکی و گونەچارەی کچی، زۆریان پیٚ سەیربوو، گونەچارە بەدایکی گوت: ئەوە فاتمەخانە؟! دایکیشی گوتی: ئەوە هەو نییە ئەو لەماڵەوەیە و ئەو هەموو ئیشوکارەی هەیە، چۆن دێتە ئێرە! دواتر ئەو داماوە، ئەو هەموو زێڕ و جلە جوانانەی لەکویٚ هێناوە؟!

فاتمەخان هێندە جوان و ناسك بوو، نەرمونۆڵ دەرچوو بوو، گومانیان هەبوو کە ئەمە فاتمەخان بێت. هەموو خەڵك تەمشایان دەکرد. نیو کاتژمێری مابوو ئاهەنگەکە تەواو بێت، پیرێژن بە فاتمەخانی گوت: وەرە بابڕۆینەوە بەرلەوەی زڕدایکت بگەڕێتەوە، دەبیٚ ئێمە بگەینەوە ماڵیٚ...

هەردووکیان بەڕیٚ کەوتن و لەڕێگا لایان دایە سەر کارێزە ئاوی ئاواییەکە، ئاویان خواردەوە، لەکاتی ئاو خواردنەوەدا یەك تاك

---

١- وەخۆ دەخات: بەخۆیەوە دەکات.

لەپانی بەرزەکانی فاتمەخان ڕۆچووە ناو ئاوەکەوە و بەدەم شەپۆلە سرت و وردیلانەکانی ئاوی کاریزەکە، ڕۆیی. فاتمەخان لەترسی زڕدایکی، نەیوێرا وەدووی کەوێت، گوتی با کاتم لێ نەڕوات، خۆ لە ماڵەوە جووتێ کەوشی لەو جۆرەم هەیە — چونکە هەر چوارسمی مانگاکە ببوون بەدووجووت کەوش ...

ڕۆیشت و گەیشتەوە ماڵێ، لاپەڕەیەکی لە ئینجیلی پیرۆزی خوێندەوە، پەرجویەك لەو ناوە دروست بوو، بەقودرەتی خوا گەردەلولێك هەڵی کرد و هەر هەموو خانووەکەی بۆ گەسك دا، ڕێژنەبارانێکیش داباری بەسەرماڵیان و هەر هەموو ماڵەکەیانی ئاوڕشێن کرد!! هەر بەقودرەتی خواش هەرحەوت کوپەکانیش پڕ بوون لەئاوی باران و ئەویش هەندێ خوێی تێ کرد تا تامی فرمێسك بدات. دواتر هەویری شێلا و بارستاییەك نانی دروست کرد و کە ئەوانیش هاتنەوە، فاتمەخان دوائەنگوتکە هەویری پان دەکردەوە، لەپڕ زڕدایکی و گونەچارەی کچی وەژوور کەوتن و تەماشایان کرد ئەوا ماڵ پاکوخاوێنە و حەوت کوپەکە پڕە لە فرمێسك و هەمووی ئاوڕشێن کراوە و بارستاییەك نان دروست کراوە و واخەریکە لەکارەکانی کەش تەواو دەبێت!!

دایکی بە گونەچارەی گوت: ئەها پێم نەگوتی ئەو نییە.

پاش چەند ڕۆژێك کوڕی پاشا بۆ ڕاوشکاری دەچێتە بەندەن و پێدەشتەکان و لەگەڕانەوەی بۆ ئاو خواردنەوە، ئەسپەکەی دەباتە سەر جۆگەلە ئاوێك، تەماشا دەکا ئەسپەکەی ملی تۆپەڵ دەکا و دەڕوێتەوە و بەرەودواوە دەکشێتەوە! چەندی لەقەپرغەی دەدات، بەڵام ئەسپەکە هەر دەحیلێنێ و مل نادات نە لە ئاوەکە بخواتەوە نە لە ئاوەکەش بپەڕێتەوە!؟ کە تەماشا دەکات، پانی بەرزێکی ئاڵتونی جوان لەنێو ئاوەکە دەبریقێتەوە.

پانی بەرزەکەی هەڵگرت و ڕۆیشتەوە بۆماڵەوە بە بابی گوت: بابە ئەمن خاوەنی ئەو پانی بەرزەم دەویٚ.

پاشا گوتی: جا کوڕم ئەمن چووزانم ئەم لینگە کەوشە هی کێیە و هی کیٚ نییە؟ خۆت هەولٚ بدە و بزانە تاکە کەوشەکەی کەیان لەکوێیە و بیدۆزنەوە، لەلای کیٚ بیٚ، ئەوا ئەو کچە هەوە.

کوڕی پاشا بەئاواییدا وێڵ بوو، ماڵ بەماڵ دەیپرسی ئەم تاکە کەوشە هی کێیە؟

هەندیٚ دەیان گوت: هی ئێمە نییە هەندیٚ دەیان گوت: هی ئێمەیە.

کوڕی پاشاش پێی دەگوتن ئەگەر هی ئێوەیە، بڕۆن تاکەکەی کەی بێنن.

هەر گەڕا و سوڕا... تا فاتمەخان بەوەی زانی. لەدەرگای ماڵێوە هاتە دەریٚ و لەگۆشەی دیوارەکەی ڕاوەستاو گوتی: ئەوە هی منە.

کوڕی پاشا گوتی: تاکەکەی کەیانت هەیە؟!

فاتمەخان گوتی: بەڵیٚ.

هەرچەندە زۆریش لەزڕداکەکەی دەترسا، بەدزییەوە چووە ژووریٚ و تاکەکەی دیکەی هێنا.

کوڕی پاشاش ماڵەکەی نیشانە کرد و زانی هی ئەو کچە نازدارەیە، بەفاتمەخانی گوت: ئەمن ئەتۆم زۆر خۆش دەویٚ، مێردم پیٚ دەکەی؟

فاتیمە خان گوتی: بەڵیٚ مێردت پیٚ دەکەم.

کچەکەش ئەو هەواڵەی بەپیرێژنە دۆستەکەی ڕاگەیاند و ئەویش زۆری پێخۆش بوو. بۆ ئێواریٚ، هاتنە داوای فاتمەخان بۆ ڕۆژی گواستنەوە، زڕدایکی فێڵی لە فاتمەخان کرد، دەیویست بەهەر جۆرێك بێت گونەچارەی کچی شوو بە کوڕی پاشای بکات، بۆ ڕۆژی گواستنەوە و زەماوەند، گونەچارەی سازدا و تارای بەسەر دەم و چاویدا دا تاکو هەست نەکەن ئەوە فاتمەخان نییە، بەڵام فاتمەخان

کەڵەشێرێکی هەبوو و بەو کارەی زانیی و وە کۆڵان کەوت و بانگی ڕادێرا و گوتی:

قوو قوو قوو قوو
فاتمەخان لەتەندووردا
گونەچارە لەبگنوندا[1]

دایکی گونەچارە وە دووی کەڵەشێرەکەی دەکەوێت لەو کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان، هەڵی دەبڕی. کەڵەشێریش بەجرت و فرت، هەڵدەفڕێتە سوچی دیوارێك دواتر هەڵدەفڕێتە سەر باسکە دارێکی سواندەیەکەوە و دەیگوت:

قوو قوو قوو قوو
فاتمەخان لەتەندووردا
گونەچارە لەبگنوندا

لەپڕ ماڵی پاشا بەعێل و کەسوکار و مایین و ئەسپی پۆشتە و ڕازاوە و زینکراو هاتن و کوڕی پاشا دەستی گونەچارەی گرت و وایزانی فاتمە خانە، بەدەهۆڵ و زوڕنا و چەپڵە لێدان سواری ئەسپیان کرد و ڕۆیشتن.

---

١- ئەو شتە لەنێو مەسیحییەکانی هەرمۆتە کراوە و تا ساڵانی (١٩٦٠) باو بووە. لەنێو ژوورێکدا گۆشەیەکیان بەقوڕی سواغ دەدا و بەقوڕی سپی خاچیان لەنێو دروست دەکرد و نەخشونیگاریان بۆ دەکرد، پەردەیەکی ڕەنگاوڕەنگ و جوانیان لەسێگۆشەی دیوارێك دەدا و پشتی پەردەکە دەبوو بە پەناگەیەك، ئەم پەنایە بۆ شوێنی خەوتنی بووك و زاوا دروست دەکرا، ئەگەر بووك و زاوا ژوورێکی سەربەخۆشیان هەبوایە، هەر ئەمەیان بۆ دروست دەکردن. ئەم پەردەیان لا نەدەبرد، تامانگی هەنگوینی تەواو دەبوو، هی واش هەبوو، تا چەند ساڵێك دەیهێشتەوە.

لەناو زەماوەندەکە کوڕی پاشای دەیگوت فاتمەخان؟ ئەویش (قرت قرت قرت قرت) سەری سوڕما بوو، دووبارە و سێ بارەی دەکردەوە هیچ وەڵامی نەبوو، تەنها دەیگوت (قرت قرت قرت قرت)...

کوڕی پاشا پێی گوت: ئەوە چییە بووکە خان هەروا گوڵە بەڕۆژە دەقرتێنی دە هەندێکیش بدە بەمن، زاوای بێخەبەر نەیزانی ئەو قرچە قرچە گونەچارەی نێوچەوانی کچەکەیە لەشێوەی پارچە گۆشتێکی زیادە هەر قرچەی دێت.

گونەچارەش دەڵێ: لەکوێم بوو هەر ئەوەندە گوڵە بەڕۆژەم هەبوو زڕدایکم پێی دابووم، کاتێ کە تارای لەسەر دەم و چاوی هەڵدایەوە، حەپەسا! تەماشای کرد، کچێکی زۆر ناقۆڵا و ناشیرینە و ئەوا پارچە گۆشتێك بەنێوچەوانیەوە هەر (قرتە قرت) دەکا!!

کاتێ زاوا ئەوەی دیت، خۆی لە گونەچارەی گرژ کردەوە و بە ئیشارەت ناڕەزایی خۆی بۆ دەربڕی.

گونەچارە خۆی لەسینگی زاوا دا و زاوا کەوتە هاوارکردن وەی سینگم! وەی سینگم!! و لەزەماوەند هاتە دەرێ و کردیە هەرا و گوتی: خەڵکینە ئەو کچەی ئەمن خۆشم ویستوە، ئەوە نییە، دەستم نەداوەتێ و هیچ شتێك نەبووە، من ئەوەم ناوێ.

یەك دووێك دەڵێن: بابی خۆم ئەو ژنە هەر ئەو کچەی هەیە بۆ ئەتکێ پێ دەکەی؟

کوڕی پاشای دەڵێ: ئەمن ئەوەم ناوێ، ئەوەی من دیومە، ئەوە نییە، دەی بیبەنەوەماڵێ.

گونەچارەی سواری ئەسپێك دەکەن و خەڵکەکە و پاشا هەموو بەشوێنیان دەکەون و دەچنە ماڵەکەیان و فاتمەخان دەرگای دەکاتەوە کوڕی پاشا وەك ئەوەی زێڕی لەنێو قوڕدا دۆزیبێتەوە، ڕاستەوخۆ

گەشایەوە و تۆزێك خوێناو پڕژایەوە سەرگۆناكانی و هەناسەیەكی هاتەوە بەر گوتی: ئەمن ئەو كچەم دەوێ.

هەر لەوێندەر فاتمەخان قۆڵی لە قۆڵی كوڕی پاشای كرد و چوونەوە و درێژەیان بەزەماوەند دا و گونەچارەشیان بەسەر دایكیدا دایەوە و فاتمەخان كەوتە خۆشیی و گونەچارەش لەماڵەوە لەگەڵ دایكی لێی كەوتن.

# بـەسـەری دایـکـم

هـەبوو نـەبوو لـەخوا مـەزنتر نـەبوو، لـەمرۆڤیش درۆزنـتر نـەبوو. ڕۆژێکیان کۆمەڵێك کچ دانیشتبوون و پێکەوە قسـەیان دەکرد. بایـەك لەیـەکێکیان بـەربۆوە، هەریـەك لـە کچـەکان گوتیـان: بەسـەری براکـەم ئەمن نەبووم، تەنها کچێك مابوو گوتی بەسەری دایکم ئەمن نەبووم.

کە چووە ماڵێ گوتی: دایە بۆچی هەموو کچەکان برایان هەیە تەنها ئەمن برام نییە؟

دایکی گوتی: چۆن برات نییە، ئەتۆ حەوت برات هەیە، کاتی خۆی دەرچوون بۆ ڕاوشکاری و بەچیای هەڵگەڕان و نەهاتنەوە.

کچـەکەش گـوتی: دەبـێ ئـەمنیش بـەدوای براکانـمدا بگـەڕێم تـاکو دەیاندۆزمەوە.

تێشووی سەفەری هەڵگرت و ملی ڕێگای گرت و پاش ئەوەی چەند شەو و ڕۆژ ڕۆیشت، زۆر ماندوو بوو، دانیشت و کەمێك پشووی دا و دواتر میزی کرد و قوڕی میزەکەی بەچیلکەدارێك هـەڵکۆڵی و دەنکە مێووژێکی دیتەوە! دواتر زیاتری هـەڵکۆڵی، دوو سـێ دەنکە مێووژی دیکەشی دیتـەوە! هـەر زیـاتری هـەڵکۆڵی، چـەنگە مێـووژێکی دیتـەوە، لەناکاو کەوتە نێو کۆگایەکی مێووژ، کە لە بـن زەوی بـوو... تەماشـای کـرد قەسرێکی زۆر جـوان و ڕازاوە و دڵـڕفێن لـە بـن ئـەو زەوییـە دایـە، ئـەویش دەسـتی کـرد بەشوشـتنی قـاپ و قاچـاغ و گێسـك لێـدان و پاککردنـەوەی مـاڵ و تێروپـڕ نـانی خـوارد و چـوو لـەنێو گەنجینـەی مێووژەکـان خـۆی شـاردەوە. لـەناکاو حـەوت کـەس وەژوور کـەوتن، تەماشایان کرد ئـەوا قەسرەکەیان زۆر جوانـە و دەبریسکێتەوە و پاك کراوەتـەوە و قـاپ و قاچـاغ شـۆراوە! هاواریـان کـرد ئـەوە کـێ ئـەو

خانووەی پاك كردۆتـەوە؟ دێـو درنجـە[1]، هەركەسێكە باخۆی ئاشكرا بكات، كێ ئەو چاكەیەی لەگەڵ كردووین؟

كچەكەش خۆی ئاشكرا نەكرد و بۆ ڕۆژی دوایـی، دیسان دەستی كـردەوە بەئیشـوكار و دروسـتكردنی خـۆراك بۆیـان. دیسـان حـەوت براكە گەڕانەوە، دیتیان خواردن ئامادە كراوە و ماڵەكەش زۆر جوان و پاك كراوەتەوە!

دیسـان دەنگیـان هـەڵبڕیی و گوتیـان: كـێ ئـەو كـارە باشـەی لەگـەڵ كردووین؟ باخۆی ئاشكرا بكات.

كەچـی كچـەكە خـۆی ئاشـكرا نـەكرد. برایـەكانی لـەناو خۆیـان بیرۆكەیـەكیان دانـا، كـە یـەكێكیان لـەماڵێ بمێنێتـەوە و بەدزییـەوە چاودێری بكات و بزانێت كێ ئەو كارانە دەكا.

برا چووكەكەی گوتی: ئـەمن لـەماڵێ دەمێنمـەوە و خـۆی شاردەوە. پـاش كـەمێك، تەماشـای كـرد كچـێكی جـوان لـەنێو گەنجینـەی مێووژەكـان هاتـەدەرێ، خـەریك بـوو مـاڵی پـاك بكاتـەوە و كارەكـانی كەش بكات، لەناكاو برا چووكەكەی پڕی دایـێ و گرتـی و پێـی گـوت: پێم بڵێ، ئەتۆ كێی بۆ هاتویەتە ئێرە!؟ چ كارەی!؟ مەرامت چییە!؟

ئەویش گوتی: خوشكی حەوت برایانم، دایكم بەسەرهاتەكەی ئـەو حەوت برایەی بۆ باس كـردووم، ئـەمنیش هاتوومەتـە ئێـرە، جا نازانم ئەو حەوت برایە برای منن یان نا؟

براكـەی ناسـییەوە و ماچـی كـرد و گـوتی: تـۆ خوشـكمانی. كـە براكـانی كـەش لـەڕاو و ڕاوشـكاری گەڕانـەوە و ئـەوەیان بیسـت، زۆر

---

[1] - دێـو درنـج: لـەنێو ئەفسـانەی كوردیـدا بوونیـان هەیـە، (گـۆران)ی شـاعیریش لەشیعرەكانیدا بەكاری هێناوە ئەوەتا لەم دێڕە شیعرەدا دەڵێت:

لەگەڵ شەپۆلی درنج- دامانە بەردەشتی برنج

دڵیـان خـۆش بـوو کـە بـە خوشـکەکەی خۆیـان شـادبوونەوە و پێیـان گــوت: ئێمــە ڕۆژانــە دەچــینە ڕاو و ڕاوشــکاری، ئــەتۆش لــەماڵێ ئیشەکانی خۆت بکە، لـەکاتی گەسـك لێدان، ئەگـەر دەنکە مێووژێکـت دیتـەوە، بوونـەوەرێکمان هەیـە نـاوی (تـوتی[1])یـە، بـانگی بکـە (تـووتی تووتی) ئەو دەنکە مێووژەی پێ بدە.

ڕۆژێـك دوو سـێ.. وای کـرد و (تـووتی) دەهـات و دەنکـە مێووژەکـەی دەخوارد. ڕۆژێکیان هەربانگی ڕادێرا (تووتی تـووتی...) تـووتی هەرنـەهات. ئەویش دەنکە مێووژەکەی خوارد و گوتی: ئەگەر هات و ئیدیکـەی ویسـت، ئـەوا مێـووژی دەدەمـێ. لـە پـڕ تـووتی هـات و گـوتی: ئـەمن هـەر دەنکـە مێووژەکـەی خـۆمم دەوێـت. هەرچـەندە کچـەکە هـەوڵی دا کـە مێـووژێکی دیکـەی بـداتێ، بـەڵام تـووتی ڕازی نـەبوو و گـوتی: یـان دەنکـە مێووژەکـەم دەدەیەوە، یان میز دەکەمە ناو ئاگردانەکەت و لێت دەکوژێنمەوە!

کچـەکە هەرچـەندە لەبـەر تـووتی پاڕایـەوە، هـیچ سـودێکی نـەبوو. تــووتی میــزی کــردە نێــو پــەنگری ئاگردانەکــەیی و خامۆشــی کــرد. کچــەش لەخەفــەتان زۆر گریــا، چــونکە دەیزانــی کــاتێ کــە براکــانی دەگەڕێنــەوە، هــیچ شــیوێکی بــەبێ ئــاور بــۆ ئامــادە نــاکرێ، چ بکـا چ نەکا!؟ دەرگای کردەوە لەجیهانی ژێر زەوییەوە تەماشای کرد ئاگرێك لەدوور بەئاستەم تروسکەی دێ. بەرەو ڕووی ئاگرەکەی هـەنگاوی نـا، تا نزیك بۆوە لێی. تا دەهات ئاگر نێڵە نێڵ[2] و بڵێسـەی زیـاتر دەبـوو، کـاتێکیش کـە تـەواو نزیـك کەوتـەوە، دیتـی ئـەوە مەنجـەڵێکی زۆر زل لەسەر ئاورەکەی وا لەجۆش و کوڵدایـە! حـەوت حەمبوشـایا لـەدەوری

---

١- تووتی پەلەوەرێکە، بەڵام لەنێو ئەم حیکایەتەدا، پەلەوەر نییە،بەڵکو جۆرە ئاژەڵێکی ترە.

٢- نێڵە نێڵ: کڵپە و بڵێسەی ئاگر

ئاگرەکەی نووستوون و مەنجەڵەکەش پڕ لەگۆشتە و سێ ئافرەتیش لەدەوری ئاگرەکەن و خەریکی چنین و نەخش و نیگارن.

هەر کە سێ ژنەکە کچەکەیان دیت، پێیان گوت: بابە ئەوە بۆ گەیشتوویەتە ئێرە؟! ئێستا ئەم حەمبوشایانە هەڵستن، هاپڕوم هاپڕومت[1] دەکەن و دەتخەنە ناو کلۆرایی ددانەکانیانەوە.

ئەویش بەلێوە لەرزە و بەترس و لەرزەوە گوتی: شتێکی ئاوام لێقەوماوە، بۆ ئاوری هاتووم، ئەگەر بمدەنێ.

ژنەکانیش گوتیان: قسان مەکە ها ئەوەتا ئەو بزۆتە[2] دارەی وەربگرە و بڕۆ.

یەك لە ژنەکان بەزەیی بە کچەکەیدا هاتەوە و گوتی: ها ئەو تۆپە ئاوریشمەت بدەمێ، لەگەڵ خۆت بیبەوە ماڵێ و خۆتی پێ خەریك بکە و شتی لێدروست بکە.

ئەویش تۆپە ئاوریشمەکەی لەبەرکی ناو و سوپاسی کردن و ماڵئاوایی لێکردن و ڕۆیی.

لەبەختی ئەو، سەری دەزووی ئاوریشمەکە لەگیرفانی هاتە دەرێ و لەبنە پنچکە دڕکێك گیر بوو، کە هاتەوە ماڵێ، ئاگای لەئاوریشمەکە نەمابوو. شیوی لێنا و خواردنی بۆ براکانی ئامادەکرد.

حەمبوشایاکان لەخەوێ هەستان و پڕمە پڕمیان دەکرد و وێکڕا دەیان گوت:

بۆن دێ، بۆنی بێگانان دێ
لەوان دەور و مەکانان دێ

---

١- هاپڕوم هاپڕومکردن: پارچە پارچەکردن

٢- بزۆتە: سەلکە بزووت، پارچە دارێك کە لای سەرەوەی بووبێتە پشکۆو ئاگری پێوە بێت.

ژنەکان گوتیان: نەبابە کێ دەوێرێ بێتە ئەو مەملەکەتەی، بەڵام یەکێك لە حەمبوشاياکان دەزووی ئاوریشمەکەی دیت و هەستی کرد کە شتێك هەیە، دەستی کرد بەهەڵکەندنی دەزووە ئاوریشمەکەی، هەتا گەیشتە بەردەرگای ماڵی کچەکەی، لەدەرگای دا و نەڕاندی: ئەو دەرگایەی بکەنەوە؟ لەدرزی دەرگاوە کچەکەی دیتی و پێی گوت: ئەوە چی دەکەی لێرە؟

کچەکەش گوتی: ئەمن خوشکی حەوت برایانم دەرگای ناکەمەوە.

حەمبوشایاکە گوتی: مادام ئەتۆ ئاورت لەلای ئێمە بردووە، دەبێ هەموو ڕۆژێ بێم لەدرزی دەرگاوە قامکەتوتەت[1] بخەیتە نێو زارم و بیمژم. بیمژم.

کچەکەش گوتی: باشە هەموو ڕۆژێ پەنجە تووتەمت دەدەمێ بیمژە، بەس دەرگات لێناکەمەوە.

ئەو ڕۆژی پەنجەی مژیی و ڕۆیی، بۆ ڕۆژی دوایش هاتەوە، بەهەمان شێوە پەنجەی مژییەوە... هەموو ڕۆژێ پەنجە تووتەی دەمژیی و بەشێك لەخوێنی هەڵدەلووشی. پاش ماوەیەك کچەکە زۆر لاواز و ڕەنگ زەرد و ڕەنگ پەڕیوو بوو، برایەکانی هەستیان پێ کرد و پێیان گوت: باشە تۆ بۆ وا بێ دار و لاوازی، کێشەت چییە، بۆ وات لێ هاتووە؟

کچەکە گوتی: هیچ کێشەیەکم نییە.

ئەوانیش بڕوایان پێ نەکرد، بەڵام دوای چەند ڕۆژێك کچەکە بە برا چووکەکەی گوت و بەسەرهاتی ئاور هێنانەکەی بۆ گێڕایەوە، کێشەکەشی ئەوەیە حەمبوشایایەك هەموو ڕۆژێ دێ لەپەنجە توتەوە خوێنی دەمژێ.

---

١- قامکەتووتە: پەنجەی بچووکی دەستی مرۆڤ

براکەی گوتی: ئەگەر سبەینێ هات، بڵێ ئەمن ئەوا کولێرەیەکی گەرمت بۆ دەکەم، کەمێك ئارام بگرە، ئێستا دێم. کاتێك حەمبوشایاکە هات، کچەکە پێی گوت: کەمێك ئارام بگرە با کولێرەیەکی گەرمت بۆ ساز بکەم، ئینجا پەنجەتووتەی خۆمت دەدەمێ و بیمژە.

دواتر کاتێ کچەکە دەرگاکەی کردەوە، برایەکەی لەپشت دەرگاکە خۆی مەڵاس دابوو، پاڵێکی بە حەمبوشایاکەوە نا و خستییە ناو تەندوورەکەی و سێرەکەشی بەسەر دەرگای تەندوورەکەیەوە ناو بووە قرچ و هوڕ، تا کڕوکۆی دانەمرکایەوە و نەبووە خۆڵەمێش، سەری تەندوورەکەی هەڵنەدایەوە.

خوشك و برایەکە زۆر دڵیان خۆش بوو، دواتر خوشکەکە خۆڵەمێشەکەی برد لەو لای ماڵەکەیان ڕشتی. پاش ماوەیەك خۆڵەمێشەکە شین بوو، بوو بە سڵق[١] سڵقێکی زۆر جوان پاك و ڕەونەقداری لێشین بوو! براکانی پێیان گوت: لەو سڵقەی یاپراغێکمان بۆ بپێچەوە، خوشکەکەیان گوتی: بەخوا ناوێرم ئەوەی بکەمە یاپراغ، وازی لێبێنن، بەڵام براکانی هەر ڕژد[٢] بوون لەسەر قسەکەی خۆیان و حەزیان لە یاپراغی ئەو سڵقەی بوو.

لەسەر قسەی براکانی، سڵقەکەی لێکردەوە و بۆی پێچانەوە و کردیە یاپراغ. براکانی لە ڕاو گەڕانەوە و لەیاپراغەکەیان خوارد، بەڵام

---

١- لە نێو ئەفسانەی کوردی و فارسی دا باڵندەی (قەقنەس) هەیە کە باڵندەیەکی ئەفسانەییە پاش ئەوەی ژیانی تەواو دەبێ دەسووتێ و خۆڵەمێشەکەی (قەقنەس)ێکی تری لێ دروست دەبێت، واتا لەنیو ئەفسانە تەنانەت خۆڵەمێشیش ئەشێ ببێتە شتێکی ڕوح لەبەر، یاخود زیندوو بێتەوە. مەولەوی لەم دێڕە شیعرەدا دەڵێت:

من قەقنەس نەویم هابیم وە قەقنەس

یەجگاریش ئەم شەو ها بەرشیم جەدەس

٢- ڕژد: کۆڵنەدان، بەردەوام بوون لەسەر شتێك، بەمانای هەڵدێر و نشێوی زۆر ڕۆچووش دێت.

خوشـکەکەیان لێـی نـەخوارد و هـەر دەگریـا، چـونکە دەترسـا شـتێك ڕوویدات، لـەناکاو هـەموو براکـانی بوونـە کـەر و گـاو کـاوڕ و تـەنها بـۆ خۆی مایەوە!

زۆر گریا و شین و شەپۆڕی کرد، هیچ سودێکی نەبوو، ئەویش زۆر دڵـی پێیـان دەسـوتا و بـەڕەڵای نـەکردن و بـووە گاوانیـان و ڕۆژانـە دەیبردنـە نێـو چـیمەن و مێـرگ و پـاوان و لـەوەڕگا و دەیلەوەڕانـدن. هـەموو ڕۆژێ ئـەوە کارەکـەی بـوو. ڕۆژێکیـان لـە لـەوەڕ هێنایـنـەوە و لەژێر سایەی دارتویێك ڕایگرتن و خۆشـی چووە سەر دارتووەکە، زۆر بەخـەمباریی و دڵتـەنگی دەگریـا، لەوکاتەیـدا ڕاوکـەرێك لەبـەرتین و تـاوی خۆرەتـاو، هاتـە بـەر سـێبەری درەختەکـە و چـەند دڵۆپـە فرمێسکێك کەوتە سەر شان و ملی...

لەبەر خۆیـەوە گـوتی: ئـەو ئـاوە چییە خـۆ نەهـەورە و نـەبارانیش دەبارێت! کە تامی کرد، تامی سوێر بوو، سەری هەڵبڕی کچێکی پانزە شازدە ساڵان، هێند سپیی و جوان بوو، مێوورژە ڕەشـەی لەگـەردەنی دەبینـرا، لێی پرسـی ئـەتۆ کێـی؟ چـی دەکـەی لێـرە؟ ئـەتۆ فریشـتەی، دێوی درنجی، پێم بڵێ، ئەتۆ چی؟!

کچەکەش وەڵامـی دایـەوە و گـوتی: ئـەمن نـەدێوم، نـەدرنجم، نەفریشتەم، ئەمن خوشکی حەوت برایانم. بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە.

ڕاوچییەکە پێی گوت: ئەگەر شوم پێ بکـەی، دەتـوانم براکانـت وەك خۆیان لێبکەمەوە.

کچەکەش زۆری پێ خۆش بوو، گوتی: ئەمن ڕازیم.

ڕاوچییەکە گـوتی: ئـەمن مـەرجم هەیـە، هەریەکـەیان حـەوت داریـان لێدەدەم، بەڵام نـابێ بڵێی ئۆف. حـەوت داری لەهەریـەك لـەگا و کـەر و کاوڕەکـان دا و هەریەکـەیان بوونـەوە بنیـادەم، تـەنها بـرا بچووکەکەی

مابوو، سێ مەترەقی لێ دا، سەری چوارەم -کچەکە برا بچووکەکەی زۆر خۆش دەویست- گوتی: ئۆف.

نیوەی بووە مرۆڤ و نیوەکەی کەشی بە کاوڕی مایەوە!

بەکچەکەی گوت: پێم نەگوتی مەڵێ ئۆف!؟

برایەکانی گوتیان ئەوەچییە، لێرە چ دەکەین!؟

خوشکەکەشیان بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕانەوە و بەبراکانی گوت: شەرتێکی ئاوام لەگەڵ ئەو ڕاوچییەی کردووە. ئەوانیش گوتیان شتێکی باشت کردووە، دەتوانی شووی پێ بکەی، خوشکەکەی ماڵئاوایی لەبراکانی کرد و گوتی: ئەمن دەڕۆم، بەڵام ئەو برایەشم کە نیوەی کاوەڕە و نیوەی مرۆڤە، بەڕەڵڵای ناکەم و لەگەڵ خۆمی دەبەم.

ڕاوچییەکەش گوتی: باشە لەگەڵ خۆتی بێنە.

کچەکە ماڵئاوایی لەبراکانی کرد و خۆی هەڵدایە پاشکۆی ئەسپی ڕاوکەرەکەی و کاوڕەکەش وەدوویان کەوت.

کاتێك کە ڕاوچییەکە گەڕایەوە ماڵێ بۆ لای ژنەکەی[1]، کە ئەویش دیتی ئەوا مێردەکەی ئەو ژنە جوانەی لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە، لەگەڵی کەوتە دژایەتیکردن و ژیانێکی کولەمەرگی بەڕێ دەکرد؟ چونکە هەردوو ژنەکان لەیەك ماڵ دەژیان. ژنە چووکەکە هەرچەندە زکی هەبوو، ڕۆژانەش بەناچاری لەگەڵ ژنەکەی کە دەچوو ئاویان لەڕووبار و کانیاوەکان دەهێنا و برایە نیوە کاوڕەکەشی لەگەڵ خۆی دەبردە دەشت و دەیلەوەڕاند...

---

١- ئەم حیکایەتە ئەفسانەییە سریانییە بیرۆکەی کولتووری ئیسلامی تێکەوتووە، چونکە لەناو مەسیحییەت پیاو یەك ژن دەهێنێت، کەچی دەبینین ئەم دوو ژنی هێناوە، هەرچەندە ئەفسانە سنووری نییە و پیاو دەتوانێت هەزار ژنیش بهێنێت.

ڕۆژێکیان ژنەگەورەکە پاڵێکی بەژنە بچووکەکەیەوە نا و فڕێی دایە ناو بیرە ئاوێکی وشك. ژنەگەورەکە گەڕایەوە ماڵێ، برا نیوە کاوڕەکەش هەندێ بەدەوری بیرەکەیدا باڕاندی و چوڕاندی.

مێردەکەی هەواڵی ژنەکەی پرسی، ئەویش پێی گوت: نازانم چی بەسەر هاتووە، ڕای کردووە و بزر بووە، چی لێ هاتووە!؟

زۆر بەشوێنیدا گەڕا و هەر نەیدۆزیەوە.

ژنەگەورەکەی بەمێردەکەی گوت: ئەو کاوڕەش بکوژە ئەوە ژنەکەت بەجێی هێشتی و ڕای کرد، ئەی بۆ ئەو کاوڕە شومەش ناکوژییەوە؟

ئەویش گوتی: چەند ڕۆژێکی کە قەسابێکی دەهێنم و سەری دەبڕم یان دەیفرۆشمە جامبازێك[١].

ڕۆژێ پارچە نانێکیان بە کاوڕەکەی دەدا، کاوڕەکەش نانەکەی نەدەخوارد و دەچوو فڕێی دەدایە ناو بیرەکەی بۆ خوشکەکەی، خوشکەکەشی ڕۆژانە دەگریا و تێیهەڵدەکرد و کاوڕەکەش دەیگوت:

دێد یلێو دێت ما دیلێ
چەقۆ لەسەر هەسانە
دەکوژێ کار و بەرخانە.

خوشکەکەشی وەڵامی دەدایەوە و دەڵێ:

دێدێ چ بکا هەژارە
دوو کوڕی بووە بەجارە
هەردووکی گوێ بەگوارە.

١- جامباز: چەرچی: بەوکەسانە دەوترێت کە ئیشی کڕین و فرۆشتنی مەڕومالآت دەکەن.

پاش ئەوەی نانەکەی فڕێ دەدایە ناو بیرەکەی هەردووکیان دەگریان، پاشان کاوڕەکە دەگەڕایەوە ماڵێ. ڕاوچییەکە تەماشای کرد ڕۆژ بەڕۆژ ئەو (کاوڕە مرۆڤە) ڕوو لە لاوازی دەکا، بۆ ڕۆژی دوایی پارچە نانەکەی دایێ و تەماشای کرد (مرۆڤە کاوڕەکە) پارچە نانەکەی ناخوات و دەیبات....

ڕاوچییەکە کەوتە دوو کاوڕەکەی تەماشای کرد لەتە نانەکەی فڕێ دەداتە نێو بیرەکە و (کاوڕە مرۆڤەکە) دەڵێ:

دێد یلێو دێت ما دیلێ
چەقۆ لەسەر هەسانە
دەکوژێ کارو بەرخانە.

خوشکەکەشی وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ:

دێدێ چ بکا هەژارە
دوو کوڕی بووە بەجارە
هەردووکی گوێ بەگوارە.

کاتێك ڕاوچی چووە سەر بیرەکەی ژنەکەی دیت و بانگی کرد و وەڵامی دایەوە و گوتی: ئەوە ئەمن لێرەم ژنەکەت فڕێیداومەتە ناو ئەو بیرەی، دوو کوڕیشم لەو بیرەیدا بووە، هەرلینگە گوارەیەکم لەگوێچکەی یەکێك لەکوڕەکانت کردووە.

مێردەکەشی عەبایەکی بۆ شۆڕ کردەوە، کردیانە چارۆکە و منداڵەکانیان سەرخست و جلوبەرگی بۆ ژنەکەی شۆڕ کردەوە و ئەویشی بەرز کردەوە. کاتێ ژنەکەی کەی ئەوەی دیت کە ژنە چووکەکەی گەڕاوەتەوە و دووکوڕی جوانیشی بووە، وەخت بوو لەتاوان وەزگ بدات، مێردەکەی هیچ قسەی نەکرد.

ژنەکەی چووە حەمام و خۆی شوشت و نان و خۆراکێکی باشی خوارد، گوتی: دەتوخوا برایەکەم بۆ بکەوە بەمرۆڤ؟

ڕاوچی گوتی: ئەوە کارێکی ئاسانە، حەوت داری دیکەی لێدا و برایەکەی بۆوە بنیادەم و گەڕایەوە بۆ لای برایەکانی دیکەی، ئینجا دوو ئەسپی هێنا یەکێکیان سێ شەو و سێ ڕۆژ ئاوی نەدابوویێ ئەوەی دیکە سێ شەو و سێ ڕۆژ ئالیکی نەدابوویێ، لەگۆڕەپانێکی هەردوو ئەسپەکەی بەستەوە، ژنەگەورەکەی هێنا لینگێکی لەئەسپە برسییەکەی خست و لینگەکەی کەی لەئەسپە تینووەکەی خست و ئالیک و ئاوی بەپێچەوانە بۆ دانان، ئەسپەکان لەتاو تینوێتی و برسیەتی خۆیان، هەریەکە بۆلای ئاو و ئالیکەکەی تەکانیان دەدا و لێکیان هەڵقلیشاند و کوشتیان.

ئەمنیش لەوێ هاتمەوە کراشم دڕاو هیچم پێ نەبڕا.

# تەشت و نیگار[1]

ڕۆژێکیان سێ خوشك لەبەردەرگای ماڵی خۆیان دانیشتبوون و کوڕی پاشا بەوێدا تێپەڕی.

خوشکە گەورەکە گوتی: بێتو کوڕی پاشای ئەمن بخوازێ، ئەوا لەتیسکە خورییەکی قالیچکەیەکی بۆ دەچنمەوە.

خوشکە ناوەنجییەکەش گوتی: ئەگەربێت و ئەمن بێنێ، ئەوا لەدەنگە برنجێکی بنەماڵەیەکی بۆ دا دەمەزرێنم.

خوشکە چووکەکەش گوتی: ئەگەر کوڕی پاشا ئەمن بێنێ، ئەوا ددان زێڕێك و ددان مرواریيەکی بۆ ئەهێنم –واتا دوانەیەکی لەیەك سك بۆ ئەهێنم.

کوڕی پاشا کە گوێی لەو قسانە بوو، ژنیشی هەبوو، چووە خوازبێنی کچە چووکەکە و مارەی کرد و گواستییەوە... ژنەکە زکی بوو، هاتە سەر ڕۆژ و کاتی خۆی بۆ ئەوەی منداڵی ببێت، بەڵام هەوێکەی زۆری پێناخۆش بوو، کە ئەو ژنە کوڕ و کچێکی ببێت و یەکێکیان ددانی مرواری و ئەوی دیکەیان ددانی زێڕ بێت، بۆیە بیری لە لەناوبردنی منداڵەکان کردەوە.

هەر کە ژنەی دووگیان، ددان زێڕ و ددان مرواری دەهێنێ، هەردوو منداڵەکەی لێدەدزێت و دەیان خاتە نێو سندوقێکییەوە و چواردەوری سندوقەکەش بە قیر و شەمێ[2] دەگرێت و دەیانخاتە نێو ئاوی دەریاوە.

---

١– لە فۆلکلۆری کوردیدا هەندێك، ناوەرۆکی ئەم چیرۆکە و بەتایبەتیش ناوی پاڵەوانەکانی، هەیە و گێڕدراوەتەوە و تەنانەت تۆماریش کراوە... لەوانە: چیرۆکی کاکۆڵ زێڕین و ددان مرواری، کۆکردنەوەی: نوری عەلی ئەمین، چاپی یەکەم، چ (سلمان الأعظمي)، بەغدا، ١٩٦٥

٢– شەمێ: مێشمۆم، مێو

لـەنزيك ماڵيـان دێـرە سـەگێكی ترەكيـو، كۆمەڵـە گوجيلەيـەكی[1] لەدەورەدەبێت، دوو گوجيلە سەگ دەهێنێت و ديانخاتە نێو باوەشی و هەواڵ بۆ كوڕی پاشا دەبەن دەڵێن: ژنەكەت گوتوويەتی ددان زێڕ و ددان مرواری بۆ دەهێنم، ئەوا دوو گوجيلە سەگی بۆ هێناوی؟!

مێردەكەی سەری لەو كارەی دەسوڕمێ و زۆر توڕە دەبێ و دەڵێ: مـادەم ئـەو ژنـەم درۆی لەگـەڵ كـردم، لـەجياتی ددان زێـڕ و دادان مرواری، دوو گوجيلـە سـەگی بۆ هێنـاوم، بڕۆن بيخەنـە نێـو پێسـتەی گايەكييەوە و لەسـەر ڕێگايـەك فڕێی دەن و بيكەنـە پـرد، هـەر كەسـێك كە هات، با تفێكی لێبكات و سەپكەيەكی[2] بۆ فڕێ بدات...

ژنـەی داماويـان بـرد و لەپێسـتەی گايـان كـرد و ئـەوەی دەهـات، تفێكی لێ دەكرد و سەپكەيەكی دەدایێ.

سـندوقەكەش لـەولاوە شـۆڕ بـۆوە و ڕۆيـی. كابرايـەكی هـەژار و قەلەنـدەر لەوكاتەيـدا خـەريكی ڕاوەماسـی بـوو، تەماشـا دەكـات ئـەوا سندوقێك بەرەوڕووی دێت و خەريكە لەخۆشييان شاگەشكە دەبێت، لەدڵی خۆی دەڵێ: خوا ڕسقێكی باشی بۆ ناردم.

كـابرای قەلەنـدەر كۆمـەڵێ منـداڵی بەملـەوە بـوو، ژيـانێكی پـڕ چەرمەسەريی و نەهامەتی هەبوو. كاتێك سندوق هاتە بن دەستيی و پـڕی دايـێ، لەخۆشـيان نەيپچـڕاند، بـەڵام زانـی شـتێكی تێدايـە و قورسە، ڕاستەوخۆ برديەوە ماڵێ.

كـە سـەری سـندوقەكەيان هەڵپچـڕی، ديتـی ئـەوا كـوڕ و كچـێكی تێدايە و هەريەكە پەنجـەی ئـەوی ديكـەی لـەزار نـاوە و پەنجـەی يـەكتر

---

١- گوجيلە: تووتكە، بەچكە

٢- سـەپكە: لەشـێوەی كولێرەيـەكی خـڕ وئەسـتوور و گەورەيەدايـە، زيـاتر لـەئاردە جـۆ درووست دەكرێت و بەسەگ دەدرێت.

دەمژن!! دوومنـدالْ هێنـد ژیکەلـە و جـوان بـوون، وەك جووتێك مـانگ دەدرەوشانەوە! ژنەکـە بەهـەردوو دەسـتی لەتـەوقی سـەری خـۆی دا و گـوتی: پیاوەکـە مالْـت وێـران نـەبێت، ئەوەچـیت بـۆ هێنـاوم، ئـەمن لەدەست مندالْی خۆم داد و بێدادمە و نانمان بە دۆ ڕاناگات، ئەوانە چۆن بەخێو بکەین؟!

مێردەکەی گوتی: ژنەکە ناشوکری مەکە، خوا ناردوویەتی.

ژنەکەی گوتی: ڕاست دەکەی، شوکرانەی خوای دەکەم.

ژنە خێرا منالْەکانی لەباوەش گرت و لەمەمکەکانی خۆی، شیری پێ دان و لـەدوای ئـەوەی، هـەردوو مندالْـەکانی لـەنێو تەشـتێك شووشـت. تەماشای کرد وا چڵك و کەفاوی ناو تەشتەکە هەمووی بوو بەئالْتوون!! ژنەکـە لەخۆشـیان شاگەشـکە بـوو. پیاوەکـەی لـەڕاو گەڕایـەوە و ژنـەش ئالْتوونەکەی پیشان دا و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە.

مێردەکـەی زۆر دڵخـۆش بـوو، لەخۆشـیان حـەجمینی[1] نـەبوو، هـەر دەهــات و دەچــوو. حەفتــەی لــەجیاتی دوو جـار، چـوار جـار ئــەو مندالأنەی دەشوشت، وای لێهات بەو هەموو ئالْتونە چەندان قەسر و ڕەز و باخ و مولْکیان کڕی، زۆر دەولْەمەند بوون...

کـات هـات و تێپـەڕی و هـەردوو مندالْـەکان گـەورە بـوون، بـەلاَم هەستیان کردبوو شتێك هەیە، ژن و پیاوەکـەش بەسـەرهاتەکەیان بۆ گێڕانەوە، کوڕ و کچەکە گوتیان: ئێمە زۆر سوپاسـی ئێـوە دەکـەین کـە وەك بـاب و دایکێکـی دڵسـۆز ئێمـەتان پـەروەردە کـردووە، بـەلاَم ئێمـە هیچی دیکە لای ئێوە نامێنینەوە.

ژن و پیاوەکە زۆر هەولْیان لەگەلْ دان، تاوەکو نـەڕۆن، زۆر گریـان و پاڕانــەوە، چـونکە ئـەوان وەك منـدالْی خۆیـان بـەخێویان کردبـوون و

١- حەجمینی نەبوو: ئارامی نەبوو، لەشوێنێکدا نەدەوەستا و دانەدەنیشت.

خۆشیان دەویستن و بەسایەی ئەوانەوە دەوڵەمەند ببوون، بەڵام ددان زێڕ و ددان مرواری گوتیان: ئێمە هەر دەڕۆین. دایك و بابە بەخێوکەرەکەیان، تێر ماچیان کردن.

سواری ئەسپێك بوون و ڕۆیشتن، چوون لەنزیك ئاواییەکی ماڵی بابە ڕاستەقینەکەیان قەسرێکیان دروست کرد، پاش چەند ڕۆژێك، خەڵك گوتیان ئەوە کێیە بەچەند ڕۆژێك ئەو قەسرە نازدارەی دروست کردووە، یان دەبێ پاشا بێ، یان دەبێ زۆر دەوڵەمەند بێت؟!

هەرکە زڕداکەکەی ئەوەی دیت، ترسی لێ نیشت و گوتی: ئەمن زۆر گومانم هەیە ئەو کوڕ و کچە بن کە چەند ساڵ لەمەوبەر فڕێم دانە نێو دەریاوە.

ژنەکە بەو مامانەکەی گوت کە وەختی خۆی پێکەوە ئەو بیرۆکەیان داڕشتبوو: بۆ ناچی تەماشا بکەی، بزانی ئەو کچ و کوڕەن یان نا؟

پیرە مامان بەرامپیلێکی[1] لەخۆی بەست و چەقۆیەکی دەست دایێ و بەفێڵی ئەوەی خەرتەلە و تۆرەگە[2] و ترشۆکە... تد دەکا، دەچووە دەوروپشتی قەسرەکەی و ئەوانەی دەکرد. کچەکەش لەپەنجەرەوە تەماشای سەوزایی دەشت و دەری دەکرد و سەرنجی دەدا کە ئەوە پیرێژنێك خەریکی ئەو کارەیە.

لێی پرسی: دایەپیرە ئەوە چ دەکەی لەو ناوەی؟

ئەویش گوتی، بەخوا فەقیرم دەگەڕێم و دەسوڕێمەوە، بەڵکو هەندێ تۆرەگە و ترشۆکە و ئەوانە بکەم، ئەدی ئەتۆ چی دەکەی لێرە؟

کچە گوتی: ئەمن و براکەم لەو قەسرەی دەژین.

---

١- بەرامپیل: ئەو پارچە قوماشە چوار گۆشەیەی کە ژنان دەیخەنە ملیان و میوە و بەروبومی کشتوکاڵی دەڕنن و دەیخەنە ناوی.

٢- تۆرەگە: تۆڵەگە، تۆڵەکە

پیره مامان گوتی: ئەی براکەت لەکوێیە؟

کچە گوتی: براکەم دەچێتە ڕاوو ڕاوشکار.

هەندێکی کە قسەیان کرد و پیرێژن ماڵئاوایی لەکچەکە کرد و خێرا گەڕایەوە ماڵێ و بەژنەکەی گوت: ڕێك ئەو کچ و کوڕەن کە وەختی خۆی فڕێتدانە نێو دەریاکەیەوە!

ژنەکەش ترسی لێنیشت و حەپەسا و گوتی: پیرێژن دەبێ ڕێگە چارەیێکی بدۆزینەوە.

پیرێژن گوتی: ئاسانە ئەمن سەریان بەفەتارە دەدەم و لەناویان دەبەم.

بۆ ڕۆژی دوایی، دیسان پیرێژن وەڕێ کەوتەوە و خۆی کزۆڵە و هەژار پیشان دا و بەرامپیلەکەی کردە مل و چەقۆیەکی دەست دایێ و چووە نزیك پەنجەرەکەیی و خۆی بەگیا و گوڵەوە خافلاند.

دیسان لەپەنجەرەکەیەوە لەگەڵ کچەی کەوتنەوە گفتوگۆ کردن و پیرێژن گوتی: کچم ئەتۆ بەتەنها لێرە دەمێنیەوە، زۆر ناخۆشە و کاتت ناڕوات، کچم جۆرە بوولبوولێك هەیە ناوی (شەوچرا)یە، ئەگەر بخوێنێ، ئەو قەسرە هەمووی پێکەوە دەزرینگێتەوە، دەتخاتە بارێکی سۆزداری خۆشەوە، بۆ بە براکەت ناڵێی بۆت پەیدا بکات؟

کچەکەش گوتی: داپیرە ئەو بوولبوولە لەکوێ هەیە؟ چۆنمان دەست دەکەوێ؟

پیرەژن گوتی: ئەتۆ بە براکەت بڵێ، ئەو بۆخۆی دەزانێ و دەتوانێ بۆت پەیدا بکات.

پیرێژن ماڵئاوایی کرد و ڕۆیی.

کاتێ کە براکەی هاتەوە، تەماشای کرد خوشکەکەی زۆر کز و مەلول و داماوە!

گوتی: خوشکی خۆم بۆ وا خەمبار دیاری؟ چ بووە؟ چ قەوماوە؟

خوشـکەکەی گـوتی: بـرا گیـان بەتـەنهام، کـاتم لێنـاڕوات، ئەگـەر بوولبوولی (شەوچرا)م بۆ بهێنی، ئەوا ئاوەدانییە بۆ من و کاتم دەڕوات و دڵم پێی خۆش دەبێت.

برایەکەی گوتی: ئەوە کێ پێی گوتی؟

کچە گوتی: کەس پێی نەگوتوم.

براکەی گوتی: هەر دەبێ بۆت پەیدا بکەم.

براکـەی ڕۆیـی بـۆ ئـەوەی بوولبـوولی شەوچـرای بـۆ پەیـدا بکـات، هەرچەندە دەیزانی پەیداکردنی ئەو جۆرە بوولبوولـە، زۆر ئاسـان نییـە... ڕۆیشت ڕۆیشت، لەڕێگا گەیشتە (مارئێلییە)[1] گوتی: ها کێوە دەچی؟

کوڕەکە گوتی: دەچم بوولبوولی شەوچرا بۆ خوشکەکەم دەهێنمـەوە، ئەویش ڕێنمایی کرد و پێی گوت: بێرەدا بڕۆ، دەگەیە قاقرێك[2] هـەر هەمووی دڕکە، بەڵام تۆ کە بەسەریدا ڕۆیشتی، ئاخ و ئۆفی مەکە، بڵێ ئای چـەند پێدەشـتێکی نـەرم و خۆشـە، دەڵێـی دۆشـەگی بابمـە. دواتـر دەگەیـە کارێزێـك، خـوێن و خـوزا و تفتـایی لێ دەردەچـێت و ئـاوی لێبخۆوە و بڵێ (هەر ئاوەدان بی، ئای ئاوێکی چەند شیرین و سازگار و خۆشی هەیە) هـەر دەڕۆیـت و دەچیتە نـاو قەسرێك کە حـەوت دەرگـای هەیـە، حـەوت سـاڵان لایـەکی دەرگاکـان داخـراوە و حـەوت ساڵیشـە لایەکـەی کـەیان کراوەتـەوە، ئـەتۆ ئـەوەی کراوەتـەوە، دایخـە و ئـەوەی داشـخراوە، بیکـەوە. دواتـر ئـەو قەسـرە دەبـڕی دەگەیتـە کەڵـەبابێکی

---

١- مار ئێلییە: پیاوچاکێك بووە، ئێستاش زاراوەی (مار) بەکاردێت لەنێو مەسیحییەکان بۆ پیاوانی ئاینی، ئەو پیاوانەی کە کاروباری ئایینییان بەدەستەوەیە، جا ئەو (مارئێلییـە) لەشێوەی خدری زندەیە بەکەڵکی ئەو پیاوە هاتووە و هاوکاری کردووە.چەند دێرێك هەیە پێشەوەی ناوەکە بەم شێوەیە،وەك دێری مار مەتێ لە موصل.

٢- قاقر: بیابان، پێدەشت، چۆڵەوانی

گەرەی[1] دەندووك تیژ، بەس یەك دەندووك لەسەرت بدات، هەلا هەلات دەکا و ئەو کەڵەبابە کە پاسەوانی بوولبوولەکەیە، دەبێ یەك کیلۆ لۆکە بخەیە بن کلاوەکەت؟ چونکە کاتێك کەڵەبابەکە دەندووك لەسەرت دەدات، لۆکەکە دەچێتە نێو دمی...

ئەو قسانەی مارئێلییە لەگوێی خۆی دەگرێ و دەڕوات. کاتێك دەگاتە پێدەشتە دڕکاویەکە، پێیەکانی بەخوێن دێت، بەلام خۆی ڕادەگرێت و دەڵێ: ئای چەند پێدەشتێکی خۆشە، دەڵێی دۆشەگی بابمە، دەگاتە کارێزە ئاوەکەی کە خوێن و خوزاوە و کێمی لەبەر دەڕوات مشتێك ئاوی لێفڕ دەکا، هەرچەندە زۆر ناخۆش دەبێ، بەلام بەسەر خۆی ناهێنێ و بەزەردەخەنەوە دەڵێ: ئای چەند ئاوێکی سازگار و شیرین و خۆشە، دەگاتە قەسرێك و حەوت دەرگای دوو دەری دەبێت و ئەو دەرگایانەی کراونەتەوە، دایان دەخات و دەرگا داخراوەکانیش دەکاتەوە، دواتر لە کەڵەبابەی نزیك دەبێتەوە ترس دایدەگرێ، بەلام کاتێ کە قسەی مارئێلییەی بەبیردێتەوە، ناترسێ و بەرەو ڕووی دەڕوات و کەڵشێرەکەش دەندووکێك لەسەری دەدات و هەموو لۆکەکەی دەچێتە نێو قوڕگی و دەخنکێت... بەو شێوەیە دەگاتە بوولبوولی شەوچرا و تاو دەداتە قەفەسەکەی و دەیفڕێنێت، پاسەوانەکان هاوار دەکەن کەڵەباب مەهێڵە؟! کەڵەباب لەوێ کەوتووە و خنکاوە و مردار بۆتەوە، پاسەوانەکان دەڵێن: دەرگاکان بگرن. دەرگاکان دەڵێن: شەرت بێ نایگرین، ئەوا حەوت ساڵە داخراوین ئەو پیاوە ئێمەی کردەوە، بابڕوا. کاتێك دەگاتەوە کارێزەکەی، پاسەوانەکان دەڵێن: کارێز ئەو مرۆڤەی واهات بیگرە.

---

١- گەرە: گەڕ، لاواز، کەلە

کارێز دەڵێ: نایگرم ئێوە دێن تفم لێدەکەن و پێم دەڵێن (ڕەبی کوێر ببیەوە، ئاوەکەت چەند ناخۆشە)، بەلام ئەو هات و گوتی (ئاوەکەت چەند خۆش و سازگارە)... شەرت بێ نایگرم)

بەدڕك و داری پێدەشتەکەیان گوت: بیگرن ئەوە دزێك هات بیگرن؟

دڕك و دار گوتیان: شەرت بێ نایگرین هەر کەسێك بێرە داهاتبێ جنێوی پێداوین، ئەو مرۆڤە کە بێرە داهات هێندە دڵی خۆش بوو دەیگوت ئەو شوێنە چەند نەرمە دەڵێی دۆشەگی بابمە.

بەو شێوەیە ڕای کرد و بۆی دەرچوو، خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەبایەك و بەچاونووقانێك گەیشتەوە ماڵێ و بولبوولی شەوچرای بۆ خوشکەکەی هێنا.

کە بولبوولی شەوچرا دەیچریکاند، هەموو قەسرەکە دەلەرییەوە، خوشکەکەی دڵی هێندە خۆش بوو دەیگوت: ها براله سەیرکە دەنگی چەند خۆشە!

بۆ ڕۆژی دوایی براکەی چۆوە دەرێ، پیرێژن لەدڵی خۆیدا وای دانابوو کە ئەو کوڕە سەری تێدا چووبێت، دیسان بەبیانووی تۆرەگە و کاردی و کەنگر و...تد، چووە دەوروپشتی قەسرەکە و لەپەنجەرەیەوە کچەکەی دیت و لێی پرسی: ها، بوولبوولی شەوچرای بۆ هێنای؟

کچەکەش گوتی: ئەدی دایەپیرە بۆی هێنام.

کە دیتی بوولبوولی شەوچرا دەخوێنێ، وەخت بوو لەتاوان ڕووی خۆی بڕنێت. بیرۆکەیەکی دیکەی بەبیردا هات بۆ ئەوەی وا بکات سەری براکەی تێبچێت.

گوتی: کچەکەم ئەگەر بێت و (گەلای چەپڵە لێدەر) و (سێوی هەلهەلە لێدەر)ت بۆ بهێنێت ئەوا قەت بێتاقەت نابی!

کچەکە گوتی: داپیرە ئەوانە لەکوێن؟

پیرێژن گوتی: کچی خۆم ئەوانە لەنێو ڕەزێك دان ڕەزەکەش هی (دێوی ڕەشە).

کاتێك براکەی دەگەڕێتەوە ماڵێ، دیسان خوشکەکەی زۆر بەخەمباری دەبینێت، پێی دەڵێ: خوشکم دیسان بۆ وا خەمباری، ئەوجارەیان چت دەوێت؟

خوشکەکەی دەڵێ: براڵە ئەمن (گەڵای چەپڵە لێدەر) و (سێوی هەلهەلە لێدەر)م دەوێ.

براکەشی چونکە خوشکەکەی زۆر خۆش دەویست، هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: کێ ئەو شتانەی بەتۆ گوتووە؟

خوشکەکەشی دەڵێ: کەس بەمنی نەگوتووە، ئەمن ئەوانەم دەوێ.

براکەشی سواری (ئەسپەبا)ی بۆوە، ئاوزنگی لە ئەسپی داو بەرەو ئاسمان هەڵگەڕا و ڕۆیی ڕۆیی ماوەیەکی زۆری بڕی، تا گەیشتە چیایەکی سەخت. تەماشای کرد ئەوا دێویکی زۆر گەورە وەك ئاشی ئاویێ پرخە پرخی دێت! خۆی گەیاندە (گەڵای چەپڵە لێدەر) و (سێوی هەلهەلە لێدەر)، بەڵام ترسی لەوەی بوو دەنگیان بێت و گەڵا چەپڵەی لێبدات و سێویش هەلهەلەی لێبدات. زۆر بەئەسپایی وەری گرتن و ئەسپەکەشی ئەسپەبا بوو، هەرجارەی گومبەتەی دەکرد، چەند فەرسەخێکی دەبڕی... لێی دا و ڕۆیی و هاتەوە ماڵێ، لەماڵێی دانا، گەڵای دارەکە چەپڵەی لێدەدا و سێوەکانیش یەك بەخۆیان هەلهەلەیان لێدەدا و لەو لاشەوە بوولبوولی شەوچرا پڕ بەگەرووی خۆی دەیچریکاند. خوشکەکەی زۆر دڵخۆش بوو شاگەشکە بوو، برایەکەی پێی گوت: خۆ هیچ بیانویەکت نەماوە؟

خوشکەکەشی گوتی: نا، ئێستا زۆر شادومانم.

پاش چەند ڕۆژێك پیرێژن بەبیانووی ئیشوكارەكانی خۆی دیسان هاتەوە، لەپەنجەرەیەوە سڵاوی لێ كرد و لێی پرسی: ئەرێ براكەت بۆی هێنای؟

كچەكەش گوتی: ئەرێ وەڵڵا بۆی هێنام.

پیرێژن مرومۆچ بوو، زۆر دڵی ناخۆش بوو، بیری لەوەی كردەوە شتێكی كە بكات و براكەی لەناو ببات؟ چونكە ترسی ئەوەی هەبوو ئەو كارەی كە چەند ساڵێك بەر لەئێستا كردویانە –ئەو دوو منداڵەی خستبوویانە نێو دەریاكەوە– ئاشكرا دەبێت و سەریان لەهەش[1] بچەقێت.

بۆیە پیرێژن گوتی: ڕۆڵە براكەت زۆر ئازا و جەربەزەیە، شتێكی كەت پێ دەڵێم، ئەگەر براكەت بۆت بهێنێ، ئەوا بەژیانی خۆت لەو قەسرە خۆشەی بێهێز و بێبرست نابی. پیرێژن كچەی دنە دا كە وا لەبراكەی بكات (تەشت و نیگار)ی بۆ بهێنێت، ئەو (تەشت و نیگار)ە هێند دڵخۆشكەرە، هەر دەستێكی لێبدەی، دەزرینگێتەوە و دەنگێكی خۆش و ئەفسوناوی و دڵڕفێنی لێدەردەچێت، پیرێژنەكەش ماڵئاوایی كرد و بەرەو ماڵ گەڕایەوە.

كاتێك كە برای كچەكەی گەڕایەوە ماڵێ، تەماشای كرد دیسان خوشكەكەی دڵی تەنگ بووە و خەمبارە، پێی گوت: ها خوشكی خۆم ئەوە بۆچی خەمباری؟

گوتی: برالە ئەگەر (تەشت و نیگار)م بۆ بێنی، دەزانی ئەگەر دەستی لێبدەی، دەنگێكی چەند ئەفسوناوی و خۆشی لێهەڵدەستێت، ئەمن ئەوشتەم دەوێ، دەبێ بۆم پەیدا بكەی!؟

---

١– هەش: سەر لەدەرمانی خم كردن، دەرمانەكەش زۆر جار شین بووە، بۆر جار سەر بەقوڕ بەكار دێت.

براکەی گوتی: خوشکم ئەتۆ ئەمن بە کوشت دەدەی، ئەوە کێ ئەو شتانەت پێ دەڵێ؟

خوشکەکەی هیچ وەڵامی نەدایەوە و زۆر بەخەمباری خۆی پیشان دا.

براکەی گوتی: ناچارم هەردەبێ بچم.

ئەسپەبای زین کرد و یەك دوو جار لاقی لەکەلەکەی دا و ئەسپ یەك دوو جار پڕماندی و هەستایە سەر هەردوو پێکانی و دوو سێ جار حیلاندی و بەرەو ئاسمان بەرز بۆوە تا گەیشتە بێشەڵانێکی چڕوپڕ. تەماشای کرد دێوێکی سپی تەشتەکەی کردۆتە سەرین و نووستووە، لەوێ واقی وڕدەمێنێ چی بکات چی نەکات؟

لەپڕ خدری زندەی لێ پەیدا دەبێت. (خدری زندە پیاوێکی نوورانییە و جلکێکی سپی لەبەر کردووە، ڕیشێکی درێژی هەیە) خدری زندە پێی دەڵێ: گا بەردێکی گەورە بێنە و بەئەسپایی (تەشتەکە)ی دەربێنە و گابەردەکەی بخە ژێر سەری، بەڵام زۆر ئاگادار بە، زرینگەی نەیەت، بەس زرینگەی بێت، دێوی سپی هەڵدەستێت و دەتخوات. دەبێ لەحەوت چیاش ئەودیوی بکەی، دەنگی نەیەت دەنا دێوی سپی هەڵبستێت، دەتکاتە لوقمەیەك و لەنێو کلۆرایی ددانەکانیدا ونت دەکا.

تەشتەکەی لەبن سەری دێوی سپی دەرهێنا و گابەردەکەی خستە ژێر سەری و تەشتەکەی هەڵگرت و فجوڕی[1] دایێ، دوای تێپەڕبوونی حەوت کێو، ئینجا تەشتەکە زرینگەی هات، دێوەکە هەستا، بەڵام هیچی پێ نەدەکرا، چونکە، تەشتەکە لە حەوت چیای ئەودیو ببوو.

١- فجوڕ: زیاتر بۆ ئەو بەلەوەڕانە بەکار دێت کە لەناکاو لەبن دەست و پێی مرۆڤ هەڵدەفڕن، بۆنموونە: کەو و سوێسکە و پۆڕ...

هاتـەوە لـەدەرگای مـاڵێی داو خوشـکەکەی دەرگـای بـۆ کـردەوە، کاتێـك کـە تەشـتەکەی دیـت، زۆر شـادمان بـوو... زرینگـە زرینگـی تەشتەکەی زۆر خۆش بوو.

بۆ ڕۆژی دوایی پیرێژن هات، کچەکەش هێند هۆگری ئەو پیرێژنە ببوو، چونکە تێکەڵاوی لەگەڵ کەسی کە نەبوو.

پرسی: ئەریٚ براکەت تەشتی نیگاری بۆ هێنای؟

کچەکە گوتی: ئەریٚ وەڵڵا ئەوڕۆ بۆی هێنام.

پیرێـژن گـوتی: ئـای ئەگـەر براکـەت نیگـارت بـۆ بهێنـیٚ، ئـەوا لەخۆشیان زۆر شاد دەبی؟ چونکە نیگار کچێکی زۆر جوان و قسە خۆشە. ئەگەر براکەت هات، پێی بڵیٚ بۆت بهێنیٚ.

ئەو ڕۆژەش وەك ڕۆژانی کە پیرێـژن لێی دا و ڕۆیشت. کاتێك کە براکەی لە ڕاوی گەڕایەوە، خوشکەکەی دەرگای بۆ کردەوە، تەماشای کرد ئەوە دیسان خوشکەکەی ڕەنگوڕووی گۆڕاوە و دڵتەنگ بووە، گوتی: خوشکی خۆم بۆ وات لیٚ هاتووە؟ ئەوجارەیان چت دەویٚ؟

خوشکەشـی گـوتی: برالـە ئەگـەر بێـت و نیگـارم بـۆ بهێنـی، ئـەوا بەیەکجاری دڵم خۆش دەبیٚ، پێکەوە لەماڵیٚ دەبین، نیگاریش دەبێتە ژنت، بۆتۆش باشترە.

براکەی گوتی: ئەتۆ سەرم بە فەتارەت دەدەی.

دیسـان براکـەی سـواری ئەسـپەبای بـوو و لـەئاوزەنگی دا و تێـی تەقاند، دیسان گەیشتەوە خدری زندە و خدری زندە پێی گوت: ئەوە کێوە دەچی؟

گوتی: دەچم نیگاری دەهێنم.

خـدری زینـدە گـوتی: ئـەوەیان کـارێکی ئاسـان نییـە. ئـەو هـەموو خەڵکە چووە، بەگەڵ کەس نەکەوتووە و مێردی بە کەس نەکردووە، ئەوەتانیٚ هەمووی بوونەتە بەرد، ئەو بەردانـە هـەمووی ئادەمیزادن و

هـەموو گـەنج بـوون و وەكـو تـۆ بـانگی نیگاریـان كـردووە و ئـاوڕی لێنەداونەتەوە و ئەوانیش بوون بە بەرد!!

چووە ئەو شوێنەی كە نیگاری تێدا دەژی، تەماشای كرد نیگار وا لەڕووبارێك خۆی دەشوات، بانگی كرد: نیگار؟ هیچ جوابی نەدایەوە، لەسمی ئەسپەكەی تا بن زگی ئەسپەكە بوو بە بەرد!

جاری دووەم بانگی كرد: نیگار؟

دیسـان نیگـار وەڵامـی نەدایـەوە، ئـەوجارەیان هـەموو ئەسـپەكە و تاسەرسینگی پیاوەكەش بوو بە بەرد؟!

یەك جاری مابوو بۆ بانگكردن، گوتی: نیگار؟

نیگـار وەڵامـی دایــەوە و گـوتی: وەی گیـان! دیسـان پیاوەكـە و ئەسپەكە گەڕانەوە باری ئاسایی خۆیان.

نیگار گوتی: ڕاوەستە ئەوا جلكەكانم لەبەردەكەم، ئێستا دێم.

نیگـار هـات و كـە كوڕەكـەی دیـت، دڵـی زۆر شـاد بـوو، سـەلامیان لەگـەڵ یـەكتری كـرد و نیگـار گـوتی: ئـەمن ئـەتۆم خـۆش دەوێ، گـەلێ قسـەیان لەگـەڵ یـەكتریی كـرد، بـەڵام ددان مـرواری گـوتی: ئـەو هـەموو مرۆڤە لـەو دەشـت و كێـوە بـوون بـە بـەرد، بـەزەییم پێیانـدا دێتـەوە بـۆ وات لێ كردوون؟

نیگار گوتی: ئاسانە دەتوانم بیان كەمەوە بـە مـرۆڤ، بـەڵام هـەموو داوام دەكەن!

ددان مرواری گوتی: دە ئەتۆ بیان كەوە بە مرۆڤ.

نیگار گوتی: قسەت ناشكێنم دەیان كەمەوە بەمرۆڤ.

نیگار چەنگە خۆڵێکی هەڵگرت[1] و پێی داکردن، هەموویان بوونەوە بە مرۆڤ و هەموویان دەیانگوت (نیگارمان دەوێ)... کردیانە هەراوهوریایەك، هەریەکە دەیگوت دەبێ نیگار شووم پێ بکات...

نیگار ڕووی لە ددان مرواری کرد و گوتی: پێم نەگوتی وازم لێناهێنن و داوام دەکەن؟!

ددان مرواری گوتی: جا چی دەکەی؟

نیگار گوتی: ئاسانە چەنگێ خۆڵی کەی هەڵگرتەوە و بەسەر مرۆڤەکانی داکرد و هەر هەمووی بوونەوە بە بەرد!

ددان مرواری نیگاری سواری پاشکۆی ئەسپەکەی کرد و هەر بەچوار نارە، بەنێو ئاسمان و هەور و هێڵ، هێنایەوە ماڵێ، لەبەردەرگای ماڵێ ڕاوەستان و لەدەرگای دا و خوشکەکەی درەگای کردەوە، تەماشای کرد نیگاری هێناوە، زۆر دڵخۆش بوو؟ چونکە هاودەمێکی بۆ پەیدا بوو.

براکەشی ژنی هێنا... دوای چەند ڕۆژێك پیرێژنەکە هاتەوە و دیسان بەبیانووی تۆرەگە و کاردی و گژوگیا لە بەردەم قەسرەکە سوڕایەوە و بەدیار پەنجەرەکەوە سەرەتاتکێی دەکرد، کچەکەی دیت، لێی پرسی ها براکەت نیگاری هێنا؟

کچەکەش گوتی: ئەوەتانێ.

کاتێك پیرێژن نیگاری دیت، هیچی پێ نەما، لەترسان وەك ورچی بریندار لەخۆی دەدا و بەنووکە نووك و چووکە چووك گەڕایەوە ماڵێ.

ژنەی کەتنکەر لەپیرێژنەکەی پرسی: ئەرێ چت کرد چت نەکرد؟

---

١- کاتێ کەسێکی مەسیحی دەمرێت، کە شۆڕی دەکەنەوە نێو قەبر قەشە چەنگە خۆڵێك هەڵدەگرێت و ئایەتێکی لەگەڵ دەڵێت و بەدوو سێ جار دەیپرژێنتە سەر گۆڕەکەی، ئەوەش مانای ئەوەیە کە مرۆڤ لەگڵ دروست بووە و دەبێتەوە بە گڵ.

پیرێژن گوتی: هیچم پێ نەکرا، زۆر هەوڵم دا، بەڵام هیچم بۆ نەکرا.
ڕۆژێکیان وەزیر و گزیر بەپاشایان گوت: پاشا ئەوانە لەمێژە هاتوون لێرە قەسریان دروست کردووە، دراوسێمانن بۆ ڕۆژێك بانگیان نەکەین؟

پاشاگوتی: باشە، دوو سێ کەس لەپیاوانی پاشا چوون و بانگهێشتیان کردن و ئەوانیش قبووڵیان کرد، بەڵام نیگار لەبەر ئەوەی بلیمەت بوو، خوا بەهرە و هێزێکی سەیری پێ دابوو، هەموو شتێکی دەزانی، بەمێردەکەی گوت: بچۆ لەلای دارتاشی پشیلەیەکم لەتەختەی بۆ دروست بکە!

ددان مرواری گوتی: پشیلەی تەختەت بۆ چییە؟

نیگار گوتی: دواتر پێت دەڵێم بۆ چمە.

بۆ ڕۆژی دوایی و نیوڕانەکەی، چوونە ماڵی پاشا و تەماشایان کرد ئەوا سفرەیەکی گەورە ڕاخراوە و بەجۆرەها خواردن و میوە و میوەجات ڕازاوەتەوە! هەموویان دانیشتن و بەرلەوەی دەست بکەن بەنان خواردن، هەمووی گوتیان (بەناوی خوای گەورە) نیگاریش پشیلەکەی دەرهێنا و گوتی پشیلەکە دەتۆش بڵێ بە ناوی خوا!؟

هەمووی گوتیان: ئەوە چ دەڵێی کفرت کرد، پشیلە چۆن دەبێ وابڵێ؟!

نیگار ڕووی بەرەو ڕووی پاشا سووڕاند و گوتی: ئەی پاشا، چۆن دەبێ ژنێك گوجیلە سەگی ببێت؟!

پاشا سەری سوڕما و پرسی: مەبەستت چییە؟

نیگار گوتی: چەند ساڵ لەمەو بەر ئەتۆ ژنێکت هێنا، ئەو ژنە دوومنداڵی بوو بەناوی ددان زێڕ و ددان مرواری، ژنە گەورەکەت و مامانەکەی دوو گوجیلە سەگیان هێنا و منداڵەکانیان خستە نێو ئاوی دەریا و دواتر بەوردی هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە و گوتی:

ئەوە کچەکەتە و ئەوەش کوڕەکەتە، ددان زێڕ و ددان مرواری... پاشا ئەمنیش بوکی تۆم.

ئیدی هەر هەموویان بەیەکتر شاد بوونەوە و پاشا فرمانی دەرکرد کە بڕۆن دایکی ددان زێڕ و ددان مرواری بێننەوە. بەردەستەکانی چوون هێنایان و جوان و پوختە شووشتیان و هێنایان گوتیان: ئەوە هەردوو منداڵەکانت (ددان زێڕ و ددان مرواری) ئەوەش بوکتە... زۆر گەشایەوە دلێ زۆر خۆش بوو، پاشاش فەرمانی دا دوو ئەسپ بهێنن یەکیان تینوو، یەکیان برسی، بەپێچەوانەوە ئالیك و ئاویان بۆ دابنێن.

ژنەی کەتنکەر و پیرێژنە مامانەکەی هێنا و هەردووکی لەقەپرغی ئەسپەکان بەست و هەڵیان قلیشاندن و حەیاتی ڕەشیان لێبڕا.

وەك خێزانێکی بەختەوەر ددان زێڕ و ددان مرواری بەدایك و بابی خۆیان شاد بوونەوە. بەلام لەبەر ئەوەی ئەو ژنە چەند ساڵ لەپێستەی گایدا ببوو، هێند چەرمەسەری دیبوو، پاش یەك دوو حەفتە مرد، بەلام ڕووی خۆی سپی کردەوە و بە ددان زێڕ و ددان مرواری شاد بۆوە، ئەو دوو کۆرپەی کەلە زکیدا بوون، دلی پێیان خۆش بۆوە...

# كورتەیەك لەژیانی (بەفرین عەزیز)



ناوی (بەفرین عەزیز پەترۆس)ـە. لەبنەماڵەی (كۆرە)یە و مەسیحییە. لەساڵی (١٩٥٤) لەگوندی (هەرمۆتە)ی سەر بەقەزای كۆیە لەدایك بووە، تا دووی ناوەندی خوێندووە. بەشێكی زۆری ژیانی لەهەرمۆتە بەسەر بردووە. چەند ساڵێكیش لە گەڕەكێكی شاری كۆیە ژیاوە. ئێستا لە بەڕێوەبەرایەتی كاروباری ئایینی كۆیە، فەرمانبەرە.

سەبارەت بەم كۆمەڵە حیكایەتەی كەدەیزانێ، هەمووی لەدایك و بابی خۆیەوە فێری بووە، بەتایبەتی دایكی (وەردێ كەریم) كەحیكایەتخوانێكی شارەزا بووە.

بەفرین عەزیز دەڵێ: لەمنداڵیەوە دایکم ئەم حیکایەتانەو دەیان حیکایەتی تری بۆ گێڕاومەتەوە، دەرودراوسێ و خزم و کەس لەماڵی ئێمە کۆدەبوونەوە، بەتایبەتی لەشەوانی زستانان بۆی دەگێڕاینەوە.

سەبارەت بەم حیکایەتانەش دەڵێ: دایکیشم واتە (وەردێ کەریم) هەمووی لە دایکی خۆی و خەڵکانی ترەوە فێربووە و پشت بەپشت بۆ ئێمە گواستراوەتەوە.

سەبارەت بەوەی ئایا بەزمانی کوردی یاخود بەزمانی سریانی ئەم حکایەتانەی بۆ گێڕاونەتەوە (بەفرین عەزین)، گوتی: هەموو ئەو حیکایەتانەم بەزمانی سریانی بیستووە، بەڵام ئێستا هەست ئەکەم هەندێ لەحیکایەتەکانم لەبیر چووەتەوە؟ چونکە ماوەی چەند ساڵێکە نەمگێڕاونەتەوە.

# کـورتـەیـەك لـەژیـانـی (هاوژین صلیوە)



هاوژین صلیوە عیسا، لەساڵی (١٩٧٩) لەگوندی هەرمۆتـەی سەر بەقەزای کۆیە لەدایك بووە، ساڵانێکە بەکاری توێژینەوەی ئەدەبیەوە خەریکـە و تـا ئێستا بـەدەیان لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبیی و فیکـری لـە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردووەتەوە.

ساڵی ٢٠٠٤ بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی لـەزمان و ئـەدەبی کوردیـدا بەدەست هێناوە.

ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامـەی ماسـتەری لـە ئـەدەبی کوردیـدا بەدەسـت هێناوە و ئێستاش خوێندکاری دکتۆرایە لە زانکۆی کۆیە.

- خەڵاتی یەکـەمی لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبی لـە فیسـتیڤاڵی گەلاوێـژی ٢٠١٠ وەرگرتووە.

- ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (هەنگاوی نوێ) بووە.

- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (کەکۆن)ـە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامە نووسانی کوردستانە.
- ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە.
- ئەندامی بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژە.

لە بەرهەمەکانی نووسەر:

١- لەپایزەوە بۆ بەهار (شیعر) ٢٠٠٧

٢- بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا (توێژینەوەی ئەدەبی) ٢٠٠٩